تەفسیری

پێشین

جوزئی پێنجەم

ئامادەکردنی

عثمان أحمد حاتم

ربيع الآخر ١٤٤٢

تەفسیری

پێشین

جوزئی پێنجەم

ئامادەکردنی
عثمان أحمد حاتم

ربیع الآخر ١٤٤٢

پێشەکی

قورئان کۆتا پەیامی خودایە ﷻ بۆ هەموو مرۆڤ وجن ، وپارێزراوە لە هەموو گۆڕانکارییەك ، پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانان پەیڕەوی لێبکەن ، ولە مانا ومەبەستەکانی تێبگەن بۆ ئەوەی خۆشبەختی دونیا وسەرفرازی قیامەت بە دەست بهێنن ، لەو سۆنگەیەوە تێگەیشتن لە قورئان گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە بۆ ژیانی موسڵمانان.

قورئان هاوشێوەی هیچ کتێبێکی تر نییە ، چونکە فەرموودەی خودای پەروەردگارە ، ولە قسەی مرۆڤەکان ناچێت ، وخوێندنەوەی پەرستش ویادی خودایە ، الترمذی لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك پیتێك لە کتێبەکەی خودا بخوێنێتەوە ئەوە چاکەیەکی بۆ هەیە ، وپاداشتی هەر چاکەیەکیش بە دە هێندە دەدرێتەوە ، ناڵێم : ﴿الٓمٓ﴾ پیتێکە بەڵکو : ألف پیتێکە ، ولام : پیتێکە ، ومیم پیتێکە ؛ پێویستە موسڵمانان گرنگییەکی زۆر بە خوێندنەوە وفێربوون وفێرکردنی قورئان بدەن ، چونکە بوخاری لە عثمانەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : باشترینتان ئەوانەتانن کە فێری قورئان دەبن وخەڵکیش فێردەکەن .

قورئانی پیرۆز چەند ناوێکی هەیە کە باوترینیان قورئانە خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ٣﴾(الزُّخْرُف) ، و"الكتاب" خودا دەفەرموێت : ﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَاۚ ٩٢﴾(الأَنعَام) ، و"الفرقان" ، واتە : جیاکەرەوەی ڕاستی لە پووچەڵ وناڕەوا خودا دەفەرموێت : ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ لِيَكُونَ لِلۡعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ١﴾(الفُرْقَان) ، و"الذكر" : خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ٩﴾(الحِجْر) .

بە ماوەی بیست وسیٚ ساڵ دابەزیوەتە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ کە سیازدە ساڵی لە مەککە ودە ساڵی لە مەدینە بووە ، وسی(جزء) و(سەد وچواردە) سورەتە ، وشەی (سورة) بە مانای ڕوونی وبەرز وبڵندی دێت ، یان بە مانای شورایە وەك شورای شارەکان لەبەر ئەوەی هەموو ئایەتەکانی سورەتەکە لە خۆی دەگرێت ، ووشەی (آية) مانای نیشانەیە ؛ القرطبی دەڵێت : زانایان کۆدەنگن کە هیچ وشەیەکی لێکدراوی (أعجمی) واتە : جگە لە عەرەبی لە قورئاندا نییە ، ودیسان کۆدەنگن کە هەندێك ناوی تێدایە کە عەرەبی نییە وەك (إبراهيم) ، و(نوح) ، و(لوط) ، وناکۆکن ئایا جگە لەوە هیچی تری ئەعجەمی تێدایە ؟ ، الطبری نکولی ئەوە دەکات ودەڵێت : هەر وشەیەکی تێدابێت کە هاوواتای وشەیەکی ئەعجەمی بێت ئەوە لە بابەتی ئەو وشانەیە کە زمانەکان لەسەری کۆکن وبەهەمان شێوە بەکاری دەهێنن ، ڕیزبەندی پیتەکان ووشەکان وئایەتەکانی قورئانی

پیرۆز لە لایەن پێغەمبەری خوداوە ﷺ دیاری کراوە ، دروست نییە بۆ هیچ کەسێك پاش وپێش لە پیتێك یان وشەیەك یان ئایەتێکی قورئاندا بکات ، ئەحمەد والترمذی وئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : بە عثمانی کوڕی عەفانم رضي الله عنه گوت : چی پاڵنەرتان بوو سورەتی ئەنفال کە لە سورەتە درێژەکان نییە وئایەتەکانی لە سەد ئایەت کەمترە لە ڕیزبەندی حەوت سورەتە درێژەکە دابنێن ، ولەگەڵ سورەتی تەوبە کە ئایەتەکانی لە سەد ئایەت زیاترە پێکەوە کۆیان بکەنەوە ، و﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە نێوانیاندا نەنوسن ولە دوای ئەنفالەوە داتاننناوە ؟ ، عثمان رضي الله عنه گوتی : پێغەمبەری خودا ﷺ لە کاتێکدا ئەو سورەتانەی کە ئایەتەکانی زۆر بوو ، وهەندێك لە ئایەتەکانی بۆ دادەبەزی بانگی ئەو کەسانەی دەکرد کە قورئانیان دەنووسییەوە ودەیفەرموو : ئەم ئایەتانە بخەنە نێو ئەو سورەتەی کە باسی ئەو شتە وئەو شتە دەکات ، وئەگەر ئایەتێکی بۆ دابەزیبایە دەیفەرموو : ئەم ئایەتە بخەنە نێو ئەو سورەتەی کە باسی ئەو شتە دەکات ، سورەتی ئەنفال لەو سورەتانە بوو کە لە سەرەتای کۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ مەدینە دابەزی ، وسورەتی تەوبە لە کۆتاییەکاندا دابەزی وباسەکانیان لە یەك دەچوون ، گومانم وابوو کە یەك باسن ، پێغەمبەری خودا ﷺ وەفاتی کرد وبۆی دیاری نەکردین کە یەك باسن یان جیاوازن ، لەبەر ئەوە پێکەوە کۆم کردنەوە ، و﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە نێوانیاندا نەنووسی ، ولە ڕیزبەندی حەوت سورەتە گەورەکە دامناوە .

زانایان ناکۆکن ئایە هەموو سورەتەکان پێغەمبەری خودا ﷺ ناویناون ؟ لە فەرموودەی صەحیحدا جێگیر بووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ ناوی چەند سورەتێکی هێناوە وەك الفاتحه والبقره وآل عمران والکهف وهود والواقعه والمرسلات ، هەندێك لە زانایان دەڵێن : ناوی هەموو سورەتەکان لە فەرموودە وئەسەرەکاندا هاتووە ، وناوی هەموو سورەتەکان لە سەردەمی هاوەڵانەوە باوبووە ، لەبەر ئەوە نابێت جگە لەو ناوانەی کە لە موصحەفی عثماندا رضي الله عنه هاتووە ناوی تر لە سورەتەکانی قورئان بنرێت ، وبۆچوونی دروست ئەوەیە کە ناوی هەندێك لە سورەتەکان پێغەمبەری خودا ﷺ ناوی ناون وئەوانی تر هاوەڵان ناویان ناوە ولەو سەردەمەوە بووەتە جێی کۆدەنگی هەموویان ، وسورەتەکان هەندێکی پێغەمبەری خودا ﷺ ڕیزبەندی کردووە وهەندێکی هاوەڵان دایانناوە وئەو موصحەفەی کە پێشەوا عثمان رضي الله عنه کۆی کردەوە بووەتە جێی کۆدەنگی هەموو هاوەڵان رضي الله عنهم .

ئیبن کثیر دەڵێت : ژمارەی ئایەتەکانی قورئان شەش هەزار ئایەتە ، لەوە زیاتر زانایان ناکۆکن ، هەیانە دەڵێن : لەوە زیاتر نییە ، وهەیانە دەڵێن : دووسەد وچوار ئایەتە لەوە زیاترە ، وگوتراوە : دووسەد وچواردە ، وگوتراوە : دووسەد ونۆزدە ، وگوتراوە : دووسەد وبیست وپێنج ، وگوتراوە : دووسەد وبیست وشەش ، وگوتراوە : دووسەد وسی وشەش ، ئەبوعومەری الدانی ئەوەی لە کتێبی (البیان)دا گێڕاوەتەوە .

ژمارەی وشەکانی قورئان فوضلی کوڕی شاذان لە عەتای کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : حەفتا وحەوت هەزار وچوار سەد وسی ونۆ وشەیە ؛ وژمارەی پیتەکانی عبداللەی کوڕی کثیر لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : ئێمە ژماردوومانە : سێ سەد وبیست ویەك هەزار وسەد وهەشتا پیتە ، وفوضل لە عەتای کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : سێ سەد وبیست وسێ هەزار وپازدە پیتە ، وسەلام ئەبومحمد حەمانی دەڵێت : حەجاج هەموو قورئان خوێن وئەوانەی قورئانیان لەبەر بوو وئەوانەی قورئانیان دەنووسییەوە کۆی کردنەوە وپێی گوتن : هەموو قورئان بژمێرن بزانن چەند پیتە ؟ دەڵێت : ژماردمان ، هەموویان کۆ دەنگ بوون کە سێ سەد وچل هەزار وحەوت سەد وچل پیتە.

هۆکاری ئەو جیاوازییەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێك لە زانایان (بسم الله) وپیتە پچڕاوەکان یان پێغەمبەری خودا ﷺ لە هەندێك شوێن لەسەر ئایەتێك وەستاوە بە ئایەتیان ژماردووە ، وهەندێك بۆچوونیان پێچەوانەی ئەوە بووە ، بۆیە ئەو ناکۆکییە لە سەر زیاتر لە شەش هەزار ودووسەد ئایەتەکە دروست بووە ، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە ئەو ناکۆکییە هیچ کاریگەرییەکی نییە ، چونکە هەمووان یەك دەنگن کە یەك پیت ویەك وشە لە موصحەفەکەی پێشەوا عثمان رضي الله عنه کەم وزیادی نییە ، تەنها ناکۆکیان لە شوێنی دانانی ئایەتەکان وژمارەیانە .

شایانی باسە لەم پێشەکییەدا بە کورتی ئاماژەیەك بکەم بۆ پرسێك کە زۆر جار هەندێك لە خوێنەران بەر چاویان دەکەوێت ، وماناکەی لایان ڕوون نییە ، ئەویش پرسی : حەوت

پیت وحەوت خوێندنەوەكەیە (الأحرف السبعة والقراءات السبع) ، بوخاری ومسلم لە عومەری كوڕی خەتابەوە ﵁ ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : گوێم لە هیشامی كوڕی حەكیمی كوڕی حزام بوو ﵄، سورەتی (الفرقان)ی دەخوێندەوە كۆمەڵە وشەیەكی خوێندەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ بەو شێوەیە بۆ منی نەخوێند بوویەوە ، خەریك بوو نوێژەكەی پێ ببڕم ، بەڵام ئارامم گرت هەتاكو كۆتایی پێهێنا ، یەخەییم گرت وهێنام بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ تۆ سورەتی (الفرقان)ت بۆ خوێندمەوە ، ومن گوێم لە هیشام بوو كۆمەڵە وشەیەكی دەخوێندەوە ، تۆ بۆ منت نەخوێندووەتەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بخوێنە ئەی هیشام ، قورئانی خوێندەوە بەو شێوەی كە عومەر ﵁ گوێی لێ بوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەم شێوەیە دابەزیوە ، پاشان فەرمووی : بخوێنە ئەی عومەر : خوێندمەوە ، فەرمووی : بەم شێوەیە دابەزیوە ، پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان قورئان لەسەر حەوت شێواز دابەزێنراوە ، بەو شێوەیەی دەیزانن وئاسانە بۆتان قورئان بخوێننەوە .

هەندێك لە خەڵك گومانیان وایە ئەو حەوت شێوازەی قورئانی لەسەر دابەزیوە حەوت خوێندنەوەكەیە ، وئەمەش بۆچوونێكی هەڵەیە ، ئەبوشامە دەڵێت : ئەو كەسەی گومانی وابێت حەوت شێوازەكە ، حەوت خوێندنەوەكەیە ، پێچەوانەی كۆدەنگی هەموو زانایانە ، وئەوە گومانی هەندێك لە نەفامەكانە .

ئەو حەوت جۆرە خوێندنەوەی کە زانراو وباوە لای موسڵمانان ، کە هەر جۆرێکی بە ناوی بە ناوبانگترین خوێنەری ئەو جۆرەوە ناوبانگی دەرکردووە کە بریتین لە : نافعی مەدەنی ، وئیبن کثیری مەککی ، ئەبوعەمری کوڕی عەلائی بەصری ، وئیبن عامری شامی ، وعاصم وحەمزە والکسائی کوفی ، وهەریەکە لەو قورئان خوێنانە چەند کەسێك قورئانیان لەسەر دەستیان خوێندووە ، وخاوەن ڕێگە وخوێندنەوەی تایبەتن .

القرطبی لە پێشەکی تەفسیرەکەیدا باسی ناکۆکی زانایان دەکات سەبارەت بەو حەوت شێوازە (الأحرف السبعة) ودەڵێت : زانایان ناکۆکن کە مەبەست لەو حەوت شێوازە چییە ، سی وپێنج بۆچوونیان هەیە لە بارەیەوە ، کە ئەبوحاتەمی کوڕی حبان البستی باسی کردووە ؛ بەهێزترین وپەسەندترین ونزیکترینیان لە ڕاستییەوە بریتییە لە : یەکەم : مەبەست حەوت شێوازی دەربڕینی جیاوازە بە هەمان مانا ، وەك : (أقبل ، تعال ، هلم) ئەم وشانە ئەگەرچی شێوازیان جیاوازە بەڵام هەمان مانایان هەیە ، کە ئەمە بۆچوونی زۆربەی زانایانە ، وبێگومان مەبەست ئەوە نییە کە هەموو قورئان دەتوانرێت بە حەوت شێواز بخوێندرێتەوە ، بەڵکو هەندێك وشە بە مانایەك زیاتر تا حەوت مانا وشێواز دەخوێندرێتەوە ، وپێویستە بزانرێت ئەو دروستییەی خوێندنەوەی قورئان بەو شێوازە جیاوازانە بە حەز وئارەزوو نییە ، بەڵکو دەبێت بە صەحیحی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ ڕیوایەت کرابێت ، ئیبن تەیمیە دەڵێت : موسڵمانان کۆدەنگن کە ئەو حەوت شێوازەی قورئانی لەسەر دابەزێنراوە ، دژیەك نین لە مانا ومەبەستەکانی ، بەڵکو لەوانەیە : هاومانابن یان ماناکانیان نزیك بێت لە یەکەوە ، وەك : ئیبن مەسعود رضي الله عنه دەڵێت : بێگومان وەك ئەو قسەی

هەریەکە لە ئێوەیە کە بڵێت : (أَقْبِلْ ، وَهَلُمَّ ، وَتَعَالَ) ، یان دەشێت وشەیەك هەمان مانای وشەکەی تری نەبێت ، بەڵام هەردوو ماناکە ڕاست بێت ئەمەش ناکۆکی جۆرییە نەوەك دژیەکی ؛ دووەم : حەوت زاراوە لە قورئاندا هەیە کە هەموویان زاراوەی زمانی عەرەبین ، بۆ ئاسانکاری وقورس نەبوونی خوێندنەوەی لەسەر ئوممەتی ئیسلام بەو حەوت زاراوە دابەزیوە ، وبەڵگەش بە هاوشێوەی ئەو فەرموودەیە دەهێننەوە کە مسلم لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : لە مزگەوت دانیشتبووم ، کەسێك هاتە ژوورەوە ونوێژی کرد بە شێوەیەك قورئانی خوێندەوە نکولیم لێکرد ! ، پاشان کەسێکی تر هاتە ژوورەوە بە شێوەیەکی جیاوازتر لەو کەسەکەی تر قورئانی خوێندەوە ! ، کاتێك نوێژەکەمان بەجێهێنا ، هەموومان ڕۆیشتین بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتم : ئەم کەسە بەشێوازێك قورئانی خوێندەوە نکولیم لێکرد ، وئەویتر بەشێوازێکی جیاوازتر لە خوێندنەوەی کەسی یەکەم قورئانی خوێندەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی پێکردن ، قورئانیان خوێندەوە ، وشێوازی خوێندنەوەکەیانی بەباش دانا ، گومانم بۆ دروست بوو زیاتر لەو گومانەی کە لە سەردەمی نەفامی لە ناخمدا بوو ! ، کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ بینی ئەو گومانەم بۆ دروست بووە ، دای لەسەر سنگم ، لە شەرم وترسدا هەموو گیانم ئارەقی کرد وەك ئەوەی سەیری خودا ﷻ بکەم ، پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووم : ئەی ئوبەی : سروشم بۆ کرا کە قورئان بە یەك شێواز بخوێنمەوە ، وەڵامی جبریلم ﵇ دایەوە کە بە خودا ﷻ ڕابگەیەنێت ئاسانکاری بکات بۆ ئوممەتەکەم ، گەڕایەوە بۆ لام فەرمووی : بە دوو شێواز بیخوێنەوە ، وەڵامی جبریلم ﵇ دایەوە کە بە خودا ﷻ

ڕابگەیەنێت ئاسانکاری بکات بۆ ئوممەتەکەم ، وەڵامی دامەوە لە جاری سێیەمدا : کە بە حەوت شێواز بیخوێنمەوە .

تەفسیری پێشین هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە مانای ئایەتەکانی قورئان ، بە گوزارشت ودەربڕینێکی سادە وئاسان بە زمانێکی کوردی پاراو وپەتی ، ودوور لە درێژ بڕییەك کە ببێتە هۆکاری دروست کردنی بێزاری لای خوێنەر وکورت بڕییەك کە مانا ومەبەستی پێویست نەدات بە دەستەوە ، هەڵبژاردنی ناوی پێشین بەو هیوایەیە کە هاومانای تەفسیرەکانی پێشەوایانی سەلەف بێت وهەردەم ئەو وتەیەی پێشەوا ئەحمەد بەیاد دەهێنمەوە کە دەڵێت : شتێك مەڵێ کە پێشەوایەك ئەو بۆچوونەی پەسەند نەکردبێت ؛ وئەوەش دووپات دەکەمەوە کە بیروباوەڕم بیروباوەڕی زانایانی ئەهلی سوننەت وجەماعەتە بە تایبەت لە لێکدانەوەی ناو وسیفەتەکانی خودا ﷻ (الأسماء والصفات) ، ومەنهەجم مەنهەجی پێشەواکانی سەلەفە ، ولەبەر ئەوەی هەڵە ونەزانین ولە بیرچوون لە سیفەتی مرۆڤن ، ئەو گوتەیەی پێشەوا شافعی دروشمە کە دەڵێت : باوەڕم بە خودا هەیە وبەوەی لە خوداوە هاتووە ، وبەو شێوەیەی خودا ﷻ ویستوویەتی ، وباوەڕم بە پێغەمبەری خودا ﷺ هەیە ، وبەوەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ هاتووە ، وبەو شێوەیەی پێغەمبەری خودا ﷺ ویستوویەتی ؛ هەر شتێك لەم تەفسیرەدا پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ومەنهەجی زانایانی سەلەف بێت ئەگەر لە ژیاندابم وکەسێك ئاگادارم بکاتەوە بێ چەند وچوون لێی پەشیمان دەبمەوە ، وئەگەر مردنیش یەخەی پێ گرتم داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگارم دەکەم وپەشیمانم .

کتێبخانەی کوردی هەژارە لە ڕووی سەرچاوەی تۆکمە وڕاست ودروست بۆ تێگەیشتن لە قورئان لەسەر ڕێبازی پێشینان ، زانراوە کە باشترین ڕێگا بۆ لێکدانەوەی قورئان تەفسیرکردنیەتی بە ئایەتەکانی قورئان وفەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ چونکە هەندێك جار بابەتێکی لە شوێنێکدا بە کورتی یان بە ڕەهایی یان بە گشتی باسکراوە ولە شوێنێکی تر ئەو باسە زیاتر ڕوون کراوەتەوە یان وابەستەکراوە یان تایبەت کراوە ، وهەروەها زانستی "ناسخ ومنسوخ" وهۆکاری دابەزینی ئایەتەکان ، ولێکدانەوەی هاوەڵان بە تایبەت ئیبن عەباس رضي الله عنهما چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ لە خودا بۆی پاڕاوەتەوە ونزای بۆ کردووە کە فێری لێکدانەوە وتەفسیری قورئانی بکات ، ولێکدانەوە وتەفسیری زانا گەورە وبە ناوبانگەکانی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ، چونکە دڵنیام لە تەفسیردا ئەوان هیچ بوارێکیان بۆ داهێنان وزیادە خستنە سەر بۆ دوای خۆیان نەهێشتووەتەوە ، وهەمووان پێویستمان بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی تەفسیرەکانی زانایانی سەلەف هەیە ، لەبەر ئەوە سەرچاوەی ئەم تەفسیرە هەموو ئەو شاکارانەیە کە ئەوان نووسیویانەتەوە .

لە تەفسیری پێشیندا سودی زۆرم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە ، (جامع البيان)ئیبن جەریری الطبری (٣١٠هـ) ، (تفسير القرآن العظيم مسندًا) ئیبن ئەبوحاتەمی ڕازی (٣٢٧هـ) ، (الكشف والبيان) الثعلبی (٤٢٧هـ) ، (التفسير البسيط)و(الوجيز) الواحدی (٤٦٨هـ) ، (معالم التنزيل) البغوي (٥١٦هـ) ، (زاد المسير) ئیبن الجوزی (٥٩٧هـ) ، (الجامع لأحكام القرآن) القرطبی (٦٧١هـ) ، (التسهيل لعلوم التنزيل) ئیبن جزی الكلبی

(٧٤١هـ) ، (تفسير القرآن العظيم) ئیبن كثير (٧٧٤هـ) ، (الدر المنثور) السيوطى (٩١١هـ) ، (فتح القدير) الشوكانى (١٢٥٠هـ) ، (روح المعانى) الآلوسى (١٢٧٠هـ) ، (فتح البيان) صديق حسن خان القنوجى (١٣٠٧هـ) ، (تيسير الكريم المنان) السعدى (١٣٧٦هـ) ، (أضواء البيان) الشنقيطى (١٣٩٤هـ) ، (تفسير القرآن الكريم) ئیبن عثيمين (١٤٢١هـ) ، هەروەها سودم لە هەموو کتێبەکانی شێخی ئیسلام ئیبن تيمیه (٧٢١هـ) وپێشەوا ئیبن القيم (٧٥١هـ) وەرگرتووە .

هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەکانم دیاری کردووە ، دەقی فەرموودەکانم بە عەرەبی نەهێناوە لەبەر ئەوەی زۆر درێژ نەبێتەوە ، وزۆرجاریش تەنها شوێنی مەبەستم هێناوە ، وفەرموودە ئەگەر بوخاری ومسلم یان یەکێکیان ڕیوایەتیان کردبێت کەسی ترم لە فەرموودەناس لەگەڵ باس نەکردوون بۆ سودێك نەبێت کە لە ڕیوایەتی جگە لە بوخاری ومسلمدا هاتبێت ، وبۆ فەرموودەکانی تر پشتم بەستووە بە کتێبەکانی ئەلبانی وئیبن حەجەر وئیبن کثیر والذهبی والشوکانی وئەحمەد شاکر ومقبل الوادعی ، ئەگەر فەرموودەیەك قسەی ئەو فەرموودەناسانە لێکۆڵەرانەم دەست نەکەوتبێت لەسەری ناوم نەهێناون کە ئەمە زۆر بەکەمی دەبینرێت وبۆسود ومەبەستێك وزیاتر تێگەیشتنە لە مانای ئایەتەکە هێناومە ، وبۆ ناوی خودای پەروەردگار لە هەر شوێنێکدا ماناکانی بخوازێت یان لە دەقی وەرگێڕاودا هاتبێت (جل جلاله ، سبحانه وتعالى ، عز وجل) نوسیووە ، بۆ ناوی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) نوسیووە ، وبۆناوی پێغەمبەرانی تر عليه السلام یان عليهم السلام نوسیووە ، بۆ هاوەڵان (رضي الله عنه ، رضي الله عنها ، رضي الله عنهما ، رضي الله عنهم) نوسیووە ، وبۆ زانایان (رحمه الله)م بەکار نەهێناوە لەبەر زۆر

دووبارەبوونەوەی ناوەکانیان ، وکاتێك دەڵێم فلانە زانا وادەڵێت ناوی سەرچاوەکەم نەنوسیووە وەك زانایانی پێشین ، چونکە دیاری کردنی سەرچاوە ونۆرەی چاپ وژمارەی لاپەڕە لەم سەردەمانەی دواییدا دایان هێناوە وشێوازێکی ئەکادیمییە ، وئەوەش لەبەر ترسی دزی زانستییە "السرقة العلمية" ، ومەرج نییە دەقاودەق قسەکەیم هێنابێت بەڵکو مانا ومەبەستەکەم نوسیووە ، چونکە ئەگەر دروست بێت لێکدانەوەی مانای ئایەتەکانی قورئان بکرێت یان بە مانا فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ بگێڕدرێتەوە ، بێگومان دروستە بە مانا قسەی زانایان وەربگێڕدرێت ، وئەگەر لە شوێنێکدا مانای قسەی زانایەکم نوسیبێت ودەستکاری زۆرم کردبێت نەمداوەتە پاڵ زاناکە ، وبۆ لێکدانەوەی ناو وسیفەتەکانی خودا ﷻ سودم لە کتێبەکانی زانستی بیروباوەڕ بە تایبەت کتێبەکانی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە وپێشەوا ئیبن عثیمین وەرگرتووە ، وبۆ حوکمە فیقهییەکان وابەستەی هیچ مەزهەبێك نابم بەڵکو بەرێزەوە دەروانمە ئیجتیهاد وڕای زانایان وپێشەواکانی سوننەت وهەر وتە وبۆچوونێك پێچەوانەی سوننەتی صەحیح بێت وەرینا گرم .


عثمان أحمد حاتم

باشوری کوردستان ـ گەرمیان ـ کەلار

٩/شوال/١٤٤١ك

٢٠٢٠/٦/١

﴿وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۖ كِتَٰبَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمۡ أَن تَبۡتَغُواْ بِأَمۡوَٰلِكُم مُّحۡصِنِينَ غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَۚ فَمَا ٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِهِۦ مِنۡهُنَّ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةٗۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ فِيمَا تَرَٰضَيۡتُم بِهِۦ مِنۢ بَعۡدِ ٱلۡفَرِيضَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا ﴿٢٤﴾﴾ وهەروەها حەرامە لەسەرتان هەموو ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان هەیە جگە لەو کەنیزەکانەی


الجزء الخامس سورة النساء

وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۖ كِتَابَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَٰلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ ۚ فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُمْ بِهِ مِنْ بَعْدِ الْفَرِيضَةِ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٢٤﴾ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلًا أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ۚ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُمْ ۚ بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ ۚ فَانْكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ وَلَا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ ۚ فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ ۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِيَ الْعَنَتَ مِنْكُمْ ۚ وَأَنْ تَصْبِرُوا خَيْرٌ لَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿٢٥﴾ يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦﴾

٨٢

بوونەتە موڵکتان ، خودا ئەوەی فەرز وپێویست کردووە لەسەرتان ، جگە لەوانە حەڵاڵ کراوە بۆتان بە سامانەکانتان ئافرەتانی تر مارە بکەن ، بۆ ئەوەی داوێن پاکبن ودووربن لە بەدڕەوشتی ، ئەگەر لەگەڵ هەر ئافرەتێك هاوسەرگیریتان کرد وچێژتان لێبردن مارەییەکەیان بدەنێ ئەوە فەرزە وپێویست کراوە ، تاوانتان ناگات ئەگەر لە دوای دیاری کردنی مارەیی خۆتان ڕێککەوتن بە کەم وزیادکردنی ، بێگومان خودا زانا ودانای کار لەجێیە .

﴿ٱلۡمُحۡصَنَٰتُ﴾ بە چەند مانایەك لە قورئاندا هاتووە : بە مانای ئەو ئافرەتانەیە کە مێردیان هەیە وەك ئەم ئایەتە ، وبەمانای ئافرەتانی ئازاد وەك دەفەرموێت : ﴿وَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ مِنكُمۡ طَوۡلًا أَن يَنكِحَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُم مِّن

﴿فَتَيَـٰتِكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَـٰتِۚ ٢٥﴾ ، وبە مانای ئافرەتی داوێن پاك وەك دەفەرموێت : ﴿وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَـٰتِ ٤﴾(النُّور) ، ﴿وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمۡ﴾ ئەم حەلاڵ كردنە ئەگەرچی بە شێوەیەكی گشتی هاتووە بەڵام بە سوننەت تایبەت كراوە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئافرەتێك وپورەكەی "جا خوشكی باوكی بێت یان خوشكی دایكی" پێكەوە كۆمەكەنەوە ومارەیان مەكەن ؛ ئیبن كثیر دەڵێت : ﴿فَمَا ٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِهِۦ مِنۡهُنَّ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةٗۚ﴾ گشتگیری ئایەتەكە كراوەتە بەڵگە لەسەر مارەكردنی كاتی "المتعة" وگومانی تێدا نییە كە لە سەرەتای ئیسلامدا دروست بووە وپاشان نەسخ كراوەتەوە ، بوخاری ومسلم لە عەلی كوڕی ئەبوتالبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ لە ڕۆژی خەیبەردا یاساغی كرد لە مارەكردنی كاتی "المتعة" وخواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی ؛ ومسلم لە سەبرەی كوڕی مەعبدی الجهنی رضي الله عنه ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ غەزای فەتحی مەككەمان كرد فەرمووی : من پێشتر ڕوخسەتم پێدابوون بە مارەكردنی ئافرەتان بە شێوەی كاتی ، وبێگومان خودا ئەوەی حەرام كردووە هەتاكو ڕۆژی قیامەت ، هەركەسێك ئافرەتی بەو گرێبەستە لەگەڵدایە دەستبەرداریان بێت ، وهیچیان لێ وەرمەگرنەوە لەوەی پێتانداون ؛ وئیبن حبان والدارقطنی والبیهقی لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : مارەكردنی كاتی "المتعة" حەرام كرا یان هەڵوەشایەوە بە مارەكردن وتەڵاقدان وعیدە ومیرات ؛ ومسلم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ لە ڕۆژی حونەین سوپایەكی نارد بۆ ئەوتاس ، وڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە ولەگەڵیان بەشەڕهاتن ،


وسەرکەوتن بەسەریاندا وئافرەتیان لیّ بەدیل گرتن ، هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ ترسان تاوانباربن ئەگەر جووتبن لەگەڵیاندا لەبەر ئەوەی مێردیان هەبوو ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۖ﴾ واتە : حەلاڵە بۆتان ئەگەر عیدەکەیان تەواو بوو ؛ کەنیزەك ئەگەر کچ بوو عیدەی نییە ، بەلاّم ئەگەر ژن بوو : منداڵ لە سکیدا بوو تەواو بوونی عیدەکەی لە دایکبوونی منداڵەکەیەتی ، وئەگەر لە حەیزدا بوو تەواوبوونی عیدەکەی بە پاك بوونەوەیەتی ، وئەگەر لە حەیزدا نەبوو دەبێت بکەوێتەوە حەیزەوە وپاك ببێتەوە لەبەر دڵنیا بوون لەوەی کە منداڵی کەسیتر لە سکیدا نییە ، ئەحمەد وئەبوداود لە ئەبوسەعیدەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەی کەنیزەکەکانی ئەوتاس فەرمووی : ئەوەی سکپڕە جووت بوون ناکرێت لەگەڵیدا هەتاکو منداڵەکەی لە دایك دەبێت ، وهەروەها گەر سکی پڕنەبوو جووت بوون ناکرێت لەگەڵیدا هەتاکو نەکەوێتە حەیزەوە وپاك نەبێتەوە ؛ وبوخاری بە موعەلەقی لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئیبن حەجەر وئەلبانی بە صەحیحیان داناوە ، دەڵێت : ئەگەر کەنیزەکت بەخشی وتوانای جووتبوونی هەبێت ، یان فرۆشتت یان ئازادت کرد ، با یەك حەیز چاوەڕوان بکرێت ، وئەگەر کچ بوو عیدەی نییە .

﴿وَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ مِنكُمۡ طَوۡلًا أَن يَنكِحَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۚ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِإِيمَٰنِكُمۚ بَعۡضُكُم مِّنۢ بَعۡضٖۚ فَٱنكِحُوهُنَّ بِإِذۡنِ أَهۡلِهِنَّ وَءَاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِ مُحۡصَنَٰتٍ غَيۡرَ مُسَٰفِحَٰتٖ وَلَا مُتَّخِذَٰتِ أَخۡدَانٖۚ فَإِذَآ أُحۡصِنَّ فَإِنۡ أَتَيۡنَ بِفَٰحِشَةٖ فَعَلَيۡهِنَّ نِصۡفُ مَا عَلَى

ٱلْمُحْصَنَٰتِ مِنَ ٱلْعَذَابِ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ ٱلْعَنَتَ مِنكُمْ وَأَن تَصْبِرُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٥﴾ هەرکەسێك لە ئێوە بە هۆی هەژاری ونەدارییەوە نەیتوانی ئافرەتە ئازادە باوەڕدارەکان مارە بکات ، با لەو ئافرەتە کەنیزەکە باوەڕدارانە مارە بکات کە بوونەتە خاوەنیان وبەردەستانن ، وخودا زانایە بە باوەڕتان ، وهەمووتان لە ئادەمن ، مارەیان بکەن بە ڕوخسەتی خاوەنەکانیان ومارەییان بە شێوەیەکی باو وپەسەند پێبدەن ، ئەو کەنیزەکانە پێویستە داوێن پاکبن ودووربن لە بەدڕەوشتی ودۆستگرتن بە پەنهان ، ئەگەر مێردیان کرد وداوێن پیسییان کرد ئەوە نیوەی ئەو سزایەیان لەسەرە کە لەسەر ئافرەتە ئازادەکانە ئەگەر داوێن پیسی بکەن ، ئەوە بۆ ئەو کەسانەتانە بترسن تووشی زینابن ونارەحەتبن ونەتوانن ئارام بگرن ، وئەگەر ئارام بگرن باشترە بۆتان ، وخودا لێخۆشبوو وپۆشەری تاوان وبە ڕەحم وبەزەییە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو پەیوەندیەی کە پێش مارەکردنی ئافرەت لە نێوان کچ وکوڕ دروست دەبێت وئێستا زۆر پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت بە ناوی خۆشەویستی ولەیەك تێگەیشتنەوە پێش مارەکردن کارێکی حەرامە ، وپێچەوانەی شەریعەتە وخودا ﷻ یاساغی کردووە ، وسەردەکێشێت بۆ بەدڕەوشتی وزینا ولێك ترازانی کۆمەڵگە وبڵاوبوونەوەی خووڕەوشتی بێباوەڕان وتەشەنەکردنی دابونەریتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە هەموو خووڕەوشتێك دارنراون ، ئەگەر کەنیزەك زینا بکات ومێردیشی کردبێت ڕەجم ناکرێت بەڵکو پەنجا قامچی لێدەدرێت ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر کەنیزەکی یەکێك لە ئێوە زینای کرد وئاشکرا بوو وسەلما حەدی لێبدەن ، ولۆمە وسەرزەنشتی مەکەن ،

ئەگەر جارێکی تر زینای کرد وئاشکرا بوو وسەلما حەدی لێبدەن ، ولۆمە وسەرزەنشتی مەکەن ، ئەگەر جاری سێیەم زینای کرد وئاشکرا بوو بابیفرۆشێت ئەگەر بە گوریسێکیش بێت ؛ وکەنیزەك ئەگەر زینای کرد ومێردی کردبێت یان کچ بێت تەنها حەدی لەسەرە ، مسلم لە عەلییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە : وتاری بۆ خەڵك خوێندەوە گوتی : ئەی خەڵکینە حەد لە کەنیزەکەکانتان بدەن ئەگەر زینایان کرد هاوسەرگیرییان کردبێت یان کچبن ، چونکە کەنیزەکێکی پێغەمبەری خودا ﷺ زینای کرد فەرمانی پێکردم حەدی لێبدەم ، بینیم تازە منداڵی بووە ، ترسام حەدی لێبدەم بمرێت ، ئەوەم باسکرد بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : باشت کرد وازی لێبهێنە هەتاکو باش دەبێتەوە ؛ النووی دەڵێت : ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەفەرموێت : ﴿فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَٰحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى ٱلْمُحْصَنَٰتِ مِنَ ٱلْعَذَابِ﴾ ، بە ئایەتەکە وفەرموودە ڕوون دەبێتەوە کە کەنیزەك مێردی کردبێت یان مێردی نەکردبێت حەدی لێدەدرێت ، پاشان دەڵێت : ئەگەر گوترا : حیکمەت چییە لەو وابەستەکردنە کە خودا دەفەرموێت : ﴿فَإِذَآ أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَٰحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى ٱلْمُحْصَنَٰتِ مِنَ ٱلْعَذَابِ﴾ ئەگەر نیوەی ئەو سزایەی لەسەر بێت کە لەسەر ئافرەتێکی ئازادە کە مێردی کرد بێت یان کچ بێت ؟ وەڵامەکەی ئەوەیە : ئایەتەکە ئاگاداری موسڵمانان دەکاتەوە کە کەنیزەك ئەگەر مێردیشی کردبێت تەنها نیوەی حەدی ئافرەتێکی ئازادی لەسەرە ، بەڵام ڕەجم کردن بەش ناکرێت کەواتە نیوەی حەدی لێدەدرێت کە پەنجا قامچیە ؛ وزانایان ناکۆکن ئایا کەنیزەك وبەندە کە زینا بکەن نەفی دەکرێن ولەو شارە ودوور دەخرێنەوە ؟ لەو بارەیەوە سێ بۆچوونیان هەیە ؛ وجمهوری زانایان ئەم ئایەتەیان کردووەتە بەڵگە ودەڵێن : مارەکردنی کەنیزەك بۆ کەسێك حەڵاڵە کە هەژار ودەست کورت بێت وبترسێت تووشی


الجُزْءُ الخَامِسُ سُورَةُ النِّسَاءِ

وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيۡكُمۡ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ
ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُواْ مَيۡلًا عَظِيمٗا ٢٧ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ
عَنكُمۡۚ وَخُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ ضَعِيفٗا ٢٨ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
لَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ
تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٖ مِّنكُمۡۚ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡۚ إِنَّ
ٱللَّهَ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا ٢٩ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ عُدۡوَٰنٗا
وَظُلۡمٗا فَسَوۡفَ نُصۡلِيهِ نَارٗاۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ
يَسِيرًا ٣٠ إِن تَجۡتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنۡهَوۡنَ عَنۡهُ نُكَفِّرۡ
عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَنُدۡخِلۡكُم مُّدۡخَلٗا كَرِيمٗا ٣١
وَلَا تَتَمَنَّوۡاْ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ لِّلرِّجَالِ
نَصِيبٞ مِّمَّا ٱكۡتَسَبُواْۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٞ مِّمَّا ٱكۡتَسَبۡنَۚ
وَسۡـَٔلُواْ ٱللَّهَ مِن فَضۡلِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيۡءٍ
عَلِيمٗا ٣٢ وَلِكُلّٖ جَعَلۡنَا مَوَٰلِيَ مِمَّا تَرَكَ ٱلۡوَٰلِدَانِ
وَٱلۡأَقۡرَبُونَۚ وَٱلَّذِينَ عَقَدَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡ فَـَٔاتُوهُمۡ
نَصِيبَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدًا ٣٣

٨٣

زینا وناڕەحەتی بێت بە هۆی مارەنەکردنی کەنیزەکەوە ، وکارێکی شایستەش نییە ئەگەر کەسێك بتوانێت ئازادێك بخوازێت ، بەڵام ئەوە نەکات وبچێت کەنیزەك بخوازێت ، چونکە منداڵەکانی دەبنە کۆیلە ؛ وباشتروایە ئارام بگرێت وکەنیزەك نەخوازێت ، ئەگەرچی دروستیشە بۆی چونکە دەفەرموێت : ﴿وَأَن تَصۡبِرُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡۗ﴾ .

﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمۡ وَيَهۡدِيَكُمۡ سُنَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَيَتُوبَ عَلَيۡكُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٢٦﴾ خودا دەیەوێت حەڵاڵ وحەرام وڕەوا وناڕەواتان بۆ ڕوون بکاتەوە ، وهیدایەتتان بدات بۆ سوننەتی ئوممەتەکانی پێش خۆتان ولێتان ببووڕێت ولە تاوانەکانتان خۆش بێت ، وخودا زانا ودانای کار لەجێیە .

﴿وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيۡكُمۡ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُواْ مَيۡلًا عَظِيمٗا ٢٧﴾ وخودا دەیەوێت لێتان ببووڕێت ولە تاوانەکانتان خۆش بێت ، وئەو کەسانەی شوێن هەوەس وئارەزووەکان کەوتوون دەیانەوێت لابدەن ولە خشتەتان بەن وستەم کاربن ستەمکاری ولادانێکی گەورە ، وگوێڕایەڵی خودا نەکەن .

ئەم ئایەتە دووپات کردنەوەی ئەوەیە کە خودا ﷻ تەوبەی بەندەکانی قەبوڵ دەکات ولێیان خۆش دەبێت ولە تاوانەکانیان دەبورێت ، الطبری دەڵێت : مەبەستی پەروەردگار ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ لای خودا وپەشیمان ببنەوە ، ئەوەی لە ڕابردوو لە سەردەمی نەفامیدا ئەنجامتانداوە لێتان خۆش دەبێت ودەتان بورێت ، لە حەڵاڵ کردنی ئەوەی حەرام بووە لەسەرتان ، وەك مارەکردنی باوەژن وبوکەکانتان ، جگە لەوانەش ئەوەی کە حەڵاڵتان دەکرد وئەنجامتان دەدا ، کە دروست نەبوو بۆتان لەبەر ئەوەی سەرپێچی فەرمانی خودا بوون ، بەڵام هەوەسبازەکان ، ئەوانەی چێژی دونیایان دەوێت حەزدەکەن لە فەرمانی خودا لابدەن وسەرپێچی بکەن وسنورەکانی خودا ببەزێنن وزۆر ستەمکار ولادەربن .

﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْۚ وَخُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ ضَعِيفًا ۝٢٨﴾ خودا دەیەوێت ئەرکتان لەسەر سووك بکات ، ومرۆڤ بە لاوازی دروست کراوە .

هەندێك لە زانایان دەڵێن : ئەو لاوازییە مانای لاوازییە بەرامبەر ئافرەتان ، وسوپاس وستایشی بێ پایانی خودا دەکەین کە ئاینەکەی بۆ ئاسان کردووین وهیچ کار وفەرمانێکی ئاینی نییە بە دەربێت لە توانای مرۆڤ ، خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ ۝٧٨﴾(الحَجّ) ، وبوخاری لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پرسیار کرا لە پێغەمبەری خودا ﷺ کام کردار خۆشەویسترین کردارە بە لای خوداوە ﷻ ، فەرمووی : ئەو کردارەی بەندە بەردەوام بێت لەسەری ئەگەرچی کەمیش بێت ، وفەرمووی : کردەوەیەك ئەنجام بدەن کە لە تواناتاندایە .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً

﴿عَن تَرَاضٍ مِّنكُمۡۚ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا ٢٩﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە سامان ودارایی یەکتر لە نێوان خۆتاندا بە ناڕەوا مەخۆن ، مەگەر بە بازرگانی وکڕین وفرۆشتن وبە ڕەزامەندی بێت لە نێوانتاندا ، وخۆتان مەکوژن ، بێگومان خودا دلۆڤان وبە بەزەییە بۆتان .

یەکێك لەو شتانەی کە ئیسلام هاتووە بۆ پاراستنی سامان ودارایی خەڵکە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوبەکرە نەفیعی کوڕی حارثەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ لە وتاری ڕۆژی جەژنی قوربانددا لە مینا لە ڕۆژی حەجی ماڵئاواییدا فەرمووی : بێگومان خوێن وسامان وکەسایەتیتان حەرامە لەسەرتان وەك حەرامی ئەم ڕۆژە وئەم مانگە وئەم شارە ، ئایا پەیامەکەی خودام گەیاند ؟ ؛ وبوارەکانی خواردنی سامان ودارایی خەڵك زۆرن وەك : سوو وفێڵ ودزی وقومار وهەر کڕین وفرۆشتن وبازرگانییەك کە شەرع ڕێگای پێ نەدابێت خواردنی ماڵی خەڵکە بە ناڕەوا ، وئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە بازرگانی وکڕین وفرۆشتن ڕێگە پێدراوە ودروستە ، الدارقطنی لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خواردنی سامان ودارایی هیچ موسڵمانێك حەڵاڵ نییە بە ڕەزامەندی خۆی نەبێت ؛ وخۆکوشتن تاوانێکی زۆر گەورەیە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس چەقۆیەك بکات بە سکی خۆیدا وخۆی بکوژێت ئەو چەقۆیە بەدەستیەوەیە لە نێو ئاگری دۆزەخدا ودەیکات بە سکی خۆیدا وبە هەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە ، وهەرکەس بە ژەهر خواردنەوە خۆی بکوژێت ، ئەو ژەهرە بە دەستیەوەیە ولە نێو ئاگری دۆزەخدا لێی دەخواتەوە وبە هەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە ، وهەرکەس لە شاخێك خۆی

فڕێیداتە خوارەوە وخۆی بکوژێت لە نێو ئاگری دۆزەخدا فڕێ دەدرێتە خوارەوە وبە هەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە ؛ لە مەزهەبی ئەهلی سوننەتدا تاوان چەندە گەورەش بێت موسڵمان کافر ناکەن جگە لە شیرك وهاوبەش بۆ خودا بڕیاردان نەبێت ، بەڵام ئەوەی لەم فەرموودەیە دەفەرموێت : بە هەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە زانایان دوو لێکدانەوەیان بۆ کردووە : یان ئەوەیە ئەو تاوانەی بە حەڵاڵ زانیوە ، یان ئەو هەمیشە مانەوەیە مەبەست مانەوەیە بۆماوەیەکی زۆر پاشان بە هۆی یەکتاپەرستییەکەیەوە لە دۆزەخ دەردەچێت ، وئایەتەکە مانای ئەوەش دەگەیەنێت کەس بە ناڕەوا مەکوژن ، چونکە موسڵمانان هەموویان وەك یەك لاشەن کاتێك دەفەرموێت : خۆتان مەکوژن مانای ئەوەیە یەکتر مەکوژن ؛ ئەحمەد وئەبوداود لە عەمری کوڕی عاصەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ ساڵی غەزای "ذات السلاسل" فەرمانی بە دەرچوون پێکردم ، لە شەوێکی زۆر ساردا تووشی لەشگرانی بووم ، ترسام ئەگەر خۆم بشۆم تیابچم ، تەیەموممم کرد ونوێژی بەیانیم بە هاوەڵەکانم کرد ، کاتێك گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوەم بۆ گێڕایەوە ، فەرمووی : ئەی عەمر نوێژت بە هاوەڵەکانت کرد لە کاتێکدا لەشتگران بوو ؟! گوتم : بەڵی ئەی پێغەمبەری خودا ، لە شەوێکی زۆر سارددا لەشگران بووم وترسام خۆم بشۆم تیابچم ، وئەو فەرموودەیەی خودام بیرکەوتەوە کە دەفەرموێت : ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمٗا﴾ ، تەیەموممم کرد پاشان نوێژم کرد ، پێغەمبەری خودا ﷺ پێکەنی وهیچی نەفەرموو .

﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ عُدْوَٰنٗا وَظُلْمٗا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارٗاۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ٣٠﴾ وهەرکەس ئەو کارانە بکات سامانی خەڵك بە ناڕەوا بخوات ، یان خۆی بکوژێت

یان خەڵك بكوژێت ، ئەوە بەزاندنی سنوری خەڵك ودەست درێژی وستەمكارییە لە نەفسی خۆی ، لە ئاگری دۆزەخدا دەیسوتێنین ، ئەوەش بە لای خودا زۆر ئاسانە .

﴿إِن تَجۡتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنۡهَوۡنَ عَنۡهُ نُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَنُدۡخِلۡكُم مُّدۡخَلٗا كَرِيمٗا ﴿٣١﴾﴾ ئەگەر لە گوناهە گەورەكان بە دووربن وتوخنیان نەكەون ، تاوانە بچووكەكانتان دەپۆشین ولێتان خۆش دەبین ، ولە قیامەتدا دەتانخەینە جێگایەكی پڕ ڕێز وخۆشی كە بەهەشتی نەبڕاوەیە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە كە مەرجە بۆ لێخۆشبوونی تاوانە بچووكەكان پێویستە موسڵمان لە تاوانە گەورەكان بە دوور بێت ، ئەگەرنا لە ژێر ویستی پەروەردگاردایە بیەوێت دەیبەخشێت یان بیەوێت سزای دەدات ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پێنج نوێژە فەرزەكە ، ونوێژی هەینی بۆ نوێژی هەینی ، ومانگی ڕەمەزان بۆ مانگی ڕەمەزان ، دەبنە كەفارەتی تاوانە بچووكەكان بەو مەرجەی دوور بێت لە تاوانی گەورە وتوخنیان نەكەوێت ؛ تاوانە گەورەكان هەموو ئەو تاوانانەیە كە حەددێكی بۆ دیاری كرا بێت لە دونیا ، یان هەڕەشە كرابێت لە خاوەنەكەی لە ڕۆژی قیامەت ، یان نەفی باوەڕكرابێت لەو كەسەی ئەنجامی دەدات ، یان نەفرەت لە ئەنجامدەرەكەی كرابێت ، یان تووڕەی وخەشم وڕقی خودا لەسەر ئەنجامدەرەكەی پەیوەست كرابێت ؛ لە مەزهەبی ئەهلی سوننەت وجەماعەتدا موسڵمان بە هۆی تاوانەوە چەندە گەورەش بێت جگە لە هاوبەش بۆ خودا بڕیاردان لە بازنەی ئاینی ئیسلام ناكەنە دەرەوە ، ودەڵێن : باوەڕی تەواو نییە ، باوەڕدارە بە هۆی باوەڕەكەیەوە وفاسق ولاڕێیە بە هۆی ئەو تاوانە گەورەوە كە ئەنجامی داوە ، بە پێچەوانەی لاڕێ وگومڕاكان لە سەرووی

هەموویانەوە خەوارجەکان کە بە تاوانی گەورە موسڵمان کافردەکەن ودەڵێن : هەرکەس تاوانی گەورەی ئەنجامدا لە دۆزەخدا بە هەتاهەتایی دەمێنێتەوە ، بەڵام ئەهلی سوننەت دەڵێن : ئەگەر کەسێك بە تاوانی گەورەوە بمرێت جگە لە هاوبەش بڕیاردان وتەوبەشی لە تاوانەکانی نەکردبێت لە ژێر ویستی پەروەردگاردایە ئەگەر بیەوێت سزای دەدات ، یان بیەوێت لێی خۆش دەبێت ودەیبورێت ، بەڵام بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا نامێنێتەوە بە هۆی یەکتاپەرستییەکەیەوە ، ئەحمەد وئیبن حبان لە عەوفی کوڕی مالکی ئەشجەعییەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : من ئەوەی لێرە ئامادەیە بە شاهید دەگرم کە شەفاعەت دەکەم بۆ هەرکەسێك لە ئوممەتەکەم کە بمرێت وهاوبەشی بۆ خودا بڕیار نەدابێت ؛ والطبرانی لە ئیبن عومەرەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ئێمە خۆمان بە دوور دەگرت لەوەی داوای لێخۆش بوون بۆ خاوەن تاوانە گەورەکان بکەین ، هەتاکو بیستمان پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان خودا خۆش نابێت لە هەر کەسێك کە هاوبەشی بۆ بڕیاربدات ، وخۆش دەبێت لە جگە لەوە بۆ هەرکەس بیەوێت ، وفەرمووی : من پاڕانەوەکەم هەڵگرتووە لە ڕۆژی قیامەتدا دەپاڕێمەوە وشەفاعەت دەکەم بۆ خاوەن تاوانەگەورەکانی ئوممەتەکەم ، ئیدی بۆیان پاڕاینەوە وزۆرێك لەوەی لە نەفسماندابوو بەرامبەریان وازمان لێ هێنا ، وهیوا وئومێدمان وابوو خودا ﷻ لە خاوەن تاوانە گەورەکان خۆش بێت .

﴿وَلَا تَتَمَنَّوْاْ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٞ مِّمَّا ٱكۡتَسَبُواْۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٞ مِّمَّا ٱكۡتَسَبۡنَۚ وَسۡـَٔلُواْ ٱللَّهَ مِن فَضۡلِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيۡءٍ

عَلِيمًا ﴿٣٢﴾ ئاواتەخواز مەبن وچاو مەبڕنە ئەو فەزڵ ونیعمەتانەی خودا بەخشیوییەتی بە هەندێکتان وبەوانی تری نەبەخشیوە ، پیاوان پاداشتی ئەو کردەوانە وەردەگرنەوە کە ئەنجامیانداوە ، وئافرەتان پاداشتی ئەو کردەوانە وەردەگرنەوە کە ئەنجامیانداوە ، ولە خودا بپاڕێنەوە وداوای فەزڵی لێ بکەن ، بێگومان خودا بە هەموو شتێك زانایە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر حەرامی ئیرەیی "حەسودی" بردن بە یەکتر ، وبەڵگەی ئەوەی تێدایە حەرامە کەسێك ئاواتە خوازبێت بە سامان ودارایی وفەزڵێك کە خودا بە کەسێکی بەخشیوە خودا لێی وەربگرێتەوە وبە خۆی ببەخشێت ، بەڵام ئەگەر داوا لە خودا بکات وبپاڕێتەوە کە چۆن بە فلانت بەخشیوە لە فەزڵی خۆت بە منیش ببەخشە ئاساییە ؛ بوخاری ومسلم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : حەسودی دروست نییە لە دوو حاڵەتدا نەبێت ، پیاوێك خودا قورئانی پێبەخشی بێت وشەو ورۆژ لە نوێژدا بیخوێنێت ، وپیاوێك خودا سامان ودارایی پێبەخشی بێت ولە شەو ورۆژدا بیبەخشێت ؛ دیارە حەسودی لە بنەڕەتدا مانای هیوا خواستنە بە تیاچوونی سامان ودارایی ونیعمەتی کەسی بەرامبەر بەڵام لەم فەرموودەیە بە مانای خۆزگە خواستنە بەوەی خودایە پێم ببەخشە بەڵکو منیش وەك ئەو خاوەن قورئان وخاوەن سامانە بیخوێنم وبیبەخشم ؛ وبەڵگەشە کە لە دادگەری خودایە سبحانه وتعالى فەزڵی هەندێکی داوە بەسەر هەندێکی تردا ، وپیاو وژن دوو ڕەگەزی جیاوازن وهەریەکەیان کۆمەڵە ئەرك وفەرمانێك ڕادەپەڕێنن کە تایبەتە بە خۆیان ئەگەرچی لە زۆربەی حوکمەکاندا وەك یەکن ، ئەحمەد وئەبوداود والترمذی لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان ئافرەتان خوشك وهاوتای پیاوانن ، الترمذی لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی


کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئوم سەلەمەی دایکی باوەڕداران ﵂ گوتی : پیاوان غەزا دەکەن وئافرەتان غەزا ناکەن ، وئێمە نیوەی میراتیمان پێدەبڕێت ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْاْ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ﴾ ؛ وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ پیاوێك دوو هێندەی ئافرەتێکی لە میرات بەردەکەوێت ، وگەواهیدانی دوو ئافرەت بەرامبەر گەواهیدانی یەك پیاوە ، ئایا لە کردەوەش بەو شێوەین ؟ ئایا ئافرەتێك کردەوەیەکی باش ئەنجام بدات نیوەی پاداشتی کردەوەی پیاوێکی هەیە ؟ خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْاْ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ﴾ ، خودا فەرمووی : بێگومان ئەوە لە دادگەریمەوەیە کە بەو شێوەیە دروستم کردوون .

﴿وَلِكُلّٖ جَعَلۡنَا مَوَٰلِيَ مِمَّا تَرَكَ ٱلۡوَٰلِدَانِ وَٱلۡأَقۡرَبُونَۚ وَٱلَّذِينَ عَقَدَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡ فَـَٔاتُوهُمۡ نَصِيبَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدًا ٣٣﴾ وبۆ هەموو کەسێك میراتگرمان داناوە بۆ وەرگرتنی ئەو میراتەی دایك وباوك وخزمانی دوای خۆیان بەجێی دەهێڵن ، وئەو کەسانەش سوێندی قورستان لەگەڵ خواردوون کە میرات لە یەکتر بگرن وهاوپەیمانن پشك وبەشی خۆیان پێبدەن ، بێگومان خودا بەسەر هەموو شتێکەوە شاهیدە .

کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ وهاوەڵانی کۆچیان کرد بۆ مەدینە برایەتی لە نێوان کۆچەرییەکان وپشتیوانانی شاری مەدینەدا دروست کرد ، هاوەڵان بە شێوەیەك پابەند بوون بەو بەڵێن وپەیمانەوە میراتیان لە یەکتر دەگرت ، هەتاکو ئەو حوکمە نەسخ کرایەوە ، وئەو پەیمانە هەڵوەشایەوە ، بەڵام لە بوارەکانی تری وەك هاوکاری کردن وچاکەکاری

وسەرخستن لە چاكەدا كارابوو ، مسلم لە جوبەیری كوڕی موطعمەوە ﵁ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هاوپەیمان بوون لە ئیسلامدا نییە ، بەڵام هەرچ هاوپەیمانیەتییەك لەسەردەمی نەفامیدا گرێ درابێت وپێچەوانەی ئیسلام نەبێت ئیسلام بەهێز وتوندوتۆڵتری دەكات ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەنەسی كوڕی مالكەوە ﵁ ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ هاوپەیمانیەتی لە نێوان كۆچەرییەكان وپشتیوانانادا گرێدا وكردنی بە برا لە ماڵی ئێمە ، پێی گوترا : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ نەیفەرمووە : هاوپەیمانیەتی لە ئیسلامدا نییە ؟ گوتی : پێغەمبەری خودا ﷺ هاوپەیمانیەتی گرێدا لە نێوان كۆچەرییەكان وپشتیوانان ، دووجار یان سێجار ئەوەی فەرموو ؛ زانایان دەڵێن : ئەو هاوپەیمانیەتییەی لەو فەرموودانە نەفی كراوە بریتییە لە هەموو ئەو هاوپەیمانیەتییانەی كە لە سەردەمی نەفامیدا بەڵێن وپەیمانیان بە یەكتردەدا كە لە هەموو حاڵێكدا پشتیوان وسەرخەری یەكتربن ومیراتیش لە یەكتر بگرن ، ئیسلام هەموو ئەوەی پێچەوانەی حوكمەكانی قورئان وسوننەت بوو وەك سەرخستن وپاڵپشتی كردنی پووچەڵ ، ونارەوایەتی ومیراتگری هەڵی وەشاندەوە ، جمهوری زانایان بۆچوونیان وایە بەپێی ئەم ئایەتە هەمووكەس لە میرات بێ بەشكرا جگە لە كەسوكار وخزمان نەبێت ، بوخاری ومسلم لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەشە میراتی دیاری كراوی خاوەن بەشەكان بدەنە دەستیان ، ئەوەی دەمێنێتەوە بیدەن بە نزیكترین پیاوی خزمی مردووەكە ؛ وبوخاری لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتی كردووە دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت : كاتێك هاوەڵە كۆچەرییەكان كۆچیان كرد بۆ مەدینە ، ئەو كۆچەرییەی كە پێغەمبەری خودا ﷺ كردبووی بە برای هاوەڵە پشتیوانەكە میراتی براكەی پێدەدرا وخزمانی هیچیان پێنەدەدرا ، كاتێك خودای

پەروەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا مَوَالِيَ﴾ ئەو حوكمە نەسخ كرایەوە وهەڵگیرا ، پاشان فەرمووی : ﴿وَالَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ تەنها سەرخستن ویارمەتیدان وئامۆژگاری ووەسیەتیان بۆ دەكرا ومیراتگری هەڵوەشایەوە .


الجُزْءُ الخَامِسُ　　سُورَةُ النِّسَاءِ
ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ
بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ
حَٰفِظَٰتٞ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ
نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ
وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ
إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيّٗا كَبِيرٗا ٣٤ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ شِقَاقَ بَيۡنِهِمَا
فَٱبۡعَثُواْ حَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهِۦ وَحَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن
يُرِيدَآ إِصۡلَٰحٗا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيۡنَهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا
خَبِيرٗا ٣٥ ۞وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ
وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ
وَٱلۡجَارِ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡجَارِ ٱلۡجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلۡجَنۢبِ
وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ
لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخۡتَالٗا فَخُورًا ٣٦ ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ
وَيَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبُخۡلِ وَيَكۡتُمُونَ مَآ ءَاتَىٰهُمُ
ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦۗ وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا ٣٧
٨٤

﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٞ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيّٗا كَبِيرٗا ٣٤﴾ پیاوان باڵادەست وسەرپەرشتیارن بەسەر ئافرەتانەوە ، بەهۆی ئەوەی خودا فەزڵی هەندێكیانی داوە بەسەر هەندێكی تردا ، ولەبەر ئەوەی پیاوان لە سامان وداراییان خەرج دەكەن بۆ مارەیی وبژێوی هاوسەرەكانیان ، ئافرەتانی باش ئەوانەن كە گوێڕایەڵی خودان ونهێنی ماڵەكانیان وخۆیان دەپارێزن لە كاتی لە ماڵ نەبوونی مێردەكانیان بە فەرمانی خودا كە فەرمانی كردووە بە پاراستنی نهێنییەكانی ماڵەوە ، وئەو ئافرەتانەی كە دەترسن سەرپێچیتان بكەن ولە فەرمانتان دەربچن ویاخیبن ، ئامۆژگارییان بكەن ، ئەگەر سودی نەبوو جێ خەویان لێ جیابكەنەوە وپشتیان تێبكەن

وقسەیان لەگەڵ مەکەن ، ئەگەر ئەوەش سودی نەبوو لێیان بدەن ، ئەگەر گوێڕایەڵیان کردن وئەرکەکانیان بەجێهێنا بە هیچ شێوەیەك ئازاریان مەدەن وڕابردوو لە بیربکەن ، بێگومان خودا بەرز وبڵند وبالاّدەست وگەورە ومەزنە .

لەم ئایەتەدا باسی بەرپرسیاریەتی وفەزڵی پیاوان دەکات کە خودا فەزڵی داون بەسەر ئافرەتاندا وبژێوی ودابین کردنی ژیانی لەسەر پیاوان پێویست کردووە ، بەبێ ئەوەی خودا ﷻ هیچ ستەمێکی لە ئافرەتان کرد بێت ، مەبەست ئەوەیە خودا بە فەزڵی خۆی فەزڵی ڕەگەزی پیاوی داوە بەسەر ڕەگەزی ئافرەتدا ، مانای ئەوە نییە پیاوێك لە هەموو ئافرەتان باشترە ، وئەگەر ئافرەتێك لە بوارێك لە بوارەکانی ژیاندا کارزانتربوو لە پیاو پێچەوانەی ئەم ڕێسا گشتییە نییە ، پێویستە ئەو ئافرەتانەی سەرپێچی فەرمانەکانی پیاوەکانیان دەکەن ئامۆژگاری بکرێن بە جوانی ، ئەگەر سودی نەبوو لەگەڵیان ڕێگای دووەم کە پشت لێکردن ولا لێنەکردنەوە ولەگەڵ نەخەوتن وقسە لەگەڵ نەکردنیان لەماڵەوە ، وئەگەر ئەوەش سودی نەبوو ڕوخسەت دراوە لێیان بدرێت بە مەرجێك لە ڕوخساری نەدرێت وبە شێوەیەك نەبێت ئەندامێکی لاشەی بشکێنێت ، ئەحمەد والنسائی لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پرسیارکرا لە پێغەمبەری خودا ﷺ کام ئافرەت باشترین ئافرەتە ، فەرمووی : شادی ببەخشێتە پیاوەکەی لە کاتێکدا سەیری بکات ، وگوێڕایەڵی بکات کاتێك فەرمانی پێبکات ، وداوێن بپارێزێت وسامانی بە فیڕۆنەدات ولە شتێکدا خەرجی نەکات کە حەرامە وشەرع ڕێگای پێنەداوە ؛ ولە ڕیوایەتی الطیالسیدا ئەبوهرەیرە ﵁ دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە تا کۆتایی : ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ﴾ ؛ وئەبونەعیم لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری

خودا ﷺ فەرمووی : ئافرەت ئەگەر پێنج نوێژە فەرزەکەی ئەنجام بدات ، ومانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بێت ، وداوێن پاك بێت ، وگوێڕایەڵی مێردەکەی بکات ، لە هەرکام لە دەرگاکانی بەهەشتەوە بیەوێت دەچێتە بەهەشتەوە ؛ والترمذی وئیبن ماجە لە عەمری کوڕی ئەحوصی الجشمییەوە ﷺ ڕوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەن لغیرە داناوە ، دەڵێت گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو لە حەجیماڵئاوایی دوای ئەوەی سوپاس وستایشی خودای کرد وئامۆژگاری موسڵمانانی کرد فەرمووی : وەسیەتتان پێ دەکەم لەگەڵ ئافرەتان باشبن ، بێگومان ئەوان دیلن لای ئێوە ، هیچ بیانوویەکتان نییە ستەمیان لێ بکەن مەگەر ئەوەی خووڕەوشتی ناشیرین بنوێنن ، ئەگەر کردارێکی لەو شێوەیان کرد ، جێگای خەویان لەگەڵدا جیابکەنەوە ، ئەگەر سودی نەبوو لەگەڵیان لێیان بدەن لێدانێك لە ڕوخساری نەبێت ودیارییان نەکات ، ئەگەر گوێڕایەڵیان کردن ستەمیان لێ مەکەن وڕابردوو بە بیرمەهێننەوە ، ئێوە مافتان هەیە لەسەر خێزانەکانتان وخێزانەکانتان مافیان هەیە لەسەر ئێوە ، مافی ئێوە لەسەر ئەوان ئەوەیە : کەسانێك نەهێننە ماڵەکانتان کە ئێوە پێتان ناخۆشە بێنە ماڵتان ، ومافی ئەوانیش لەسەر ئێوە ئەوەیە : بە باشی جلوبەرگ وخۆراکیان بۆ دابین بکەن ؛ خودای پەروەردگار کۆتایی ئایەتەکەی بەو دوو ناوە پیرۆزەی هێناوە بۆ ئەوەی سەرنجی پیاوان ڕابکێشێت ئەگەرچی پیاوان باڵادەست وسەرپەرشتیارن بەسەر ئافرەتانەوە نابێت ئەوە بقۆزنەوە وستەم لە خێزانەکانیان بکەن ، چونکە لە سەروویانەوە خودایەکی گەورە ومەزن وبەرز وباڵادەست هەیە ، مسلم لە ئەبومەسعودەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کۆیلەیەکم هەبوو لێمدا ! ، دەیگوت : پەنا بە خودا دەگرم ! بەردەوام بووم لە لێدانی ! ، گوتی : پەنا دەگرم بە خودا ، وازم لێهێنا ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوێند بە خودا ، خودا توانا ودەسەڵاتی بەسەر

تۆدا زیاترە وەك لە دەسەلاتی تۆ بەسەر ئەودا ، دەڵێت : ئازادم کرد .

﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَٱبْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ إِن يُرِيدَآ إِصْلَٰحًا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيْنَهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ٣٥﴾ وئەگەر ترسان ناکۆکیەکانیان سەربکێشێت بۆ لێکترازان وجیابوونەوە ، دادپەروەرێکی موسڵمانی عاقڵی شارەزا لە کەسوکاری پیاوەکە ، ودادپەروەرێکی موسڵمانی عاقڵی شارەزا لە کەسوکاری ئافرەتەکە ڕەوانەبکەن بۆ ئەوەی هەوڵی پێکەوەنانیان بدەن ، ئەگەر ئاشتەوای وپێکەوە ژیانیان بوێت بۆ ژن ومێردەکە خودا سەرکەوتوویان دەکات ، بێگومان خودا زانایە وشارەزایە .

ئەمە قۆناغی چوارەمی چارەسەرە پێش تەلاق یان خولع کە دوو پیاوی شارەزا ودادپەروەر لە کەسوکاری ژن ومێردەکە هەوڵی ئاشتەوای وپێکەوەنانیان بدەن ، ئەگەر ئەو دوو کەسە خێر وپێکەوە ژیانی ژن ومێردەکەیان بوێت ، خودا لەو کارەی پێیان سپێردراوە سەرکەوتوویان دەکات وئاشتەوای وپێکەوە ژیان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو خێزانە ، ئیبن کثیر دەڵێت : زانایان ناکۆکن ئایا ئەو دوو کەسە کاربەدەست ڕایان دەسپێرێت ئەگەر ژن ومێردەکەش پێیان ڕازی نەبن ، یان بریکاری ژن ومێردەکەن ؟ دوو بۆچوونیان هەیە : جمهوری زانایان دەڵێن : کاربەدەست ڕایان دەسپێرێت ئەگەر ژن ومێردەکەش پێیان ڕازی نەبن ، چونکە خودا دەفەرموێت : ﴿فَٱبْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ﴾ خودا ناوی دادوەری لێناون ، ودادوەر دەتوانێت بەبێ ڕەزامەندی حوکمی ئەو کەسانە بدات کە دەیەوێت حوکمیان لەسەر بدات ئەوەش ڕەواڵەتی ئایەتەکەیە ، ودووەمیان بۆچوونی عەلییە رضي الله عنه کاتێك پیاوێك گوتی : ڕازی نابم دوو دادوەرەکە لە ژنەکەم جیام بکەنەوە ، گوتی : درۆ دەکەیت ، هەتاکو دان بەوەدا دەنێت کە ئافرەتەکە دانی پێداناوە ، "ژنەکە

وتی : من ڕازیم بە حوكمی كتێبەكەی خودا ئەگەر لە بەرژەوەندیشم نەبێت" ، دەڵێن : ئەگەر بە دەستی دوو دادوەرەكە بووایە پێویستی بە دانپێدانانی پیاوەكە نەدەكرد ، وخودا زاناترە ؛ وئیبن عبدالبر دەڵێت : زانایان كۆدەنگن ئەگەر دوو دادوەرەكە ناكۆك بوون ، قسەی هیچكامیان وەرناگیرێت ، ودیسان كۆدەنگن قسەیان وەردەگیرێت ئەگەر فەرمانیان كرد بە پێكەوە ژیانیان ، ئەگەرچی ژن ومێردەكەش ڕایان نەسپاردبن ، بەڵام ناكۆكن : ئایا قسەیان وەردەگیرێت كاتێك حوكم بكەن بە جیابوونەوەیان ؟ جمهوری زانایان بۆچوونیان وایە كە حوكمەكەیان وەردەگیرێت .

﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡجَارِ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡجَارِ ٱلۡجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلۡجَنۢبِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخۡتَالٗا فَخُورًا ٣٦﴾ خودا بە تاك وتەنهایی بپەرستن وهیچ شتێك مەكەن بە هاوبەشی ، وچاكەكاربن لەگەڵ دایك وباوكتان وخزمانتان وهەتیوان وهەژاران وئەودراوسێیانەی خزمتانن وئەو دراوسێیانەی بێگانەن ، وهاوسەرتان یان هاوڕێی سەفەرتان ، وڕێبواری دابڕا ولە شار ونیشتیمانی ، وكۆیلەكانتان ، بێگومان خودا كەسانێكی خۆش ناوێت كە خۆپەسەند ولەخۆبایی وبەفیز وخۆهەڵكێشن.

هاوبەش بۆ خودا بڕیاردان گەورەترین تاوانە وتەنها تاوانە موسڵمان ئەگەر تەوبەی لێنەكات وبمرێت بە هۆیەوە بە هەمیشەیی لە ئاگردا دەمێنێتەوە ، وخراپ بوون لەگەڵ دایك وباوك تاوانێكی گەورەیە خودا ﷻ دوای مافی خۆی باسی مافی دایك وباوكی كردووە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوبەكرە نەفیعی كوڕی حارثەوە ﷺ ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئایا ئاگادارتان نەكەمەوە لە گەورەترین

تاوانەکان ؟ سێجار ئەوەی فەرموو ، گوتیان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، فەرمووی : هاوبەش بۆ خودا دانان ، وخراپ بوون لەگەڵ دایك وباوك ، وگەواهیدانی درۆ ؛ ودەربارەی هەتیو بوخاری لە سەهلی کوڕی سەعدەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمویت : من وئەوکەسەی سەرپەرشتیاری هەتیوە وبەخێویان دەکات وەك ئەو دوو پەنجەیە پێکەوەین لە بەهەشتدا وئاماژەی بۆ پەنجەی شایەتمان وپەنجەی ناوەڕاستی کرد ؛ ودەستکورتان ئەو توێژەن کە بژێوی تەواویان نییە ئیسلام گرنگییەکی زۆری پێداون ، وئیبن ماجە والطبرانی لە ئەبوسەعید الخدرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : هەژارانتان خۆشبوێت ، چونکە من گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو لە نزا وپاڕانەوەدا دەیفەرموو : پەروەردگارا بە هەژاری بمژێنە وبە هەژاری بمرێنە ولەگەڵ کۆمەڵی هەژاراندا کۆمبکەرەوە ؛ ودراوسێ کۆمەڵە فەرموودەیەکی زۆر لە بارەی مافیانەوە هاتووە لەوانە : بوخاری ومسلم لە ئەبوشورەیحی خوزاعییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە با چاکە کاربێت لەگەڵ دراوسێکەی ؛ وبوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەردەوام جبریل عليه السلام وەسیەتی پێدەکردم بە چاکەکاری بەرامبەر دراوسێ ، هەتا واگومانم برد کە دراوسێکان میرات لەیەك دەگرن ؛ وبوخاری لە "الأدب المفرد"دا لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، کەسوکاری مەڕێکیان بۆ سەر بڕی بوو ، گوتی : بەشی دراوسێ جوولەکەکەتان نارد ؟ بەشی دراوسێ جوولەکەکەتان نارد ؟ چونکە گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو دەیفەرموو : بەردەوام جبریل عليه السلام وەسیەتی

پێدەکردم بە چاکەکاری بەرامبەر دراوسێ ، هەتا واگومانم برد کە دراوسێکان میرات لەیەك دەگرن ؛ وبوخاری لە "الأدب المفرد" والحاكم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ دوو دراوسێم هەیە ، دیاری بدەم بە کامیان ؟ فەرمووی : بیدە بەوەیان کە دەرگاکەی زیاتر لێتەوە نزیکە ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوێند بە خودا باوەڕی تەواو نییە سێجار ئەوەی فەرموو ، گوترا : کێ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟ فەرمووی : ئەو کەسەی دراوسێکەی لە شەڕی پارێزراو نەبێت ؛ وبوخاری لە "الأدب المفرد"دا لە ئیبن عومەرەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو دەیفەرموو : چەندان دراوسێ ڕادەگیرێن لەبەر مافی دراوسێکانیان لە ڕۆژی قیامەتدا ، دەڵێت : پەروەردگارا ئەم کەسە دەرگای بە ڕوومدا داخست وچاکەی لەگەڵ نەکردم وئەوەی لە خۆی زیاتر بوو پێی نەبەخشیم ؛ وبوخاری لە "الأدب المفرد" والحاكم والطبرانی لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : باوەڕی تەواو نییە هەرکەس تێر بێت ودراوسێکەی لە تەنیشتییەوە برسی بێت ؛ وئەحمەد وبوخاری لە "الأدب المفرد"دا لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : بە پێغەمبەری خودا ﷺ گوترا : ئەی پێغەمبەری خودا ، فلانە ئافرەت شەو نوێژ دەکات وبە ڕۆژ بە ڕۆژووە ، وکرداری باشی زۆر دەکات ، وسامانی دەبەخشێت ، بەڵام بە زمانی ئازاری دراوسێکانی دەدات ؟! پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خێری تێدا نییە لە ئەهلی ئاگرە ! ؛ وگوتیان : فلانە ئافرەت نوێژ دەکات ، وردە کەشك دەبەخشێت ، بەڵام

ئازاری کەس نادات ؟ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەوە لە ئەهلی بەهەشتە ؛ وکۆیلەکان زۆر ئایەت وفەرموودە هاتووە هانی موسڵمانان دەدات کە چاکەکاربن لەگەڵیان وئازادیان بکەن ، بوخاری ومسلم لە ئەبوذەری غەفارییەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : کۆیلەکان براتانن خودا ئەوانی خستووەتە ژێر دەستی ئێوە ، هەرکەس لە ئێوە کۆیلەی هەبوو ، لەو خۆراکەی خۆی دەیخوات خۆراکیان بداتێ ، ولەو پۆشاکەی خۆی لەبەری دەکات پۆشاکیان لەبەر بکات ، وداوای شتێکیان لێ مەکەن کە لە توانایاندا نەبێت ، وئەگەر ئەرکێکتان پێ سپاردن هاوکارییان بکەن ، وئەگەر نەگونجان بۆتان بیانفرۆشن ، وسزای دروستکراوەکانی خودا مەدەن ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس بەندەیەکی موسڵمان ئازاد بکات ، خودا ﷻ لە بری هەر ئەندامێکی لاشەی بەندەکە ئەندامێکی لاشەی لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار دەکات ؛ وئەحمەد وئەبوداود وئیبن ماجە لە عەلییەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بەصەحیحی داناوە ، دەڵێت : کۆتا گوتەی پێغەمبەری خودا ﷺ پێش گیان سپاردنی ئەوە بوو فەرمووی : ئاگاداری نوێژەکانتانبن ، ئاگاداری نوێژەکانتانبن ، ولە خودا بترسن لەو کۆیلانەی کە لە بەردەستاندان ؛ هەندێك لە ڕاڤەکاران لە لێکدانەوەی : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخۡتَالٗا فَخُورًا﴾ باسی کورتی شەرواڵ دەکەن ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ بە خۆبەزل زانین وخۆپەسەندی ناوی لێناوە ، بەڵام بەداخەوە ئێستا زۆربەی خەڵك لەم تاوانە تێوەگلاون وبووەتە کارێکی ئاسایی لە لایان لە کاتێکدا تاوانێکی گەورەیە ، مسلم لە ئەبوذەری غەفارییەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سێ کەس خودا قسەیان لەگەڵ ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا ، وسەیریان ناکات ،


ولـە تاوان وخراپە پاكیان ناكاتەوە ، وسزایەكی زۆر بە ئازاریان دەدات ، كاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ ئەمەی فەرموو ، ئەبوذەر ﵁ گوتی : دۆڕاو ورەنج بەخەسارن ، فەرمووی : ئەو كەسەی دەرپێی شەڕواڵەكەی لـە خوارووی قولـە پێكانیەوەیە ، وئەو كەسەی برەو بە كاڵاكەی دەدات بە سوێندی درۆ ، وئەو كەسەی منەت دەكات بە بەخشینەكانی ؛ وئەحمەد والحاكم لـە جابری كوڕی سولیمەوە ﵁ ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : جنێو بەكەس مەڵێ ، وهیچ لـە چاكە بەكەم مەزانە ئەگەر تەنها ئەوەش بێت كاتێك لـەگەڵ براكەتدا قسە دەكەیت ڕووت گەشاوە بێت ، ودەرپێی شەرواڵەكەت هەتاكو نیوەی لاقت بەرز بكەرەوە ، ئەگەر ئەوەت نەكرد با لـەسەرووی قولـە پێكانتەوە بێت ، وریابە شەرواڵەكەت نەیەتە خواری قولـە پێكانت ، چونكە ئەوە خۆبە زلـزانین ولووتبەرزییە ، وبێگومان خودا كەسی خۆبەزلـزان ولـووت بەرزی خۆش ناوێت ، وئەگەر كەسێك سوكایەتی پێكردیت وتانەی لێدایت بە شتێك كە لـە تۆدا هەیە ئەو دەیزانێت ، تۆ تانەی لێمەدە بەوەی دەیزانی دەربارەی ئەو ، ئەوكاتە ئۆباڵی تاوانەكە هەمووی لـە ئەستۆی ئەودایە ؛ وئەبوداود والنسائی والترمذی لـە ئەبوذەرەوە ﵁ ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سێ كەس خودا ڕقی لـێیانە : ﴿مُخۡتَالٗا فَخُورًا﴾ وئێوە لـەو كتێبەی كە خودا دایبەزاندووە دەیخوێننەوە : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخۡتَالٗا فَخُورًا﴾ وكەسی چروكی منەتكار ،وبازرگان یان فرۆشیاری زۆر سوێندخۆر.

﴿ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ وَيَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبُخۡلِ وَيَكۡتُمُونَ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦۗ وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا ٣٧﴾ ئەو كەسانەی كە چرووكی دەكەن وفەرمان بە

خەڵك دەكەن بە چرووكی ، وئەو ناز ونیعمەتانەی خودا ﷻ لە فەزڵی خۆی پێی بەخشیون دەیشارنەوە ، و سزایەكی ڕیسواكەرمان بۆ بێباوەڕان ئامادەكردووە. ئەم ئایەتە باسی ئەو كەسە لە خۆبایی وخۆهەڵكێشانانە دەكات كە ڕژدن وفەرمان بە ڕژد بوون دەكەن ، ئەگەر كەسێك پرس وڕاوێژیان پێبكات كە ئایا شتێك ببەخشن ؟! پێی دەڵێن : بۆ كاتی تەنگانەی خۆتی هەڵبگرە ، خۆت پێویستت پێی دەبێت ، وئەوەی خودا پێی بەخشیون دەیشارنەوە وسوپاسگوزاری لەسەر ناكەن ، البیهقی لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان خودا ئەگەر نیعمەتێكی بەخشی بە بەندەیەك پێی خۆشە كاریگەری ئەو نیعمەتە بەسەریەوە دەربكەوێت ؛ ئەو شاردنەوەی لێرە هاتووە هەندێك لە زانایان دەڵێن : شاردنەوەی زانستیش دەگرێتەوە ، چونكە ڕژدی بریتییە لەوەی كردارێك یان گوفتارێك لەسەر مرۆڤ پێویست بێت بەڵام ئەنجامی نەدات ، الترمذی والنسائی لە حوسەینی كوڕی عەلییەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : چرووك ئەو كەسەیە كە ناوی منی لەلا بهێنرێت وسەڵەواتم لەسەر نەدات .

﴿وَٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۗ وَمَن يَكُنِ ٱلشَّيۡطَٰنُ لَهُۥ قَرِينٗا فَسَآءَ قَرِينٗا ٣٨﴾ وئەو كەسانەش سامان وداراییان لەبەر ڕووپامایی وبەرچاوی خەڵك دەبەخشن ، وباوەڕ بەخودا وڕۆژی دوایی ناهێنن سزای ڕیسواكەرمان بۆ ئامادەكردوون ، هەركەس شەیتان دۆست وهاوەڵی بێت ، خراپترین دۆستی هەیە .

پێویستە موسڵمان هەموو هەوڵی بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خودا بێت ، وهیچ کاروکردەوەیەك کە تایبەتن بە خودا لەبەر خەڵك ئەنجامی نەدات ، الترمذی لە کەسێکی ئەهلی مەدینەوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : موعاویە رضي الله عنه نامەیەکی نارد بۆ عائیشەی دایکی باوەڕداران رضي الله عنها ، کە نوسراوێکم بۆ بنووسە وتیایدا ئامۆژگاریم بکە بەکورتی ، عائیشەی دایکی باوەڕداران رضي الله عنها بۆی نووسی : بۆ معاویە رضي الله عنه سڵاوت لێ بێت ، دوای ئەوە : من


الجُزْءُ الخَامِسُ — سُورَةُ النِّسَاءِ

وَالَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ رِئَاءَ النَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ
وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَن يَكُنِ الشَّيْطَانُ لَهُ قَرِينًا فَسَاءَ
قَرِينًا ﴿٣٨﴾ وَمَاذَا عَلَيْهِمْ لَوْ آمَنُوا بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَأَنفَقُوا
مِمَّا رَزَقَهُمُ اللَّهُ وَكَانَ اللَّهُ بِهِمْ عَلِيمًا ﴿٣٩﴾ إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ
مِثْقَالَ ذَرَّةٍ وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَاعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ
أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٤٠﴾ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ
وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰؤُلَاءِ شَهِيدًا ﴿٤١﴾ يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ الَّذِينَ
كَفَرُوا وَعَصَوُا الرَّسُولَ لَوْ تُسَوَّىٰ بِهِمُ الْأَرْضُ وَلَا يَكْتُمُونَ
اللَّهَ حَدِيثًا ﴿٤٢﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنتُمْ
سُكَارَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي
سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُوا وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَاءَ
أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً
فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ
إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٤٣﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِّنَ
الْكِتَابِ يَشْتَرُونَ الضَّلَالَةَ وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّوا السَّبِيلَ ﴿٤٤﴾

٨٥

گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو : هەرکەس هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا بدات بەشتێك کە خەڵك ڕقیان لێیە ، خودای بەسە بۆی ولە خەڵك دەیپارێزێت ، وهەرکەس هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵك بدات بە تورەکردنی خودا ، خودا دەیسپێرێت بە خەڵك ، وسڵاوت لێ بێت ؛ هەرکەسێك شەیتان دۆست ونەخشە بۆ داڕێژەری بێت تووشی کارەسات وتاوانی گەورەی دەکات ، ئەگەر کاروکردەوەیەکی باشیش ئەنجام بدەن هەوڵدەدات پوچەڵی بکاتەوە بەوەی نییەتیان لەبەر خودا سبحانه وتعالى نەبێت بەڵکو بۆ ناوبانگ وپلەوپایە وبەرژەوەندی دونیا بێت ، وهەرگیز ناتوانن ڕەزامەندی خەڵك بەدەست بهێنن بەسەرپێچی فەرمانەکانی خودا سبحانه وتعالى ؛ ئەحمەد وبەغەوی

لە محمودی کوڕی لەبیدەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان ئەوەی دەترسم تووشی ببن شیرك وهاوبەش دانانی بچووکە ! ، گوتیان : شیرك وهاوبەش دانانی بچووك چییە ؟! فەرمووی : کردارکردنە لەبەر خەڵك ، خودا لە ڕۆژی قیامەتدا کاتێك پاداشتی خەڵك دەداتەوە بەو کەسانە دەفەرموێت : بڕۆن بۆ لای ئەو کەسانەی لەبەر ئەوان وبۆ پێش چاوی ئەوان دەتان بەخشی لە دونیا ، بزانن هیچ پاداشتێکتان دەست دەکەوێت لایان ؟! .

﴿وَمَاذَا عَلَيۡهِمۡ لَوۡ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِهِمۡ عَلِيمًا ٣٩﴾ چی تێدابوو وچ زیان ونارەحەتیەکیان پێدەگەیشت ئەگەر باوەڕیان بە خودا وڕۆژی دوایی هێنابا وبەدڵسۆزییەوە لەبەر خودا بیانبەخشیایە لەوەی کە خودا ڕۆزیداون ؟! ، وبێگومان خودا زانایە بە نییەت وحاڵیان .

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا وَيُؤۡتِ مِن لَّدُنۡهُ أَجۡرًا عَظِيمٗا ٤٠﴾ بێگومان خودا بە ئەندازەی سەنگی بچوکترین مێرووله ستەم لە کەس ناکات ، وئەگەر کردەوەی باش ئەنجام بدەن خودا چەند هێندەی دەکات ، ولە لای خۆیەوە پاداشتی زۆر گەورە بە چاکەکاران دەبەخشێت .

ئەو چەند هێندەکردنە لێرە دیاری نەکراوە ، بەڵام کەمترین چەند هێندەکردن یەك بە دەیە ، چونکە خودا دەفەرموێت : ﴿مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَاۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ١٦٠﴾(الأَنعَام) ؛ ولای زۆری چەند هێندەکردن یەك بە حەوت سەد یان زیاترە بە ویستی خودا ، خودا سبحانه وتعالى دەفەرموێت : ﴿

﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٢٦١﴾(البَقَرَة) ؛ وبوخاری ومسلم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ لە خوداوە سبحانه وتعالى دەیگێڕێتەوە دەفەرموێت : بێگومان خودا چاکەکان وخراپەکانی نوسیوە ، هەرکەس نیازی ئەنجامدانی چاکەیەکی هەبێت وئەنجامی نەدات ، خودا سبحانه وتعالى لای خۆی بە چاکەیەکی تەواو بۆی دەنوسێت ، وئەگەر ئەنجامیدا خودا یەك بە دە هەتاکو یەك بە حەوت سەد ، یان هەتاکو ئەو ئەندازەی خودا سبحانه وتعالى دەیەوێت بۆی زیاتر دەکات ودەینوسێت ، وهەرکەس نیازی ئەنجامدانی خراپەیەکی هەبێت وئەنجامی نەدات ، خودا بە چاکەیەکی تەواو بۆی دەنوسێت ، ئەگەر ئەنجامیدا خودا بە خراپەیەك لەسەری دەینوسێت ؛ ومسلم لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان خودا هیچ ستەمێك لە باوەڕدار ناکات ، لە دونیادا پاداشتی کردەوەی باشی دەداتەوە وڕۆزی دەدات ، ولە ڕۆژی دواییشدا پاداشتەکەی وەردەگرێتەوە ، بەڵام کەسی بێباوەڕ ئەگەر کارێکی باش لە دونیا ئەنجام بدات بە هۆیەوە خۆراك وڕۆزی دەدرێت لە دونیا ، ولە ڕۆژی قیامەتدا هیچ پاداشتێکی نییە ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوسەعیدی الخدرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە لە فەرموودەیەکی درێژدا کە باسی شەفاعەت دەکات لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ دەگێڕێتەوە دەفەرموێت : خودا عز وجل دەفەرموێت : بگەڕێنەوە هەرکەستان دۆزییەوە لە دڵیدا بە سەنگی مێرووڵەیەکی بچووك یان گەردیلەیەك باوەڕ هەبوو لە ئاگر دەریبهێنن ، ولە ڕیوایەتێکدا : کەمتر ، کەمتر ، کەمتر لە سەنگی مێرووڵەیەکی بچووك باوەڕ لە دڵیدا بێت دەریبهێنن ، خەڵکێکی زۆر دەردەهێنن ، ئەبوسەعید رضي الله عنه دەڵێت :

حەزدەکەن ئەو ئایەتە بخوێننەوە کە دەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا وَيُؤۡتِ مِن لَّدُنۡهُ أَجۡرًا عَظِيمٗا ۝٤٠﴾ .

﴿فَكَيۡفَ إِذَا جِئۡنَا مِن كُلِّ أُمَّةِۭ بِشَهِيدٖ وَجِئۡنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدٗا ۝٤١﴾ دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا خەڵك حاڵیان چۆن بێت ؟! کاتێك لە هەموو ئوممەتێك شاهیدێك دەهێنین کە پێغەمبەرەکەیانە ودەیکەین بە شاهید وگەواهیدەر بەسەریانەوە ، وتۆش دەهێنین ئەی پێغەمبەری خودا بە شاهید وگەواهیدەر بەسەر ئوممەتەکەتەوە .

بوخاری لە ئیبن مەسعودەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ لەسەر مینبەرەکەی بوو پێی فەرمووم : قورئان بخوێنەوە بەسەرمدا ، گوتم : قورئانت بەسەردا بخوێنمەوە کە بەسەرتۆدا دابەزیوە ؟! فەرمووی : من پێم خۆشە لە کەسانی ترەوە بیبیستم ، سورەتی النسائم خوێندەوە تاگەیشتمە ئەم ئایەتە : ﴿فَكَيۡفَ إِذَا جِئۡنَا مِن كُلِّ أُمَّةِۭ بِشَهِيدٖ وَجِئۡنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدٗا ۝٤١﴾ ، فەرمووی بەسە ، لامکردەوە بە لایدا بینیم چاوەکانی فرمێسك دەڕێژن .

﴿يَوۡمَئِذٖ يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَعَصَوُاْ ٱلرَّسُولَ لَوۡ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضُ وَلَا يَكۡتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثٗا ۝٤٢﴾ لەو ڕۆژەدا ئەوانەی بێباوەڕ بوون وسەرپێچی پێغەمبەری خودایان کردووە ، پێیان خۆشە لەگەڵ خاکدا یەکسانبن وببن بە خۆڵ وزیندوو نەکرێنەوە بۆ لێپرسینەوە ، وهیچ قسەیەك لە خودا ناشارنەوە وهەموو نهێنییەکانیان ئاشکرا دەکەن ، چونکە خودا زانایە بە هەموو ئەوەی ئەنجامیانداوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر گومڕایی ئەو کەسانەی کە دەڵێن : قورئانمان بەسە وپێویستمان بە سوننەت نییە ، ئەو کەسانە ڕاستگۆنین ، چونکە بە گوێرەی ئەو بۆچوونەی ئەوان بێت ناتوانرێت زۆربەی پەرستشەکان کە لە سوننەتدا ڕوون کراونەتەوە ووردەکارییەکانیان باسکراوە ئەنجام بدرێت ، بۆ نموونە : نوێژ ، لە قورئاندا فەرمان کراوە بە ئەنجامدانی بەڵام چەند نوێژ لە ڕۆژێکدا وهەرنوێژەی چەند ڕکاتە وسوژدە وهەموو مەرج وپایە وواجب وسوننەتەکانی لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ ڕوون کراوەتەوە ، مسلم رضي الله عنه لە ئەبومەسعود عوقبەی کوڕی عەمری ئەنصارییەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : بیستم لە زاری پێغەمبەری خوداوە ﷺ دەیفەرموو : بەندەیەك دەهێنن بۆ لای خودا ﷻ سامان ودارایەکی پێبەخشیوە ، پێی دەفەرموێت : چ کردارێکت ئەنجامدا لە دونیا ؟ ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ﴿وَلَا يَكۡتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثٗا﴾ ، دەڵێت : ئەی پەروەردگار من شتم دەفرۆشت بە خەڵك ، ولێبوردە بووم لەگەڵیان ، ئەوەیان دارایی هەبوو ئاسانکاریم بۆ دەکرد ، وئەوەشیان نەدار بوو ئارامم دەگرت لەسەری ؛ خودا ﷻ فەرمووی : من لە تۆ شایانترم بە لێبوردەیی ، لە بەندەکەم ببورن .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا ٤٣﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە توخن ونزیکی نوێژ مەکەونەوە لە کاتێکدا کە مەستن وسەرخۆشن هەتاکو بزانن چی دەڵێن ، ولە کاتێکدا لەشتان گرانبوو مەگەر ڕێبواربن ولەسەفەردابن ، هەتاکو خۆتان

دەشۆن ، وئەگەر نەخۆش بوون یان لەسەفەردا بوون یان لەسەرئاو گەڕانەوە یان جووت بوون لەگەڵ هاوسەرتان ، وئاوتان دەست نەکەوت ، تەیەموم بکەن لەسەر زەوییەکی پاك ، ودەست بە ڕوخسار ودەستەکانتاندا بهێنن ، بێگومان خودا لێبوردە ولێخۆشبوو وپۆشەری تاوانە .


هەرشتێك ببێتە هۆکاری ئەوەی مرۆڤ هۆشی لە دەست بدات ومەست وسەرخۆشی بکات مەیە ، ئینجا بە بۆن کردن بێت یان خۆراك یان خواردنەوە ، چونکە مسلم لە ئبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەموو شتێك کە مرۆڤ مەست وسەرخۆش بکات مەیە ، وهەموو سەرخۆشکەرێك حەرامە ؛ ڕاڤەکاران دەڵێن : ئەم ئایەتە یەکەم قۆناغی حەرام کردنی مەیە ، چونکە ئەبوداود والترمذی لە عەلی کوڕی ئەبوتالبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێك لە پشتیوانان من وعەبدالرحمانی کوڕی عەوفی رضي الله عنه بانگ کرد ، مەی دەرخواردداین پێش ئەوەی مەی حەرام بێت ، عەلی رضي الله عنه پێش نوێژی مەغریبی بۆکردن و﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١﴾(الكَافِرُون) خوێند ، تێکەڵی کرد ولێی تێکچوو ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ﴾ ؛ والترمذی لە عەلی کوڕی ئەبوتالبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : عبدالرحمانی کوڕی عەوف رضي الله عنه خۆراکی بۆ دروست کردین وبانگی کردین ، ومەی پێداین وخواردمانەوە ، مەست وسەرخۆشی کردین ، کاتی نوێژ هات منیان پێشخست : ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ٢﴾(الكَافِرُون) خوێند ، گوتم : ئەی بێباوەڕان من ئەوەی ئێوە دەیپەرستن نایپەرستم ،

وئێمە ئەوەی ئێوە دەیپەرستن دەیپەرستین ، دەڵێت خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿لَا تَقْرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ﴾ ؛ ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ پێویستە ئاگای لە نوێژەکەی بێت وبزانێت چی دەڵێت ، هەندێك بۆ لێکدانەوەی وشەی ﴿جُنُبًا﴾ لەش پیسیان بەکارهێناوە ، بەڕاستی ئەوە پێچەوانەی ئەو فەرموودەیە کە بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودام ﷺ پێگەیشت لە ڕێگایەك لە ڕێگاکانی مەدینە ومن لەش گران "جەنابە" بووم خۆم دزییەوە ورۆیشتم خۆم شۆرد وپاشان گەڕامەوە ، فەرمووی : لە کوێ بووی ئەی ئەبوهرەیرە ؟! ، گوتم : من لەشگران بوو پێم خۆش نەبوو لەگەڵتدا دابنیشم وپاك نەبم ! ، فەرمووی : پاك وبێگەردی بۆ خودا ، موسڵمان پیس نابێت ؛ لەبەرئەوە بەکارهێنانی وشەی لەشگران یان جەنابە یان هەر وشەیەکی تر ئەو مانایە بگەیەنێت ومانای پیسی موسڵمانی تێدا نەبێت بەکاربهێنرێت باشترە ، هەندێك لە زانایان دەڵێن : ﴿لَا تَقْرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ مانای ئەوەیە نزیکی شوێنی نوێژکردن مەکەونەوە کە مزگەوتە جگە لەوەی کە تێپەڕبن وڕێبواربن وتێیدا مەمێننەوە ، بەڵام هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە ئەوە دەسەلمێنێت کە مەبەست لەو کەسەیە کە ڕێبوارە ولەسەفەردایە ، الطبری وئبن ئەبوحاتەم والبیهقی لە عەلی کوڕی ئەبوتالبەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەم ئایەتە : ﴿وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِى سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُواْ﴾ دەربارەی ئەوکەسەیە لەسەفەردایە ولەشیگران دەبێت وئاوی دەست ناکەوێت ، تەیەمم دەکات ونوێژەکانی ئەنجام دەدات ، هەرکات ئاوی دەستگیربوو خۆی دەشوات ؛ ئەلبانی دەڵێت : ئەو کەسەی لەشیگرانە دروستە بچێتە مزگەوت وناتوانین ڕێگری لەوە بکەین بە دەقی

صەحیح نەبێت ، بەتایبەت فەرموودەی صەحیح هاتووە پاڵپشتی ئەم بنەمایە دەکات لەو فەرموودەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ بە عائیشەی دایکی باوەڕدارانی رضي الله عنها فەرمووە حەیزەکەت لە دەستتدا نییە ئەو بەرماڵەی لە پەلکی دارەخورما دروست کراوە لە مزگەوتەکەوە بۆم بهێنە ، والقرطبی دەڵێت : کۆمەڵێك لە زانایان ڕوخسەتیانداوە ئەو کەسەی لەشگرانە بچێتە مزگەوت ، وهەندێك ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خودا ﷺ دەکەن بە بەڵگە کە دەفەرموێت : موسڵمان پیس نییە ، ئیبن المنذر دەڵێت : ئێمەش وادەڵێین ؛ ئیبن کثیر دەڵێت : پێشەوا ئەحمەد بۆچوونی وایە لەشگران هەرکات دەستنوێژی هەبوو دەتوانێت لە مزگەوتدا بمێنێتەوە ، ئەحمەد وسەعیدی کوڕی مەنصور لە عەتای کوڕی یەسارەوە ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : هاوەڵانی پێغەمبەری خودام ﷺ دەبینی لە مزگەوتدا دادەنیشتن ولەشیانگران بوو ئەگەر دەستنوێژیان هەبووایە ، ئەلبانی دەڵێت : لەوانەیە دەستنوێژگرتن سوننەت بێت بۆ مانەوەی لەشگران لە مزگەوتدا لەبەر کرداری هاوەڵان ؛ ئەو کەسەی کە نەخۆشە یان لەسەفەردایە یان چووەتە سەرئاو یان جووت بووە لەگەڵ خێزانیدا وئاوی دەست ناکەوێت تەیەموم دەکات ونوێژ دەکات هەتاکو دەستی دەگات بە ئاو دەتوانێت بە کاری بهێنێت ، تەیەموم بریتییە لەوەی بە نییەتەوە بە هەردوو ناودەستی بدات لەسەر ڕووی زەوییەکی پاك یان هەر شتێك پەیوەندی بە زەویەوە هەبێت ولەسەری جێگیربووبێت وەك دیوار پاشان دەست بهێنێت بە ڕوخسار ودەستەکانیدا هەتاکو مەچەکی ، بوخاری ومسلم لە عەماری کوڕی یاسرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : لەشگران بوو وئاوم دەست نەکەوت خۆم لە خۆڵدا گەوزاند وتلامەوە لەسەر زەوی ، ئەوەم باسکرد بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : تەنها ئەوەت بەس بوو بەم شێوەیەت بکردایە ، پێغەمبەری خودا ﷺ بە لەپی

دەستەکانی لە زەویدا وفووی پیاکردن ، پاشان دەستی هێنا بە ڕوخسار ودەستەکانیدا ؛ تەیەموم هەموو حوکمەکانی دەست نوێژی هەیە وهەموو ئەوەی دەست نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە تەیەمومیش بەتاڵ دەکاتەوە وهەروەها دەستکەوتنی ئاویش بەتاڵی دەکاتەوە ، وڕووی زەویەکە هەرچی بێت دروستە ومەرج نییە خۆڵ وتۆزی لەسەربێت ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ تەیەمومی بە دیواریش کردووە ، الترمذی لە ئەبوذەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان ڕووی زەوی یان دیوار، ، پاك کەرەوەی موسڵمانە ئەگەر دە ساڵیش ئاوی دەست نەکەوێت ، ئەگەر ئاوی دەستکەوت با خۆی بشوات ؛ هەندێك لە زانایان : ﴿أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ بەبەرکەوتنی دەست بە پێستی ئافرەتانی نامەحرەم لێکداوەتەوە ، بەڵام بەڵگەمان هەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ ماچی خێزانەکانی کردووە ودەستنوێژی نەگرتووەتەوە ، ئەبوداود وئیبن ماجە لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ ماچی هەندێك لە خێزانەکانی کرد پاشان لە ماڵ دەرچوو بۆ نوێژ ودەستنوێژی نەگرتەوە ؛ ئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ﴾ ، و﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ قُلۡ فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ ﴿٢١٩﴾﴾(البَقَرَة) نەسخ کرایەوە بە ئایەتی : ﴿إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ ﴿٩٠﴾﴾(المَائِدَة) ، بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ملوانکەیەکم لە ئەسمائی خوشکم رضي الله عنها بە خواستن هێنا ولێم ون بوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ پیاوێکی نارد دۆزییەوە ، کاتی نوێژ هات

وئاویان پێنەبوو ، بەبێ دەستنوێژ نوێژیان کرد ، سکاڵای ئەو باسەیان بردە لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، خودا ئایەتی تەیەمومی دابەزاند ، ئوسید کوڕی حضیر رضي الله عنه بە عائیشەی دایکی باوەڕدارانی رضي الله عنها گوت : خودا پاداشتی چاکەت بداتەوە ، سوێند بەخودا هیچ شتێك نییە کە تووشت بێت وپێت ناخۆش بێت ، ئیللا خودای پەروەردگار دەیکات بە خێر بۆ تۆ وبۆ موسڵمانان ؛ ولە ڕیوایەتێکدا دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ ڕۆیشتین بۆ سەفەرێك هەتاکو گەیشتینە "البیداء" یان "ذات الجیش" ملوانکەکەم پچڕا ، پێغەمبەری خودا ﷺ مایەوە بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە ، وهەموو خەڵك لەگەڵیدا مانەوە ، ولە نزیك ئاو نەبوون ، وئاویان پێنەبوو ، خەڵك چوون بۆ لای ئەبوبەکری الصدیق رضي الله عنه ، گوتیان : نابینیت عائیشە چی کردووە ؟! پێغەمبەری خودا ﷺ وخەڵکیشی ڕاگرتووە ، ئەبوبەکر رضي الله عنه هات لەو کاتەدا پێغەمبەری خودا ﷺ سەری خستبووە سەر ڕانم وخەوی لێکەوتبوو ، گوتی : پێغەمبەری خودا ﷺ وهەموو خەڵکت ڕاگرتووە ، وخەڵك نزیك ئاونین ، وئاویشیان پێ نییە ، عائیشە دەڵێت : ئەبوبەکر لۆمەی کردم ، ئەوەی پێگوتم کە خودا دەزانێت ، وبەدەستی سرەواندیە ناوقەد وکەلەکەم ، ئەوەی ڕێگرم بوو بجوڵێم شوێنی پێغەمبەری خودابوو ﷺ کە لەسەر ڕانم خەوتبوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ لە خەو ڕابوو ولە نزیك ئاو نەبوون ، خودا ﷻ ئایەتی تەیەمومی دابەزاند ، ئوسیدی کوڕی حضیر رضي الله عنه گوتی : ئەمە یەکەم بەرەکەتان نییە ئەی خێزانی ئەبوبەکر ، ئەو حوشترەی کە من لەسەری بووم ڕاماندا ملوانکەکەم لە ژێریدابوو .


الجزء الخامس — سورة النساء

وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِأَعۡدَآئِكُمۡۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَلِيّٗا وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ نَصِيرٗا ٤٥
مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَيَقُولُونَ
سَمِعۡنَا وَعَصَيۡنَا وَٱسۡمَعۡ غَيۡرَ مُسۡمَعٖ وَرَٰعِنَا لَيَّۢا بِأَلۡسِنَتِهِمۡ
وَطَعۡنٗا فِي ٱلدِّينِۚ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ قَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَا وَٱسۡمَعۡ وَٱنظُرۡنَا
لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَقۡوَمَ وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفۡرِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُونَ
إِلَّا قَلِيلٗا ٤٦ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلۡنَا
مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبۡلِ أَن نَّطۡمِسَ وُجُوهٗا فَنَرُدَّهَا
عَلَىٰٓ أَدۡبَارِهَآ أَوۡ نَلۡعَنَهُمۡ كَمَا لَعَنَّآ أَصۡحَٰبَ ٱلسَّبۡتِۚ وَكَانَ أَمۡرُ
ٱللَّهِ مَفۡعُولًا ٤٧ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ
ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا
٤٨ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُمۚ بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ
وَلَا يُظۡلَمُونَ فَتِيلًا ٤٩ ٱنظُرۡ كَيۡفَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ
وَكَفَىٰ بِهِۦٓ إِثۡمٗا مُّبِينًا ٥٠ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبٗا
مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ
لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ سَبِيلًا ٥١

٨٦

﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبٗا مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ يَشۡتَرُونَ ٱلضَّلَٰلَةَ وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّواْ ٱلسَّبِيلَ ٤٤﴾ نابینی ئەو کەسانەی بەشێك لە کتێبیان پێبەخشراوە گومڕایی دەکڕن ، ودەیانەوێت ئێوەش لە ڕێگای ڕاست هەڵە بکەن وگومڕاتان بکەن .

خودای پەروەردگار لەم ئایەتەدا باسی جوولەکە نەفرەتییەکان دەکات کە گومڕایی دەکڕن وبە هیدایەت وئاینداری دەیگۆڕنەوە ، وپشت دەکەن لەوەی خودا دایبەزاندووە بەسەر پێغەمبەرەکەیدا ﷺ ، ونکوڵی ئەوە دەکەن کە دەربارەی پێغەمبەری خودا ﷺ هاتووە لە تەوراتدا بۆ ئەوەی هەندێکی لە دونیای پێ بەدەست بهێنن ، وپێیان خۆشە وئاواتە خوازن وەك چۆن خۆیان گومڕاو سەرلێشێواون ، ئێوەش بەو شێوەی ئەوانبن ووازبهێنن لە هیدایەت وزانستی بەسود .

﴿وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِأَعۡدَآئِكُمۡۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَلِيّٗا وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ نَصِيرٗا ٤٥﴾ وخودا لە ئێوە زاناترە بە دوژمنەکانتان ، وخوداتان بەسە پشتیوان ویارمەتیدەر وسەرخەرتان بێت .

الطبری وئیبن حبان والبزار لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کەعبی کوڕی ئەشرەفی جوولەکە چوو بۆ مەککە بێباوەڕانی

قورەیش لەگەڵیدا كۆبوونەوە ، پرسیاریان لێكرد ، گوتیان : ئاودان ودەرگاوانی وخزمەتكاری حاجیانی ماڵی خودا دەكەین ، تۆش پیاو ماقوڵ ودەم سپی (یثرب)بیت ، ئایا ئێمە باشترین یان ئەو كەسە لاوازە تەریكە بێ پشت وپەنایە كە پەرگیرە ولە كەسوكاری دووری گرتووە وبانگەشەی ئەوە دەكات كە لە ئێمە باشترە ؟! گوتی : بەڵكو ئێوە لە ئەو باشترن ! ، خودا ئەو ئایەتەی بەسەر پێغەمبەرەكەیدا ﷺ دابەزاند : ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ۝٣﴾(الكوثر) ، واتە : ئەو كەسەی دژایەتی تۆ دەكات نەفرەت لێكراوە ودوورخراوەیە لە ڕەحمەتی خودا ودوابڕاوە ، وئەم ئایەتەشی بەسەردا دابەزی : ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يَشْتَرُونَ ٱلضَّلَٰلَةَ وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّواْ ٱلسَّبِيلَ ۝٤٤ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِأَعْدَآئِكُمْۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَلِيًّا وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ نَصِيرًا ۝٤٥﴾ .

﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَيَقُولُونَ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَٱسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ وَرَٰعِنَا لَيًّۢا بِأَلْسِنَتِهِمْ وَطَعْنًا فِى ٱلدِّينِۚ وَلَوْ أَنَّهُمْ قَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَٱسْمَعْ وَٱنظُرْنَا لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَقْوَمَ وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا ۝٤٦﴾ لە جوولەكەكان كەسانێك هەبوون ، لێكدانەوەی هەڵەیان بە ئەنقەست بۆ فەرموودەی خودا دەكرد لە تەوراتدا ، وماناى وشەكانیان تێك دەدا ولە مەبەستەكەی لایان دەدا ، ودەیانگوت : ئەی محمد ﷺ ئەوەی دەیڵێیت بیستمان وسەرپێچی دەكەین وبە قسەت ناكەین ، وبە لاقرتی وگاڵتەجاڕییەوە دەیانگوت : ببیستە ! كەڕبیت وقسەكانمان نەبیستی ! و(راعنا) "لەزمانی عیبریدا جنێو و وشەی نەشیاو بوو" ، بەڵام دەمیان لار دەكردەوە وزمانیان بادەدا بۆ ئەوەی وادەریببڕن كە مەبەستیان ئەوەیە

ئاگادارمان بە ، وچاوت لێمان بێت لە کاتێکدا مەبەستیان تانە وتەشەردان بوو لە پێغەمبەری خودا ﷺ وئاینەکەی ، وئەگەر بیانگوتایە ئەوەی دەیڵێیت بیستمان وگوێ ڕایەڵیت دەکەین ، تۆش لە ئێمە ببیستە ومۆڵەتمان بدە وئاراممان لەسەر بگرە ، ئەوە خێر وچاکە وباشتربوو بۆیان ، بەڵام خودا نەفرەتی لێکردن ولە سۆز وبەزەیی خۆی دووری خستنەوە لەبەر بێباوەڕییان ، باوەڕ ناهێنن هەندێکی کەمیان نەبێت.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی موسڵمان لە کاتی قسەکردندا دەبێت ڕاشکاوبێت وشە ودەستەواژە گەلێك بەکاربهێنێت کە مانای هەڵە ولێکدانەوەی پێچەوانەی سوننەت هەڵنەگرێت ، بوخاری لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ کاتێك قسەی بکردایە سێ جار دووبارەی دەکردەوە ، بۆ ئەوەی لێی تێبگەن ؛ ﴿مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾ ئیبن عثیمین دەڵێت : خودا نەیفەرموو هەموو جوولەکە وادەڵێن ، لەبەر ئەوە ئەگەر مرۆڤ لەسەر کەسانێك قسەی کرد بۆ هەڵسەنگاندن پێویستە باش وخراپیان باس بکات ، بەڵام ئەگەر خەڵکیان لێ ئاگادار بکاتەوە باسی چاکەکانیان ناکات ، چونکە باسی چاکەکاری ناگونجێت یان ناشێت باس بکرێت لە کاتێکدا کە دەیەوێت خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە ؛ ئەم سودەی ئیبن عثیمین لەم ئایەتەدا باسی کردووە ڕێسایە لای ئەهلی سوننەت وجەماعەت ، ئەلبانی دەڵێت : کاتێك باسی ژیاننامەی کەسێك دەکرێت کە ڕەخنەی لێ دەگیرێت ، پێویستە ئەوەی باش وخراپە وپەیوەندی بەکەسەکەوە هەیە باس بکرێت ، بەڵام ئەگەر مەبەست لە باسی کەسێك ئاگادارکردنەوە وهۆشیاری دانبێت لە حاڵی ، بە تایبەت بۆ عەوامی خەڵك کە هیچ زانیاریان نییە بە حاڵی کەسەکان وخراپە وباشەکان لەیەك جیاناکەنەوە ، لەوانەیە ئەو کەسە ناوبانگێکی باش وجوانی هەبێت لایان

، بەڵام بیروباوەڕێکی خراپ یان خووڕەوشتێکی هەبێت ئەو خەڵکە عەوامە نایزانن ، لەو کاتەدا ئەو بیدعەیە ڕەچاو ناکات کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن "الموازنة" ، چونکە تۆ مەبەستت ئامۆژگارییە نەوەك ژیاننامە نوسینەوە ، هەرکەسێك ژیاننامەی پێەمبەری خودا ﷺ بخوێنێتەوە دڵنیا دەبێت لە پووچەڵی ئەو بیرۆکە بیدعە تازە داهێنراوە کە "الموازنة"یە ، چونکە ئێمە لە دەیەها دەقدا لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودادا ﷺ دەبینین باسی خراپەیەك دەکات کە پەیوەندی بە کەسێکەوە هەیە کە پێویستە ئامۆژگاری بکرێت ؛ وربیع المدخلی دەڵێت : سەلەف ئەم مەنهەجەیان نەزانیوە ، وخاتری ئەهلی سوننەت وئەهلی بیدعەش ناگرن ئەگەر هەڵەیان کرد ، ئەگەر کەسێك ئەهلی سوننەت بێت ، درۆبکات یان فاسق بێت یان بیری خراپ بێت یان فەرموودەی لاواز وخراپ بگێڕێتەوە ، یان "مدلس"بێت ، حاڵی ڕوون دەکرێتەوە ، "موازنات" بوونی نییە ، کتێبەکانی "الجرح والتعديل" پڕە لە ناوی کەسەکان چەندان بەرگ نوسراوەتەوە جەرحی ئەو کەسانە دەکات کە فەرموودە دەگێڕنەوە ، وئەو کەسانەی کە ئەهلی بیدعەن بە هەموو جۆرەکانیانەوە ، ئەگەر کەسێکی لە خوداترس وخودا پەرست ودونیا نەویستیش بێت حاڵی ڕوون دەکرێتەوە ، ئەگەر بە کەڵکی گێڕانەوەی فەرموودە نەیەت ، بەبێ ئەوەی باسی چاکە وخراپەکانی بکرێت ، پێت دەڵێت : فلانەکەس لەبەرکردنی خراپە ، پێویست نییە پێت بڵێت : دونیا نەویست وخوداپەرست وموجاهیدە ، ئەوە هەرگیز پێویست نییە ، "الموازنات"یان داهێناوە بۆ پارێزگاری لە "ئیخوان المسلمين" وسيد قوتب .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَـٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰٓ أَدْبَارِهَآ أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّآ أَصْحَـٰبَ ٱلسَّبْتِ ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ

مَفۡعُولًا ﴿٤٧﴾ ئەی ئەوانەی کتێبتان پێبەخشراوە باوەڕبهێنن بەوەی دامانبەزاندووە کە قورئانە وسەلمێنەری ئەوەیە لە کتێبەکانی ئێوە هاتووە ، پێش ئەوەی ڕوخساری هەندێك تێك بدەین وەك پشتە سەریان سافی بکەین ورووویان لە حەق وەرگێڕین ، یان نەفرەتیان لێبکەین ولە ڕەحمەت دووریان بخەینەوە ، وەك چۆن ئەو کەسانەی لە ڕۆژی شەممە سەرپێچیان کرد نەفرەتمان لێکردن ولە ڕەحمەت دوورمان خستنەوە ، وهەردەم ئەوەی خودا فەرمانی پێبکات جێبەجێ دەبێت .

ئیبن عثیمین دەڵێت : زانایان دەڵێن : جیاوازی نێوان ﴿نَزَّلۡنَا﴾و﴿أَنۡزَلۡنَا﴾ ئەگەر پێکەوە کۆببنەوە ئەوەیە ﴿نَزَّلۡنَا﴾ بە مانای دابەزینە بە بەش بەش ؛ بنەڕەتی ئاینی هەموو پێغەمبەران ﷺ ئیسلام وبانگەوازە بۆ پەرستنی خودا بە تاك وتەنهایی ، بەڵام شەریعەتەکانیان جیاوازە ، ﴿مِّن قَبۡلِ أَن نَّطۡمِسَ وُجُوهٗا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰٓ أَدۡبَارِهَآ﴾ زانایان دوو لێکدانەوەیان بۆ ئەو گۆڕینی ڕوخسار وسافکردنە کردووە ، هەندێکیان دەڵێن : ئەوە مەعنەوییە وچاویان کوێر دەبێت لە ئاست بینینی حەق وگوێیان کەڕە لە ئاست بیستنی حەق وبەزمانیان قسەی حەق ناڵێن ، وەك ئەوەیە ڕوخساریان وەك پشتە سەریان ساف بوو بێت ، وهەندێکیان دەڵێن : ئەمە هەڕەشەیە ئەگەر باوەڕ نەهێنن دەشێت خودا سزایان بدات وڕوخساریان بگوڕێت وەك پشتە سەریان سافی بکات ، وەك چۆن ئەو کەسانەی لە ڕۆژی شەممە سەرپێچی فەرمانی خودایان کرد وڕاوە ماسییان کرد خودا ﷻ کردیانی بە مەیمون وڕیسوای کردن ، القرطبی دەڵێت : مالك دەڵێت : هۆکاری موسڵمان بوونی کەعبی ئەحبار سەرەتا ئەوە بوو کە لە شەودا بەلای پیاوێکدا تێپەڕی ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَـٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلۡنَا﴾ ، دەستەکانی خستە سەر

ڕوخساری وگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی وموسڵمان بوو ، وگوتی : سوێند بە خودا ترسام نەگەمە ماڵەوە وڕوخسارم تێك بچێت .

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾﴾ بێگومان خودا خۆش نابێت لە هاوبەش بڕیاردان ، وخۆش دەبێت لە هەر تاوانێك جگە لە هاوبەش دانان بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت ، وهەرکەس هاوبەش بۆ خودا دابنێت بەڕاستی درۆ وتاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە .

هاوبەش دانان بۆ خودا گەورەترین تاوانە ، وتەنها تاوانە کە بە هۆیەوە لە دۆزەخدا خاوەنەکەی بە هەمیشەیی دەمێنێتەوە ، ئەگەر پەشیمان نەبێتەوە وتەوبەی لیٚ نەکات ، ودوو جۆرە : هاوبەش دانانی گەورە کە خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلام دەردەکات وپێویستە دووبارە موسڵمان ببێتەوە ، وهاوبەش دانانی بچووك خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلام دەرناکات ، بەڵام تووشی تاوانی گەورەی دەکات وپێویستە تەوبەی لیٚ بکات ، بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا ﷺ کام تاوان لە هەموو تاوانەکانی تر گەورەترە ؟ ، فەرمووی : هاوبەش بۆ خودا دابنێیت کە دروستی کردوویت ، گوتم : بێگومان ئەوە زۆر گەورەیە ؛ وهاوبەش دانان لە هەرسیٚ جۆرەکەی بیروباوەڕدا بوونی هەیە : هاوبەش دانان بۆ خودا لە پەروەردگارێتیدا ، وەك ئەوەی کەسێك بیروباوەڕی هەبێت بەوەی کەسێك دەتوانێت ڕۆزی بدات یان منداڵی پێببەخشێت ، وهاوبەش دانان بۆ خودا لە پەرستشدا ، وەك : پاڕانەوە لە گۆڕ یان ئاژەڵ سەربڕین بۆ جگە لە خودا ، وهاوبەش دانان لە ناو وسیفەتەکانی خودا ، وەك ئەوەی کەسێك باوەڕی هەبێت بەوەی کەسێك پەنهان "غەیب"

دەزانێت ، الطيالسی لە ئەنەسەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ستەمی بەندەکان سێ جۆرە : ستەمێك خودا لە خاوەنەکەی خۆش نابێت ، وستەمێك لە خاوەنەکەی خۆش دەبێت ، وستەمێك مافی لێ وەردەگیرێتەوە ، ئەو ستەمەی کە خودا لە خاوەنەکەی خۆش نابێت هاوبەش دانانی بەندەیە بۆ خودا ، وئەو ستەمەی کە خودا لە خاوەنەکەی خۆش دەبێت ستەمی بەندەیە لە نێوان خۆی وپەروەردگاری ، وئەو ستەمەی مافی لێ وەردەگیرێتەوە ستەمی بەندەکانە لە یەکتر ، خودا تۆڵەیان بۆ دەکاتەوە ومافەکان بۆ خاوەن مافەکان دەگەڕێنێتەوە ؛ وئەبوداود وئیبن حبان لە ئەبودەردائەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەموو تاوانێك ئومێد هەیە خودا لێی خۆش بێت ، کەسێك نەبێت لەسەر هاوبەش بۆ خودا دانان بمرێت ، وکەسێك باوەڕدارێك بە ئەنقەست بکوژێت ؛ السندی لەسەر ئەم فەرموودەیە دەڵێت : وەك ئەوەیە مەبەستی ئەوە بێت هەموو تاوانێك ئومێد هەیە خودا بەبێ سزادان لێی خۆش بێت ، جگە لە کوشتنی باوەڕدار خودا لە بکوژەکە خۆش نابێت وسزای دەدات ، وکوفر وهاوبەش دانان خودا لە خاوەنەکەی خۆش نابێت ؛ ومسلم لە جابرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ گوتی : ئەو دوو شتە چین کە بەهەشت یان دۆزەخ بۆ خاوەنەکانیان پێویست دەکەن ، فەرمووی : هەرکەسێك بمرێت هاوبەش بۆ خودا دانەنێت دەچێتە بەهەشتەوە ، وهەرکەسێکیش بمرێت شتێکی کردبێتە هاوبەشی خودا دەچێتە ئاگرەوە ؛ زانایانی ئەهلی سوننەت ناکۆکن ئایا ئەم ڕەهاییەی کە لەم ئایەتەدا هاتووە کەسی نوێژ نەکەریش دەگرێتەوە ؟ جمهوری زانایان بۆچوونیان وایە کە کەسی نوێژنەکەر لەبەر تەمبەڵی یان هەندێك جار نوێژەکانی ئەنجام بدات وهەندێك جار وازیان لێ بهێنێت ،

تاوانی گەورەی ئەنجامداوە بەڵام لە بازنەی ئیسلام دەری ناکەن ئەگەر باوەڕی بە واجب بوونی نوێژ هەبێت ، ئیبن القیم دەڵێت : موسڵمانان ناکۆکنین کە وازهێنان لە نوێژە فەرزەکان بە ئەنقەست لە تاوانە زۆر گەورەکانە ، وتاوانی لە کوشتن وبردنی سامانی خەڵك وزینا ودزی ومەیخواردنەوە گەورەترە ، وخاوەنەکەی شایستەی سزا وتورەیی خودایە ﷻ وریسوایە لە دونیا ودوارۆژیش ؛ ووەڵامی هاوشێوەی ئەو فەرموودانەی داوەتەوە کە مسلم لە جابرەوە ﵁ ریوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان لە نێوان مرۆڤ ونێوان شیرك وکوفردا ئەنجام نەدانی نوێژە ؛ بەوەی کە ئەو کوفرەی باسکراوە کوفری بیروباوەڕ نییە هەتاکو نەسەلمێت کە لە ناخەوە باوەڕی بە ئەنجامدانی نوێژ نییە ، ئیبن تیمیە دەڵێت : هەرکات کەسێك ئامادە نەبوو نوێژبکات هەتا دەکوژرێت ئەوکەسە لە ناخدا باوەڕی بە واجبوونی نوێژ نییە ، وئەو کەسە کافرە بە کۆ دەنگی موسڵمانان ؛ وئیبن القیم دەڵێت : جێی سەرسوڕمانە گومان هەبێت لە بێباوەڕی ئەو کەسەی پێداگرە لەسەر ئەنجامدانی نوێژ ، لە کاتێکدا بانگ بکرێت وبە پێش چاوییەوە بریسکەی شمشێر ببینێت ولەسەری بەرزکراوەتەوە ، وکۆت وبەند کرابێت وچاوەکانی ببەسرێتەوە بۆ ئەوەی بکوژرێت ، وپێی بگوترێت : نوێژ دەکەیت یان دەتکوژین ، بڵێت : بمکوژن ، هەرگیز نوێژ ناکەم ؛ وئیبن ئەبوعاصم لە ئیبن عومەرەوە ﵄ ریوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئێمە ئاگری دۆزەخمان بە پێویست دەزانی بۆ خاوەن تاوانە گەورەکان هەتاکو ئەم ئایەتە دابەزییە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ﴾ ، ئیدی پێغەمبەری خودا ﷺ یاساغی ئەوەی لێکردین کە ئاگری دۆزەخ بۆ کەس لە ئەهلی ئاین پێویست بکەین ؛ والنسائی لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ﵁ ریوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی

داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پەروەردگار فەرمان دەکات ودەفەرموێت : هەرکەس بە ئەندازەی کێشی دینارێك باوەڕ لە دڵیدا بێت لە ئاگر دەریبهێنن ، پاشان فەرمووی : بە ئەندازەی کێشی نیو دینار ، هەتاکو دەفەرموێت : دەریبهێنن هەرکەس بە ئەندازەی مێرووولەیەکی بچوك باوەڕ لە دڵیدا بێت ، ئەبوسەعید رضي الله عنه گوتی : هەرکەس باوەڕ ناکات با ئەم ئایەتە بخوێنێتەوە : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾﴾ ؛ وئیبن ئەبوعاصم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ئێمە داوای لێخۆشبوونمان بۆ ئەو کەسانە نەدەکرد کە تاوانی گەورەیان ئەنجام دەدا هەتاکو بیستمان لە پێغەمبەرمانەوە ﷺ دەیفەرموو : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾﴾ ، وفەرمووی : من شەفاعەت کردنم هێشتووەتەوە بۆ خاوەن تاوانە گەورەکانی ئوممەتەکەم لە ڕۆژی قیامەتدا ، ئیدی وازمان هێنا لە زۆرێك لەو شتانەی لە دەروونماندا هەبوو بەرامبەر خاوەن تاوانەگەورەکان .

﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُمۚ بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ وَلَا يُظۡلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٤٩﴾﴾

ئایا نەتروانیوەتە ئەو کەسانەی پاکانە بۆ خۆیان دەکەن وبە خۆیاندا هەڵدەدەن ؟! نەخێر وانییە بەڵکو تەنها خودایە پاکی دەکاتەوە هەرکەسێك بیەوێت ، وبە ئەندازەی ئەو دەزووەی لەسەر شەقی ناوکە خورمایە ستەمیان لێناکرێت .

شەوکانی دەڵێت : ڕاڤەکارانی قورئان کۆدەنگن کە ئەم ئایەتە لەسەر جوولەکەکان دابەزیوە ، بەڵام ناکۆکن لەوەی بەچییەوە دەنازین وبەخۆیاندا هەڵدەدا ، حەسەنی بەصری وقەتادە دەڵێن : ئەو گوتەیە بوو کە دەیانگوت : ﴿نَحۡنُ أَبۡنَـٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّـٰٓؤُهُۥۚ ١٨﴾(المَائِدَة) ، وئەوەی کە دەیانگوت : ﴿لَن يَدۡخُلَ ٱلۡجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوۡ نَصَٰرَىٰۗ ١١١﴾(البَقَرَة) ، والضحاك دەڵێت : ئەو گوتەیە بوو کە دەیانگوت : ئێمە تاوانمان نییە وەك منداڵ پاکین ؛ ئەم ئایەتە یاساغی ئەوە دەکات کەسێك بە شان وشەوکەتی خۆیدا هەڵبدات وپاکانە بۆ خۆی بکات ، مسلم لە میقدادی کوڕی ئەسوەدەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی پێکردین خۆڵ بکەین بە ڕوخساری ئەو کەسانەی وەسف وپیاهەڵدان دەکەن ؛ وئیبن ماجە لە موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : وریای پیاهەڵدانبن چونکە سەربڕینە ؛ جێی باسە ئەو حوکمە تەنها تایبەت نییە بەوەی کەسێك بە خۆیدا هەڵبدات ، بەڵکو پیاهەڵدان وپاکانەکردن بۆ کەسانی تریش دەگرێتەوە ، وبوخاری ومسلم لە ئەبوبەکرە نەفیعی کوڕی حارثەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ گوێی لە پیاوێك بوو بە کەسێکیدا هەڵدەدا ، فەرمووی : تیاچوون بۆ تۆ ، گەردنی هاوەڵەکەت قرتاند ، پاشان فەرمووی : ئەگەر کەسێك لە ئێوە ناچاربوو وەسف وپیاهەڵدان بکات بۆ هاوەڵەکەی بابڵێت : ((أَحْسَبُهُ كَذَا وَلَا يُزَكِّي عَلَى اللَّهِ أَحَدًا)) ؛ ومسلم لە محمدی کوڕی عەمرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کچەکەم ناونا (برة) واتە : چاکەکار ، زەینەبی کچی ئەبوسەلەمە رضي الله عنهما پێی گوتم : پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو ناوەی قەدەغە کردووە ، وفەرمووی : پاکانەی خۆتان مەکەن وبەخۆتاندا هەڵمەدەن ، خودا دەزانێت کێ لە ئێوە چاکەکارە ، گوتیان : ناوی

چی لێ بنێین ؟ ، فەرمووی : ناوی بنێن زەینەب ؛ القرطبی دەڵێت : قورئان وسوننەت بەڵگەن لەسەر قەدەغەکردنی بە خۆدا هەڵدان وپاکانەکردنی ، ئەوەش کە لە بابەتی پاکانە بۆ خۆکردنە ئەوەیە ئێستا زۆر بڵاوبووەتەوە لە وڵاتی میصر لە وەسف کردنی خۆیان بە کۆمەڵە وەسفێك کە مانای پاکانەکردنی خود ونەفسە وەك : (محی الدین) وهاوشێوەکانی ، پاشان دەڵێت : مەبەست لەو کەسانەیە کە بە ئامادەیی خۆیان بە ناڕەوا پیایاندا هەڵدەدرێت ووەسف دەکرێت بە شتانێك کە تیایاندا نییە ، هەتاکو ئەوە دەبێتە کاڵایەك پێوەی بخۆن وپیا هەڵدراوەکەش تووشی فیتنە بکەن ، بەڵام باسکردنی کەسێك بە کردارێکی جوان کە تیایدایە بۆ ئەوەی ببێتە هاندان بۆ هاوشێوەکانی وخەڵکیش چاوی لێبکەن ، بە پاکانە کردن وپیاهەڵدان ئەژمار ناکرێت ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ وەسف کراوە وپیایاندا هەڵداوە لە شیعر وگوتاردا لە کاتێکدا کە گفتوگۆیان لەگەڵ کردووە وخۆڵی نەکردووە بە ڕوخساری ئەو کەسانەدا کە ئەو کارەیان کردووە ؛ جێ ئاماژە پێکردنە لێرە باسی بابەتێك بکەین کە دەتوانرێت بگوترێت بەڵای سەردەمە ، ئەویش پیاهەڵدان وگەورە کردنی کەسانێکە ووەسف کردنیانە بە پێشەوا یان مامۆستا یان سەلەفی ، ئەوە لە کاتێکدا البربهاری دەڵێت : حەڵاڵ نییە بۆ کەسێکی موسڵمان بڵێت : فلانە کەس خاوەن سوننەتە (صاحب سنة) ، هەتاکو لە حاڵی شارەزا دەبێت کە هەموو خەسڵەتەکانی سوننەتی تێدا کۆ بووەتەوە ، وپێی ناگوترێت : خاوەن سوننەت ، هەتاکو هەموو سوننەتی تێدا کۆ نەبووبێتەوە ، ولە بەرامبەریشدا دەبێت بزانرێت **کەسایەتی** (عرض) **موسڵمان حەرامە** ونابێت وەسف بکرێت بە وەسفێك کە مانای دەرکردنی لە سوننەت وسەلەفییەت بگەیەنێت ، وەك ئەحمەد دەڵێت : دەرکردنی خەڵك لە سوننەت کارێکی گەورەیە ؛ البیهقی والعقیلی لە سلیمانی کوڕی حەربەوە ڕیوایەتیان کردووە

وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کەسێك گەواهیدا لای عومەر ﷺ ، عومەر ﷺ پێی گوت : من بێگومان تۆ ناناسم ، وئەوەی کە من ناتناسم زیانت پیٚ ناگەیەنێت ، کەسێك بهێنە کە بتناسێت ، کەسێك گوتی : من دەیناسم ئەی ئەمیری باوەڕداران ! ، گوتی : چۆن دەیناسیت ؟ گوتی : بە دادگەریێتی (العدالة) ! ، عومەر ﷺ گوتی : ئایا دراوسێی نزیکتە ، وئاگات لە شەو ورۆژ ، وچوونە ماڵی ودەرچوونی هەیە ؟! ، گوتی : نەخێر ، گوتی : ئایا بازرگانیت لەگەڵدا کردووە بە دینار ودرهەم کە دەبنە بەڵگە لەسەر پارێزکاری مرۆڤ ودوورکەوتنەوە لە شتی گوماناوی ؟ ، گوتی نەخێر ، گوتی : ئایا هاوەڵێیت کردووە لە سەفەردا کە دەبێتە هۆکاری دەرخستنی سیفاتە جوانەکان ؟ گوتی : نەخێر ، عومەر ﷺ گوتی : تۆ ئەو کەسە ناناسیت ! پاشان بەو کەسەی گوت : کەسێکی تر بهێنە گەواهیت بۆ بدات ؛ وپرسێك زانایان ناکۆکن دەربارەی کە بە پرسی (الإستثناء في الإيمان) ناسراوە ، ئایا کەسێك دەتوانێت بڵێت : من باوەڕدارم ؟ ، یان دەبێت بڵێت : من باوەڕدارم ئەگەر ویستی خودای لەسەربێت ؟ ، هەندێك لە زانایان دەڵێن : دروست نییە کەسێك بڵێت : من باوەڕدارم هەتاکو نەڵێت : بەویستی خودا ، چونکە مرۆڤ نازانێت کەی ولەسەر چ حاڵێك دەمرێت ، وهەندێك دەڵێن : نابێت بڵێت من باوەڕدارم نەلەبەر ئەو هۆکارە ، بەڵکو کەسێك بڵێت : من باوەڕدارم ئەوە پاکان بۆ خۆکردن وپیاهەڵدان وگەواهیدانە لەسەر ئەوەی کە چارەنووسی بۆ بەهەشتە ، وهەندێك دەڵێن : کەسێك بە ڕەهایی بڵێت من باوەڕدارم دەبێت هەموو فەرمان پێکراوەکانی ئەنجامدا بێت وخۆی پاراستبێت لە هەموو یاساغی لیٚ کراوەکان ، وسوننەتەکانی ئەنجامدا بێت ودوور کەوتبێتەوە لە مەکروهەکان ، لەبەر ئەوە دەبێت بڵێت : من باوەڕدارم بە ویستی خودا ، وهەندێك دەڵێن : دروست نییە بڵێت من باوەڕدام "إن شاء الله" بەڵکو

دەبێت بڵێت من باوەڕدارم ، چونکە ئەوە گومانە ، وگومانیش لە باوەڕ کوفرە ، ودەبێت بە بێگومان بڵێت من باوەڕدام ، چونکە دوودڵی لە باوەڕدا کوفرە ، ئیبن عثیمین دەڵێت : ئەوەی پەسەندە لەم پرسە ئەوەیە بگوترێت : چی پاڵنەر بوو ئەو کەسە بڵێت : من باوەڕدارم ، لەو ڕوانگەیەوە حوکمی لەسەر دەدرێت ، ئەگەر پاڵنەرەکەی بە خۆدا هەڵدان بوو ئەوە ئەو گوتەیە حەرامە ، چونکە خودا دەفەرموێت : ﴿فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ ﴿٣٢﴾﴾(النَّجْم) ، پاشان ئەمە وەك نازکردن ومننەتکردنە بەسەر خودا ﷻ ، وخودا بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێت : ﴿يَمُنُّونَ عَلَيۡكَ أَنۡ أَسۡلَمُواْۖ قُل لَّا تَمُنُّواْ عَلَيَّ إِسۡلَٰمَكُمۖ بَلِ ٱللَّهُ يَمُنُّ عَلَيۡكُمۡ أَنۡ هَدَىٰكُمۡ لِلۡإِيمَٰنِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١٧﴾﴾(الحُجُرَات) ، ئەگەر گوتی من باوەڕدارم وەك : لەخۆبایی بوون دروست نییە ، چونکە پاکانە بۆ خۆ کردن یاساغی کراوە وحەرامە ، بەڵام ئەگەر مەبەستی هەواڵدان بوو ، واتە : ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت بڵێت من باوەڕدارم وبێباوەڕنیم ، ئەو کاتە ئاساییە ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ بە کۆمەڵە کەسێك کە لە ڕێگەی حەج پێی گەیشتوون پێی فەرموون : ئێوە کێن ؟ گوتیان : ئێمە موسڵمانین ، چونکە مەبەستیان ئەوە بووە لە بێباوەڕان نین ، بەڵام ئەگەر پرسیاری لێکرا : ئایا تۆ باوەڕداریت ؟ لە وەڵامدا بڵێت : "إن شاء الله" و دوو دڵبێت ئەوە کوفرە ، بەڵکو دەبێت دڵنیا بێت وبێگومان بڵێت : من باوەڕدارم ، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوەبوو کە باوەڕی بەویستی خودایە وبە هەوڵ وهێزی خۆی نییە ، ئەمە ئاساییە ، چونکە هەندێك جار شتی واقیعیش وابەستەی ویستی خودا دەکرێت ، وەك خودا دەفەرموێت : ﴿لَتَدۡخُلُنَّ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ ﴿٢٧﴾﴾(الفَتْح) ، وئەم ئایەتە ئەوەشی تێدایە کە خودا هیچ ستەم لە بەندەکانی ناکات ،

چونکە ستەمی لەسەر نەفسی خۆی حەرام کردووە ، مسلم لە ئەبوذەری غەفارییەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ لە خوداوە ﷻ دەگێڕێتەوە فەرموویەتی : ئەی بەندەکانم من ستەمم لەسەر نەفسی خۆم حەرام کردووە ، وستەمم لە نێوان ئێوەشدا حەرام کردووە ، ستەم لە یەکتر مەکەن .

﴿ٱنظُرْ كَيْفَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۖ وَكَفَىٰ بِهِۦٓ إِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٠﴾﴾ بڕوانە چۆن درۆ بۆ خودا دەکەن ! ، ئەوەی دەیلێن بەسە بۆ ئەوەی دەرکەوێت درۆزنن ودرۆیەکی ئاشکرا وڕوونە دەیکەن ، یان تەنها ئەوەیان بەسە لە سەری سزا بدرێن چونکە تاوانێکی ڕوون وئاشکرایە .


ڕاڤەکاران دەڵێن : مەبەست لە خاوەن کتێبەکانە کە بە ناوی خودا ﷻ درۆیان دەکرد ، وپاکانەیان بۆ خۆیان دەکرد وبەخۆیاندا هەڵدەدا ودەیانگوت : ئێمە نەوەی خوداین وخۆشەویستی خوداین ؟! ، یان : ئاگر چەند ڕۆژێك دەمانسوتێنێ پاشان خەڵکانی تر دەبنە جێگرەوەی ئێمە لە دۆزەخدا ! ، یان : هەرکەسێك جوولەکە وگاور نەبێت ناچێتە بەهەشتەوە ! ، ئەم ئایەتە سەرنج ڕاکێشانی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی بەبێ زانستی شەرعی بە ناوی خودا وپێغەمبەرەکەیەوە ﷺ قسە دەکەن ودەڵێن : ئەو شتە حەڵاڵە یان حەرامە ، هاوەڵانی ئەحمەد لێی دەگێڕنەوە کە پرسیاری لێکرابا دەربارەی حوکمێك ، ئەگەر بە دەق هاتبێت بڵێت : حەرامە ، دەیگوت : حەرامە ، بەڵام ئەگەر یاساغی لێ کرابێت ، دەیگوت : ئەوە یاساغ کراوە ، یان پێم ناخۆشە ، یان خراپە ؛ قسەکردن بەبێ زانست بە ناوی ئاینی خوداوە کارێکی زۆر ترسناکە کە لە چەندان دەقی قورئان وسوننەتدا هۆشداری دراوەتە ئەو کەسانە ، خودا دەفەرموێت : ﴿وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ

ٱلۡكَذِبَ لَا يُفۡلِحُونَ ١١٦﴾(النَّحل) ، وئەحمەد ومسلم لە پێشەکی صەحیحەکەیدا وئیبن ماجە لە سەمورەی کوڕی جوندبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس فەرموودەیەك لە منەوە بگێڕێتەوە گومانی وابێت درۆیە ، ئەو کەسەش یەکێکە لە درۆزنەکان .

﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبٗا مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ سَبِيلًا ٥١﴾ نەتڕوانیوەتە ئەو کەسانەی کە بەشێك لە کتێبیان پێبەخشراوە ، باوەڕ دەهێنن بە جادو وهەموو شتێکی پڕوپوچ وهەموو تاغوت ولە سنور دەرچوویەك ؟! ، وبە بێباوەڕان دەڵێن : ئاینی ئێوە لە ئاینی ئەو کەسانە باشترە کە باوەڕیان بە محمد ﷺ هێناوە .

ڕاڤەکارانی قورئان چەند لێکدانەوەیەکیان بۆ : ﴿بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ﴾ کردووە ، بوخاری لە عومەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿بِٱلۡجِبۡتِ﴾ جادووە ، ﴿ٱلطَّٰغُوتِ﴾ شەیتانە ، ودیسان بوخاری لە عیکرمەوە ڕیوایەتی کردووە : دەڵێت : ﴿بِٱلۡجِبۡتِ﴾ بە زمانی حەبەشە مانای شەیتانە ، و﴿ٱلطَّٰغُوتِ﴾ مانای فاڵچییە ، وگوتراوە : ﴿بِٱلۡجِبۡتِ﴾ مانای ئەو بت وپەیکەرانەیە کە بێباوەڕان دەیانپەرستن ، ومانای تریش گوتراوە ، بەڵام ئیبن القیم بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی تاغوت دەکات ودەڵێت : هەموو شتێك بەندە لە سنوری خۆی دەریبکات ، جا پەرستراوبێت ، یان شوێنکەوتە ، یان گوێ لێگیراو ئەوە تاغوتە ، دیارە مەبەستی ئەوەیە بە ڕەزامەندی خۆیان بێت ، چونکە گاورەکان عیسای پێغەمبەریان عليه السلام لە سنوری خۆی دەرکردووە ، وەك خودا دەفەرموێت

: ﴿وَإِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ءَأَنتَ قُلۡتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيۡنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أَقُولَ مَا لَيۡسَ لِي بِحَقٍّۚ إِن كُنتُ قُلۡتُهُۥ فَقَدۡ عَلِمۡتَهُۥۚ تَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِي وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ ١١٦﴾(المَائِدَة) ، یان هەندێك لە گۆڕ پەرستەكان لە گۆڕەكەی عبدالقادری گەیلانی یان پیاوچاكانی تر دەپاڕێنەوە ، یان ئەو ڕافیزانەی كە كەسوكاری پێغەمبەری خودایان ﷺ لە سنوری خۆیان دەركردووە ولێیان دەپاڕێنەوە ودەیانپەرستن ، بەڵام ئەو پێغەمبەر وپیاوچاكانە تاوانیان نییە ، چونكە ڕازی نین بەو لە سنور دەركردنەیان ، ومحمدی كوڕی عبدالوهاب دەڵێت : تاغوتەكان زۆرن ، بەڵام سەركردەكانیان پێنجن : یەكەم : شەیتانە كە بانگەواز دەكات بۆ پەرستنی جگە لە خودا ﷻ ، دووەم : دەسەڵاتداری ستەمكار كە حوكمەكانی خودا دەگۆڕێت ، سێیەم : ئەو كەسەی حوكم دەكات بە جگە لەوەی خودا دایبەزاندووە ، چوارەم : ئەو كەسەی بانگەشەی زانستی پەنهان "غیب"بكات ، پێنجەم : ئەو كەسەی دەپەرسترێت جگە لە خودا ، وڕازی بێت بەوەی دەیپەرستن ، ئیبن حبان لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : كاتێك كەعبی كوڕی ئەشرەفی جوولەكە چوو بۆ مەككە ، خەڵكی مەككە هاتن بۆ لای ، وپێیان گوت : ئێمە دەرگاوانی كەعبەین وئاو دەدەین بە حاجییەكانیماڵی خودا ، وتۆش دەم سپی (یثرب)بیت ، ئایا ئێمە باشین یان ئەم وەجاغ كوێرە لاوازە بێ پشت وپەنایە كە تەریك بووە لە گەلەكەی بانگەشەی ئەوە دەكات ئاینەكەی لە ئاینی ئێمە باشترە ؟! گوتی : ئێوە لەو باشترن ، ئەم ئایەتە دابەزییە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ : ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ٣﴾(الكَوثَر) ، وئەم ئایەتەشی بۆ دابەزی : ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ


الجُزْءُ الخَامِسُ   سُورَةُ النِّسَاءِ

أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُۖ وَمَن يَلۡعَنِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ نَصِيرًا ٥٢
أَمۡ لَهُمۡ نَصِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُلۡكِ فَإِذٗا لَّا يُؤۡتُونَ ٱلنَّاسَ نَقِيرًا ٥٣ أَمۡ
يَحۡسُدُونَ ٱلنَّاسَ عَلَىٰ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦۖ فَقَدۡ ءَاتَيۡنَآ
ءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَءَاتَيۡنَٰهُم مُّلۡكًا عَظِيمٗا ٥٤
فَمِنۡهُم مَّنۡ ءَامَنَ بِهِۦ وَمِنۡهُم مَّن صَدَّ عَنۡهُۚ وَكَفَىٰ بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا ٥٥
إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا سَوۡفَ نُصۡلِيهِمۡ نَارٗا كُلَّمَا نَضِجَتۡ
جُلُودُهُم بَدَّلۡنَٰهُمۡ جُلُودًا غَيۡرَهَا لِيَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ
عَزِيزًا حَكِيمٗا ٥٦ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَنُدۡخِلُهُمۡ
جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ لَّهُمۡ فِيهَآ
أَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞۖ وَنُدۡخِلُهُمۡ ظِلّٗا ظَلِيلًا ٥٧ ۞إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ
أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن
تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا
بَصِيرٗا ٥٨ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي
ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ
تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩

٨٧

ٱلۡكِتَٰبِ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ سَبِيلًا ﴿٥١﴾ .

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُۖ وَمَن يَلۡعَنِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ نَصِيرًا ﴿٥٢﴾﴾ ئەوانەی کە شوێنی جادوگەر وفاڵچی وشەیتان کەوتن خودا نەفرەتی لیّ کردن ، وهەرکەس خودا نەفرەتی لێبکات کەسێك نادۆزیتەوە سەرخەر وپشت وپەنای بێت .

﴿أَمۡ لَهُمۡ نَصِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُلۡكِ فَإِذٗا لَّا يُؤۡتُونَ ٱلنَّاسَ نَقِيرًا ﴿٥٣﴾﴾ ئایا ئەوانە بەشیان لە دەسەڵاتدا هەیە ؟! ، ئەگەر دەسەڵاتیان هەبووایە لەبەر ڕژدییان ئەندازەی ئەو کونەی کە لەسەر پشتی ناوکی خورمایە بە خەڵکیان نەدەدا .

خودا لێرە ڕژدی جوولەکەکان دەردەخات کە ئامادەنین بەشێك لە ناوکی خورما بە خەڵك ببەخشن ! ، ئیدی چۆن خەمی خەڵك دەخۆن ورێگای ڕاستیان نیشان دەدەن ، ئەوە لە کاتێکدا بیّ دەسەڵات بوون ، خۆ ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت ، وەك ئەوەی ئێستا واقیعە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی تێکدانی ئاین وژیانی خەڵك دەدەن بەگشتی وموسڵمانان بە تایبەتی .

﴿أَمْ يَحْسُدُونَ ٱلنَّاسَ عَلَىٰ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۖ فَقَدْ ءَاتَيْنَآ ءَالَ إِبْرَٰهِيمَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَءَاتَيْنَٰهُم مُّلْكًا عَظِيمًا ﴿٥٤﴾﴾ ئایا ئیرەیی بە خەڵك دەبەن لەسەر ئەوەی کە خودا لە فەزڵی خۆی پێی بەخشیون ؟! ، بێگومان ئێمە کتێب ودانایيمان بەخشییە ئیبراهیم ﷺ ، ودەسەڵاتێکی گەورەمان بە نەوەکانی بەخشی .

ئەو خەڵکەی لێرە باسکراوە مەبەست پێی پێغەمبەری خودایە ﷺ ، وگوتراوە : هاوەڵان ونەتەوەی عەرەبیش دەگرێتەوە ، چونکە جولەکەکان ئیرەییان پێدەبردن کە خودا ﷻ فەزڵی بەسەردا کردن ، وپێغەمبەری لە نەتەوەی عەرەب هەڵبژارد وکردییە پێغەمبەر بۆ هەموو مرۆڤایەتی ، ئەوە لە کاتێکدا لە پێشدا خودا ﷻ لە نەوەکانی ئیبراهیم ﷺ کۆمەڵە پێغەمبەرێکی هەڵبژارد ودەسەڵاتی فراوانی پێبەخشین ، الطبری دەڵێت : ﴿وَءَاتَيْنَٰهُم مُّلْكًا عَظِيمًا ﴿٥٤﴾﴾ مەبەست لەو دەسەڵاتە : دەسەڵاتەکەی پێغەمبەر سولەیمانە ﷺ ، لەگەڵ ئەوەشدا ملکەچ نەبوون وسەرپێچی پێغەمبەرەکانیان دەکرد ، بەڵکو هەندێکیان دەکوشتن ؛ پێویستە موسڵمانان خۆیان بپارێزن لە ئیرەیی بردن بە خەڵك ، چونکە تاوانێکی گەورەیە ، بوخاری ومسلم لە ئەنەسەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بارقتان لە یەکتر نەبێت ، وئیرەیی بەیەك مەبەن ، وپشت لە یەکتر هەڵمەکەن ، وهەمووتان پێکەوە بەندەی خودابن ؛ النسائی وئیبن حبان لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە دڵی بەندەدا باوەڕ وئیرەیی بردن پێکەوە کۆنابنە ؛ زۆربەی زانایان دەڵێن : ئیرەیی بردن بریتییە لە ئاوات خواستن بۆ تیاچوونی ئەو نیعمەتەی بە

کەسێك بەخشراوە وئیرەیی پێدەبرێت ، وئیبن تیمیە دەڵێت : ئیرەیی بریتییە لەوەی کەسێك پێی ناخۆش بێت کە خودا نیعمەتی خۆی بەخشیوە بە ئەو کەسەی کە ئیرەیی پیٚ دەبات .

﴿فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ بِهِۦ وَمِنْهُم مَّن صَدَّ عَنْهُۚ وَكَفَىٰ بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا ﴿٥٥﴾﴾ هەندێکیان باوەڕیان بە پێغەمبەری خودا هێنا ، وهەندێکیان باوەڕیان نەهێنا وپشتیان هەڵکرد ، وهەوڵیان دەدا ڕێگری لە خەڵکیش بکەن باوەڕ بهێنن ، ئاگری دۆزەخیان بەسە بۆ سزادانیان کە ئاگرێکی بڵێسە سەندووی هەڵگیرساوە .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَٰهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُواْ ٱلْعَذَابَۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿٥٦﴾﴾ بێگومان ئەوانەی کە بێباوەڕن بە ئایەتەکانمان بە ئاگری دۆزەخ دەیانسوتێنین هەرکات پێستی لاشەیان برژا وهەڵقرچا ، ئەو پێستەیان دەگۆڕین بە پێستی تر بۆ ئەوەی سزا بچێژن ، بێگومان خودا بە توانایە وداناى کارلەجێیە .

ئەوەی جێی ئاماژەیە بێباوەڕان لە دۆزەخدا زۆر زلن ولاشەیان گەورەیە بۆ ئەوەی زیاتر سزا بچێژن ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نێوان شانەکانی بێباوەڕ سیٚ ڕۆژە ڕێگایە بۆ سوارییەك کە بە خێرایی لیٚ بخورێت ؛ ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ددانی کاکیلە یان کەڵپەی بێباوەڕ وەك کێوی ئوحودە ، وئەستووری پێستی بە ئەندازەی سیٚ ڕۆژە ڕێگایە ؛ وئیبن ماجە لە ئەنەسەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی

: دۆزەخییەکان دەگرین ، بە جۆرێك فرمێسکیان دەریا دروست دەکات ، کەشتی دەتوانێت پێیدا تێپەڕبێت ، ولە بری فرمێسك خوێن لە چاویان دەبارێت ؛ القرطبی دەڵێت : خەڵکانی بێباوەڕ تانە لە قورئان دەدەن دەڵێن : چۆن دروستە سزای پێستێك بدرێت کە تاوانی نەکردووە ؟ لەوەڵامدا پێی دەگوترێت : پێست سزا نادرێت بەڵکو ئێش وئازارەکەی لەسەر دەروونە ، چونکە دەروون هەست دەکات ، وگۆڕینی پێستەکەی بۆ زیاتر سزادانیانە ، والآلوسی دەڵێت : ﴿بَدَّلۡنَٰهُمۡ جُلُودًا غَيۡرَهَا﴾ واتە : لە بری پێستە سوتاوەکە پێستێکی تازەی جیاواز لە پێستە سووتاوەکەیان بۆ دروست دەکەین ئەگەرچی ماددە بنەڕەتیەکەی بوونی ماوە ، وسووتاوییەکە لەسەری لادەبرێت ، جێگەی پرسیار نییە کە پێستی دووەم تاوانی نەکردووە چۆن سزا دەدرێت ، چونکە تاوانبارە بە هۆی بنەڕەتەکەیەوە ، وتەنها سیفەتی گۆڕاوە ، من پێم وایە ئەم پرسیارە کەسی ژیر نایکات چ جای ئەوەی کەسێکی بەڕێز بیکات ، لەبەر ئەوەی سەرپێچی کردن وگوێڕایەڵی وسزا وچێژ بردنی پێست مانای نییە ، چونکە لە خودی خۆیدا جیاوازی نییە لە نێوان پێست وهەموو نازیندووەکانی تر لە ڕوانگەی ئەوەی کە هەستیان نییە ، ووەك ئامێرێك وایە .

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَنُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ لَّهُمۡ فِيهَآ أَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞۖ وَنُدۡخِلُهُمۡ ظِلّٗا ظَلِيلًا ۝٥٧﴾ وئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە وکردەوەی چاك ئەنجام دەدەن ، دەیانخەینە بەهەشتەوە چەندەها باخی تێدایە ڕووبار وجۆگەلەی ئاو بە ژێریان دەڕوات ، بە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە ، وخێزانی پاك وخاوێنیان بۆ هەیە ، ودەیانخەینە ژێر سێبەری فێنك وچڕ وپڕی بەردەوام ونەبڕاوەوە .

لەم ئایەتەدا خودا ﷻ باوەڕ وکردەوەی چاکی پێکەوە کۆکردووەتەوە ، ولە چەندان ئایەتی تردا دووبارە بووەتەوە ، ئیبن عثیمین دەڵێت : کردەوەی بێ باوەڕ سوودی نییە ، دووڕووەکان کردار دەکەن ، ویادی خودا دەکەن ، ونوێژ ئەنجام دەدەن ، ودەبەخشن ، بەڵام لەبەر ئەوەی باوەڕیان نییە هیچ سوودیان پێناگەیەنێت ؛ وکردەوە کاتێك لە شەریعەتدا پێی دەگوترێت کردەوەی باش وخودا قەبوڵی دەکات ، کە خاوەنەکەی بە نیاز پاکی بۆ خودا ئەنجامی بدات ، وبە گوێرەی سوننەتی پێغەمبەری خودا بێت ﷺ ؛ ﴿أَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞۖ﴾ پاکی هاوژینە بەهەشتیەکان بە ڕەهایی باسکراوە ، بۆ ئەوەی هەموو جۆرە پاکییە ماددی ومەعنەویەکانیش بگرێتەوە ، پاکن لە حەیز وهەموو پیسییەکانی تر ، وخووڕەوشت وزمانیان پاراوە لە هەموو خراپەیەك ، بە هەمان شێوە دوورن لە هەموو خووڕەوشتێکی ناشیرین ، ونموونەی ئەو سێبەرە چڕوپڕە بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە بەهەشتدا درەختێك هەیە سوار سەدساڵ بە ژێر سێبەرەکەیدا تێدەپەڕێت نایبڕێت وسێبەرەکەی کۆتایی نایەت .

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ٥٨﴾ بە دڵنیاییەوە خودا فەرمانتان پێدەکات ڕاسپێردراوەکان "ئەمانەت" بدەنەوە بە خاوەنەکانیان ، وئەگەر حوکمتان کرد لە نێوان خەڵکدا دادگەرانە حوکم بکەن ، بێگومان خودا بە باشترین شێوە ئامۆژگاریتان دەکات ، بێگومان خودا بیسەری گوتەکانتان وبینەری کردەوەکانتانە .

خودا ﷻ لەم ئایەتەدا فەرمان دەکات بە گەڕاندنەوەی ڕاسپاردەکان بۆ خاوەنەکانیان ، ئەمە هەموو ڕاسپاردەیەك دەگرێتەوە کە پێویستە لەسەر مرۆڤ بەجێی بهێنێت ، لە مافەکانی

خودا : نوێژ وزەکات وکەفارەت ونەزر ورۆژوو وهەموو ئەو مافانەی تری خوداش ﷻ بەسەر بەندەکانیەوە دەگرێتەوە ، کە لە نێوان خودا وبەندەکەیدایە وپەنهانە وخەڵك ئاگای لێی نییە ، ومافی مرۆڤەکانیش دەگرێتەوە وەك ئەو شتانەی بە ئەمانەت پێی ڕادەسپێرێت ودەبێت بیانگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان ، ئەبوداود والترمذی لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەمانەت بگەڕێنەوە بۆ ئەو کەسەی پێی ڕاسپاردوویت ، وخیانەت وناپاکی مەکە بەرامبەر ئەو کەسەی خیانەتی لیَ کردوویت ؛ وپێویستە موسڵمان خۆی بپارێزێت لە خیانەت کردن لە ئەمانەت ، چونکە یەکێکە لە سیفەتی دووڕووەکان ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە ودەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سیَ شت هەیە هەرکەسێك ئەو شتانەی تێدا کۆ ببێتەوە ئەوە دووڕووە ، ئەگەرچی ڕۆژوو بگرێت ونوێژیش بکات ، وبانگەشەی ئەوەش بکات کە موسڵمانە : هەرکەس قسەی کرد درۆ بکات ، وئەگەر بەڵێنیدا وەفادار نەبێت وبەجێی نەهێنێت ، وئەگەر ئەمانەتی لادانرا خیانەتی لیَ بکات ؛ وئەحمەد لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : چوار شت هەیە ئەگەر تۆ پەیڕەوت کردبن خەفەت مەخۆ بۆ هەر شتێکی تر کە لە دونیا لە دەستت چووە : ئەمانەت پارێزی ، ڕاستگۆیی ، وڕەوشت جوانی ، وحەلاڵ خۆری ؛ وئەحمەد لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : هیچ کات نەبووە پێغەمبەری خودا ﷺ گوتارمان بۆ بخوێنێت ئیللا دەیفەرموو : باوەڕی تەواو نییە هەرکەس ئەمانەت پارێز نەبێت ، وئاینی تەواو نییە هەرکەس بەڵێن وپەیمانی نەبێت ؛ وئەبوداود لە سەلیمی کوڕی جوبەیرەوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ،

دەڵێت : گوێم لە ئەبوهرەیرە بوو ﵁ ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ٥٨﴾ ، گوتی : پێغەمبەری خودام بینی ﷺ پەنجەگەورەکەی خستە سەر گوێی ، وپەنجەی گەواهیدانی خستە سەرچاوی ؛ ئیبن یونسی موقریء کە یەکێکە لە ڕاوییەکانی فەرموودەکە دەڵێت : مەبەستی : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا﴾ ئەوەیە کە خودا (سمع)ی هەیە ، وچاوی هەیە ، ئەبوداود دەڵێت : ئەمە وەڵامە بۆ جەهمییەکان ؛ ئەم فەرموودەیە وهاوشێوەکانی بەڵگەن بۆ مەزهەبی ئەهلی سوننەت وجەماعەت کە لە ناو وسیفاتەکانی خودای پەروەردگار تێدەگەن وماناکانیان لێك دەدەنەوە ، بەڵام چۆنییەتی نازانن ، واتە : دەڵێن : خودای پەروەردگار چاوی هەیە بەڵام بەشێوەیەکە کە شایستەی زاتی پیرۆزی پەروەردگارە ، ولە چاوی دروست کراوەکانی ناچێت ، لێرە (سمع) ناتوانرێت لێکدانەوەی بە گویٚ بۆ بکرێت چونکە بە بەڵگەی صەحیح جێگیر نەبووە باسی گویٚ بۆ خودای پەروەردگار بکات ، کە وابوو نە نەفی دەکەین ونە بۆی دەسەلمێنین ؛ ودادگەری لە حوکمدا ئیسلام گرنگییەکی زۆری پێداوە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە ودەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : حەوت کەس لە ڕۆژی قیامەتدا خودای پەروەردگار دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە هیچ سێبەرێك نییە سێبەری عەرشی خودا نەبێت : یەکەمیان کاربەدەستێکی دادگەرە ؛ والنسائی لە عوبادەی کوڕی صامتەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ودەڵێت : بەیعەتماندا بە پێغەمبەری خودا ﷺ لەسەر بیستنی فەرمانەکانی وگوێڕایەڵی کردنی ، لە کاتی خۆشی وناخۆشی ، وململانیٚ نەکەین

لەگەڵ دەسەڵاتداران ، ودادگەربین لە هەرکوێیەك بووین ، ولەبەر خودا لە لۆمەی هیچ لۆمە کارێك نەترسین ؛ ومسلم لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە : دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان کەسە دادگەرەکان لای خودای پەروەردگار لەسەر مینبەری بەرزن کە لە ڕووناکی دروست کراوە ، لای دەستی ڕاستی خودای میهرەبان وبە بەزەیی ، وهەردوو دەستی ڕاستە "ئیبن باز وئیبن عثیمین دەڵێن : لە بەخشین وفەزڵدا دەستی چەپی خودا ﷻ وەك دەستی ڕاستە" ، ئەو کەسانەی دادگەرن لە بڕیارەکانیان ولەگەڵ کەسوکاریان وهەرکەسێك کە سەرپەرشتیان دەکەن وبەڕێوەبردنیان دەکەوێتە ئەستۆ ؛ ئیبن ئیسحاق لە (السیرة)دا لە صەفیەی کچی شیبەوە ڕیوایەتی کردووە وئیبن کثیر وئیبن حەجەریش لە (العجاب)دا وزۆرێك لە ڕاڤەکارانی قورئان لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا هێناویانە ، دەڵێت : کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ هاتە شاری مەککە وخەڵك دڵنیابوونەوە ، ڕۆیشت بۆ کەعبە لەسەر سواریەکەیەوە حەوت جار بە دەوری کەعبەدا سوڕایەوە ، وگۆچانەکەی دەدا لە بەردە ڕەشەکە ، کاتێك لە تەوافەکەی بوویەوە ، بانگی عثمانی کوڕی ئەبوطلحەی کرد ، کلیلەکانی کەعبەی لێ وەرگرت ، دەرگاکانیان کردەوە وچوونە ناو کەعبەوە ، بینی کۆترێك لە چیلکە دروست کراوە بە دەستی خۆی شکاندی ، ولەبەر دەرگاکەی کەعبە وەستا ، لەو کاتەدا خەڵك لە مزگەوتدا کۆ بوونەوە بۆ بینینی ، پاشان لە مزگەوت دانیشت ، عەلی ﵁ هەستا چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، وکلیلەکانی کەعبەی بەدەستەوە بوو ، داوای لە پێغەمبەری خودا کرد ﷺ ، گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، دەرگاوانی کەعبەشمان لەگەڵ ئاودان بە حاجیانی ماڵی خودا پێببەخشە ، وئەو کلیلانەمان بدەرێ ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی :

عثمانی کوڕی طلحه لـه کوێیه ؟ ، بانگیان کرد ، فەرمووی : ئەوه کلیلەکانه وەریبگرەوه ، ئەمڕۆ ڕۆژی وەفاداری وچاکەکارییه .


﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خودا وگوێڕایەڵی پێغەمبەری خودا وکاربەدەستانتان بکەن ، ئەگەر لـه شتێك ناکۆك بوون بیگەڕێننەوە بۆ لای خودا وپێغەمبەر ، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خودا ورۆژی دوایی هەیە ، ئەوە چاکترین کردارە ، ئەو گەڕانەوەیە بۆ لای قورئان وسوننەت گەڕانەوەیە بۆ لای باشترین سەرچاوە بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان .

ئاینی ئیسلام ئاینێکی واقعییە هاتووە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژین وئاینی خەڵك ، لەو سۆنگەیەوە فەرمان بە موسڵمانان دەکات کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودابن وهەروەها گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەرەکەیبن ﷺ ، وگوێڕایەڵی کاربەدەستان بکەن کە بریتین لـه : فەرمانڕەوای موسڵمانان وزاناکانی ئاین ، کاتێك فەرمان بە خەڵك دەکەن بە کاروکردەوەیەك کە پێچەوانەی فەرمانی خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ نەبێت ، جێی داخە کە لەم سەردەمەدا زۆرترین چەواشەکاری بەرامبەر گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران کراوە لـه لایەن لاڕێکان وحیزبە ئیسلامییەکانەوە بەمەبەستی تۆمەتبارکردنی ڕێبازی سەلەفییەت بە لایەنگیری دەسەڵاتداران ، ئەوە لـه کاتێکدا خۆیان شەیدای کورسی ودەسەڵاتن ، وچۆن بۆیان بلوێت بەپێی بەرژەوەندی تەسکی تاکە کەسی وحیزبی بڕیارەکانیان دەگۆڕن ، بەڵام ئەو هەڵوێستەی سەلەفییەکان لـه دەسەڵات ودەسەڵاتدارانی موسڵمانان بەرمەبنای حەز

وئارەزوو نییە ، بەڵکو ئەوە بنەمایەکە لە بنەماکانی ئەهلی سوننەت وجەماعەت وزانایان لە دوو توێی نوسراوەکانیان کە بە درێژی باسیان کردووە ، ولەبەر نەڕشتنی خوێنی موسڵمانان بە ناڕەواو وکاول نەکردنی ولآت ونیشتمانە ، بوخاری ومسلم لە ئیبن عومەرەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە ودەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ببیستن وگوێڕایەڵی پێویستە لەسەر موسڵمان لە هەر شتێکدا کە پێی خۆشە یان پێی ناخۆشە ، ئەگەر فەرمانی پیێ نەکرا بە سەرپێچی خودا ، ئەگەر فەرمانی پێکرا بە سەرپێچی خودا گوێڕایەڵی ناکرێت ؛ وبوخاری لە ئەنەسەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە ودەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ببیستن وگوێڕایەڵبن ئەگەر ئەو کەسەی کرا بە فەرمانڕەواتان بەندەیەکی حەبەشی بوو قژی سەری وەك مێوژ وابوو ؛ ومسلم لە ئەبوذەرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : خۆشەویستم محمد ﷺ وەسییەتی بۆ کردووم کە ببیستم وگوێڕایەڵبم ، ئەگەر فەرمانڕاوەکە بەندەیەکیش بێت ودەست وپێشی بڕا بێت ؛ ئەو کاربەدەستانەی کە لەو فەرموودانە باس کراون دەبێت موسڵمانبن ، ئەوانە وچەندان فەرموودەی تری هاوشێوەیان لەسەر ئەو باسە هاتووە زۆر ڕاشکاوانە باسی گوێڕایەڵی کاربەدەستانی موسڵمانان دەکات ، ئیبن حزم دەڵێت : زانایان کۆدەنگن کە کاربەدەستی دروست نییە بۆ ئافرەت ، وبێباوەڕ ، ومنداڵ کە باڵغ نەبوو بێت ، وبۆ شێت ، والقاضی عیاض دەڵێت : هیچ ناکۆکییەك نییە لە نێوان موسڵماناندا لەسەر ئەوەی کاربەدەستی بۆ بێباوەڕ دانامەزرێت ، وئەگەر تووشی بێباوەڕی بێت بەردەوام نابێت لەسەر دەسەڵآت ، ئیبن حەجەر دەڵێت : کاربەدەست بە کوفر لە دەسەڵآت دوور دەخرێتەوە ، هەموو موسڵمانێك پێویستە بەو کارە هەستێت ، هەرکەس توانی بەو کارە هەستێت پاداشت دەدرێتەوە ، وهەرکەس مەرایی بکات تاوانبارە ، وهەرکەس بیێ توانا بوو دەبێت

لەو شوێنە کۆچ بکات ، وئەلبانی دەڵێت : ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ﴾ ئاشکرایە ئەوە تایبەتە بە موسڵمانان ، بەڵام بێباوەڕە داگیرکارەکان گوێڕایەڵی ناکرێن ، بەڵکو پێویستە موسڵمانان خۆیان ئامادە بکەن بۆ دەرکردنیان وپاك کردنەوەی وڵات لە پیسییان ، ولێکدانەوەی ﴿مِنكُمۡ﴾ بەوەی هەرکەسێك بووە کاربەدەستتان بیدعەیەکی قادیانییەکانە بەفیتی ئینگلیز بۆ ئەوەی موسڵمانان چەواشە بکەن وناچاری گوێڕایەڵی بێباوەڕە داگیرکارەکانیان بکەن ؛ وجێی باسە دەسەڵاتداران سێ جۆرن : یەکەم : دەسەڵاتداری موسڵمانی دادگەر ، پێویستە گوێڕایەڵی بکرێت وهاوکاری بکرێت ونزای خێری بۆ بکرێت ، دووەم : دەسەڵاتداری موسڵمانی ستەمکار وتاوانبار ، ئارامی لەسەر دەگیرێت ولە چاکەدا گوێڕایەڵی دەکرێت ، زانایان کۆڕان دروست نییە بەرهەڵستی بکرێت ودەرچوون بکرێت لە دەسەڵاتی ؛ ودەسەڵاتداری بێباوەڕ کە بەڵگەی ڕوون وئاشکرا هەبێت لەسەر بێباوەڕی ، وتوانا وهێز هەبێت بۆ لادانی بە کەمترین زیان پێویستە لەسەر کار لابدرێت ، وهەوڵ بدرێت موسڵمانێکی دادگەر لە شوێنەکەی دابنرێت ، هەموو ئەو نەهامەتی ودەردەسەریانەی ئەمڕۆ لە دونیای موسڵماناندا بەرجەستەیە ، بەرهەمی فیکری خەوارجەکانە کە هەڵپەی کورسی ودەسەڵات دەکەن ، لەو پێناوەشدا ئامادەن گرەو لەسەر ئاین وخوێن وخاك ونیشتیمانی موسڵمانان بکەن ، وچارەنووسی کردەوە ناعەقڵانیەکانیشیان چی دەبێت گرنگ نییە بە لایانەوە ، لەبەر ئەوە زانایانی موسڵمان لەسەردەمی خەلیفەی ڕاشیدی موسڵمانان عثمانەوە رضي الله عنه کە بە دەستی ئەو خەوارجە خوێن ڕێژە دونیا ویستانە زۆر نامرۆڤانە ودوور لە هەموو بەهاکانی ئاین لە ماڵەکەی خۆیدا بە ناڕەوا شەهیدیان کرد ، گرنگییەکی زۆریان بە پرسی دەسەڵات ودەسەڵاتداران داوە ، وپاڵپشت بەو ئایەت وفەرموودانە ئەو باسەیان بە درێژی باس

کردووە ، لای ئەهلی سوننەت ڕوون وئاشکرایە کە دەرچوون لە دەسەڵاتداران پێچەوانەی ڕێبازی ئەهلی سوننەت وجەماعەتە ، ولە کتێبەکانی بیروباوەڕدا ئەو باسە زۆر بە درێژی باسکراوە ، بوخاری ومسلم لە عەلی کوڕی ئەبوتالبە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە ودەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ کۆمەڵە جەنگاوەرێکی نارد بە ئەرکێك وکەسێکی لە پشتیوانان کردە بەرپرسیان ، وفەرمانی پێکردن گوێڕایەڵی بکەن ولە فەرمانی دەرنەچن ، لەسەر شتێك توڕەیان کرد ، گوتی : دار وسووتەمەنی کۆ بکەنەوە ! ، ئەوانیش بۆیان کۆکردەوە ، پاشان گوتی : ئاگرێك بکەنەوە ، ئەوانیش ئاگریان کردەوە ، پاشان گوتی : ئایا پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی پێنەکردن گوێڕایەڵیم بکەن ولە فەرمانم دەرنەچن ؟! گوتیان : بەڵێ ، گوتی : بچنە نێو ئەو ئاگرەوە !! ، لە یەکتریان ڕوانی ، گوتیان : بێگومان ئێمە لە ترسی ئاگر هەڵهاتین بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ ئەوەی لە ئاگری دۆزەخ ڕزگارمان بێت ، لەسەر ئەو مشتومڕە بەردەوام بوون ، هەتاکو توڕەیی بەرپرسەکەیان ڕەوییەوە وئاگرەکەش کوژایەوە ، کاتێك گەڕانەوە ئەو باسەیان بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ گێڕایەوە ، فەرمووی : ئەگەر بچونایەتە نێو ئاگرەکەوە لێی دەرنەدەچوون ، وتووشی سزای ئاگری دۆزەخ دەبوون ، بێگومان گوێڕایەڵی کاربەدەستان لە چاکە دەکرێت ؛ وديسان بوخاری ومسلم لە ئبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ﴾ دەربارەی عبداللەی کوڕی حذافە دابەزی کە پێغەمبەری خودا ﷺ کردیە بەر پرسی کۆمەڵە جەنگاوەرێك .


الجُزءُ الخَامِسُ — سُورَةُ النِّسَاءِ

أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ
وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ
وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦۖ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ
ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا ٦٠ وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ
ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيۡتَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ
صُدُودٗا ٦١ فَكَيۡفَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةُۢ بِمَا
قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنۡ أَرَدۡنَآ إِلَّآ
إِحۡسَٰنٗا وَتَوۡفِيقًا ٦٢ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ مَا
فِي قُلُوبِهِمۡ فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ وَعِظۡهُمۡ وَقُل لَّهُمۡ فِيٓ
أَنفُسِهِمۡ قَوۡلَۢا بَلِيغٗا ٦٣ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا
لِيُطَاعَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ
جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ
لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابٗا رَّحِيمٗا ٦٤ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ
حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ
أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ٦٥

٨٨

﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦۖ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا ٦٠﴾ ئایە نەترِوانیوەتە ئەو کەسانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن باوەڕیان بەو قورئانە هێناوە کە بۆت دابەزێنراوە ، وئەو کتێبانەشی پێش تۆ دابەزێنراوە ؟ ، دەیانەوێت داد ببەنە لای تاغوت ، ئەوە لە کاتێکدا فەرمانیان پێکراوە کە بێباوەڕن پێی ! ، وشەیتان دەیەوێت گومڕایان بکات گومڕاییەك کە زۆر لە هیدایەت دووریان بخاتەوە .

ئیبن عثیمین لەسەر ئەم ئایەتە پرسێکی گرنگی وروژاندووە ، کە بەداخەوە زۆربەی وڵاتە موسڵمانەکان ئێستا گیرۆدەی ئەو بەڵایەن ، دەڵێت : ئەگەر وڵاتێك هەبێت حوکم بە شەریعەت نەکات ، بەڵکو حوکم بە قانون بکات ، ئایا بۆ چارەسەری کێشەکان داد دەبردرێتە ئەو دادگایانە کە بە قانون حوکم دەکەن ؟ لە وەڵامدا دەڵێین : ئەگەر ناچاری نەبین داد نابەین بۆ لای ئەو دادگایانە ، ئەگەر بوار هەبێت بۆ پێکهاتن ورێککەوتن ناچینە ئەو دادگایانە ، بەڵام ئەگەر نەتوانرا ڕێك بکەون سەیر دەکەین ، ئایا کەسێك هەیە ببێتە دادوەر لە نێوانیان ، ئەگەر کەسێکی بەو شێوەیە هەبوو ، دروست نییە سکاڵا ببەینە لای

ئەو دادگایانە ، بەڵام ئەگەر کەسێکی بەو شێوەیە بەردەست نەبوو ، ئەو کات دەچیتە ئەو دادگایانە ، بەڵام دەبێت مەبەست ئەوە نەبێت هەرچی بڕیارێك بدەن وەریبگرین ، بەڵکو ئەگەر حوکمێکیان کرد پێچەوانەی شەرع بێت قەبوڵی ناکەین ، چونکە ئەوە کارێکی ناچارییە ، ئەگەرنا زۆرێك لە مافەکان دەفەوتێت .

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴿٦١﴾﴾ وئەگەر پێیان بگوترێت وەرن داد بەرنە لای قورئان کە خودا دایبەزاندووە ، وبۆ لای پێغەمبەری خودا ، دەبینیت دووڕووەکان زۆر بە توندی ڕووت لێ وەردەگێڕن وپشت هەڵدەکەن .

﴿فَكَيْفَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّآ إِحْسَٰنًا وَتَوْفِيقًا ﴿٦٢﴾﴾ ئەی بۆچی کاتێك تووشی بەڵایەك دەبن بە هۆی کردەوە ناپەسەندەکانیانەوە ! ، پاشان دێن بۆ لات وسوێند دەخۆن بە خودا ، ودەڵێن : ئێمە لەوەی کە دادمان بردە لای جگە لە جەنابت تەنها مەبەستمان چاکەکاری وئاشتەوایی نێوان کەسە ناکۆکەکان بوو ؟!.

لەم ئایەتانەدا خودا ڕووی ڕاستی هەندێك لە جوولەکە ودووڕووەکان هەڵدەماڵێت ، وبە درۆیان دەخاتەوە لەو بانگەشەیان کە دەڵێن : ئێمە باوەڕمان بە قورئان وئەو کتێبانەش کە پێشتر دابەزیوون هێناوە ، چونکە ئەوان دادیان دەبردە لای کەسانی سەرکەش وسنوور بەزێن بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانیان ، پاشان دەهاتن بە درۆوە سوێندیان بە خودا دەخوارد ودەیانگوت : مەبەستمان ئاشتەوایی وچاکەکارییە ، ومەبەستمان ئەوە نییە کە

حوكمی ئەوان لە تۆ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ باشترە ، لە كاتێكدا دێن ئەم پۆزشە دەهێننەوە ئەگەر پێویستیان بە ئیسلام وموسڵمانان بێت ، جێی ئاماژە پێدانە ئەم جۆرە ئایەتانە بۆ پەند ووانە لێوەرگرتن وسەرنج ڕاكێشانی موسڵمانانە ، ئیبن عثیمین دەڵێت : ئەگەر بە كەسێك بڵێیت : وەرە بە حوكمی قورئان كێشەكەمان یەك لایی بكەینەوە ، لە وەڵامدا بڵێت : من بە حوكمی تەورات یان ئینجیل یان فلانە قانون ڕازی دەبم !! ، دەڵێین : ئیدی چۆن بانگەشەی ئەوە دەكەن كە باوەڕتان بە خودا هەیە ؟ یان دەڵێت : كێشەكە دەبەینە دادگای بازرگانی ولای یاسا بازرگانییەكان ، یان دابونەریتی بازرگانان هەرچۆن بێت پێی ڕازیم ئەگەرچی پێچەوانەی شەرعیش بێت ، ئەوانە ئەم ئایەتە دەیانگرێتەوە ؛ ئیسحاقی كوڕی راهویە لە تەفسیرەكەیدا لە شەعبییەوە ڕیوایەتی كردووە وئیبن حەجەر سەنەدەكەی بە صەحیح داناوە ، دەڵێت : لە نێوان پیاوێكی جولەكە ودووڕوویەك كێشەیەك هەبوو ، جولەكەكە بە دووڕووەكەی گوت : وەرە با كێشەكە ببەینە لای محمد ، چونكە دەیزانی بەرتیل وەرناگرێت ، بەڵام دووڕووەكە دەیگوت : با كێشەكە ببەینە لای دادوەرەكانی جولەكە ، چونكە دەیزانی بەرتیل وەردەگرن ، خودا ئەم چەند ئایەتەی دابەزاند ؛ الطبرانی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی كردووە ئیبن حەجەر وئەحمەد شاكر بە صەحیحیان داناوە ، دەڵێت : ئەبو بەرزەی ئەسلەمی زانا بوو لە ئاینی جولەكەكان ، ودادوەری دەكرد لە نێوانیان وچارەسەری كێشەكانیانی دەكرد ، هەندێك لە موسڵمانان دادیان بردە لای ، خودا ئەم ئایەتانەی دابەزاند : ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟﴾ هەتاكو ﴿إِحْسَـٰنًا وَتَوْفِيقًا﴾ .

﴿أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعْلَمُ ٱللَّهُ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِيٓ أَنفُسِهِمْ قَوْلَۢا بَلِيغًا ﴿٦٣﴾﴾ ئەوانە کەسانێکن خودا دەزانێت چی لە دڵیاندایە ، کردارەکانیان پشتگوێ بخە ، عوزریان قەبوڵ بکە ، وئامۆژگارییان بکە دەربارەی ئەو خووڕەوشتە نەشیاو وناپەسەندانەی کە لە ناخیاندایە بەوشەی کاریگەر وڕەوان وهەژێنەر .

ئیبن عثیمین دەڵێت : زانایان دەڵێن : دڵ کرداری هەیە ، ودەروون ختورەی هەیە ، کرداری دڵ ئەوەیە پێداگربێت لەسەری وکرداری پێ بکات ، ئەمەش ئەو کردارەیە کە خودا هەڕەشەی لە خاوەنەکانی کردووە لەو ئایەتەدا : ﴿أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعْلَمُ ٱللَّهُ مَا فِي قُلُوبِهِمْ﴾ ، کرداری دڵ بریتییە : لەو کردارەی کە ختورەی دەروونە ودڵی پێیەوە وابەستە دەبێت ودڵنیایی لەسەر دادەمەزرێنێت .


﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ ٱللَّهِۚ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ جَآءُوكَ فَٱسْتَغْفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا ﴿٦٤﴾﴾ هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە بۆ ئەوە نەبێت گوێڕایەڵی بکرێت بە فەرمانی خودا ، ئەگەر ئەو کەسانەی کاتێك ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد بهاتنایە بۆ لات وداوای لێ خۆش بوونیان لە خودا بکردایە ، وپێغەمبەری خودایش داوای لێ خۆش بوونی لە خودا بۆ بکردنایە ، خودا تەوبەی لێوەردەگرتن وبە بەزەیی دەبوو لەگەڵیان .

﴿جَآءُوكَ﴾ مانای ئەوەی بهاتنایە بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ لە ژیانیدا ، نەوەك بۆ سەر گۆڕەکەی وەك هەندێك لە صۆفییە گۆڕ پەرستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن ، چونکە دوای ئەوە دەفەرموێت : ﴿وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ﴾ ، بەڵگە نەویستە کە لە دوای مردنی

ناتوانێت داوای لیٚ خۆش بوون بۆ کەس بکات ، ﴿تَوَّابًا﴾ (التواب) یەکێکە لە ناوە پیرۆزەکانی خودا ودوو مانای هەیە : ڕێنمای وسەرکەوتووی بەندەکانی دەکات بۆ تەوبەکردن ، وتەوبەی بەندەکانی وەردەگرێت .

﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾﴾ نەخێر سوێند بە پەروەردگارت باوەڕیان نییە هەتاکو تۆ نەکەن بە دادوەر بۆ هەرکێشە ومشتومڕێك کە ڕوودەدات لە نێوانیاندا ، پاشان نابێت لە دەروونیاندا سەغڵەت بن وئەو بڕیارەیان پێناخۆش بێت کە دەرت کردووە ، بەڵکو دەبێت بە تەواوی ڕازیبن وملکەچی بڕیارەکانتبن .

ئیبن تیمیە دەڵێت : ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ﴾ کاتێك نەفی باوەڕی کرد هەتاکو ئەو مەبەستە بەدەست نەیەت ، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو مەبەستە فەرزە لەسەر خەڵك ، هەرکەسێك پەیڕەوی نەکات لەو کەسانەیە کە هەڕەشەی لێکراوە ، وئەو باوەڕەی کە پێویستە هەیبێت وبەڵێنی پێدراوە کە بە هۆیەوە بچێتە بەهەشتەوە بەبیٚ سزادان بە دەستی نەهێناوە ؛ ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە حوکمی خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ تایبەت نییە بە دەسەڵات وحوکمڕانییەوە بەڵکو هەموو فەرمانەکانی خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ لە حوکمی خودایە ، پێویستە لەسەر موسڵمانان ملکەچ وفەرمانبەرداربن ، وهیچ سەغڵەتی وناحەزەتییەك نەلە ڕەواڵەت ونەلە ناخەوە دەرنەبڕن ، ئەگەر حوکمی شەریعەت لە بەرژەوەندیشیان نەبوو ، ئەمەش وەڵامێکی ناخ هەژێنە بۆ ئەو لارێیانەی کە دروشمی : "حوکم تەنها بۆ خودایە" بەرز دەکەنەوە ، بەڵام لە خودی خۆیان وژیانی تایبەتیاندا لە زۆر بواردا پێچەوانەی فەرمانی


الجزء الخامس سورة النساء

وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِن
دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ
بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا ٦٦ وَإِذًا لَّآتَيْنَاهُم
مِّن لَّدُنَّا أَجْرًا عَظِيمًا ٦٧ وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا
٦٨ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَٰئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ
عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ
وَحَسُنَ أُولَٰئِكَ رَفِيقًا ٦٩ ذَٰلِكَ الْفَضْلُ مِنَ اللَّهِ وَكَفَىٰ
بِاللَّهِ عَلِيمًا ٧٠ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا خُذُوا حِذْرَكُمْ
فَانفِرُوا ثُبَاتٍ أَوِ انفِرُوا جَمِيعًا ٧١ وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ
فَإِنْ أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيَّ إِذْ لَمْ أَكُن
مَّعَهُمْ شَهِيدًا ٧٢ وَلَئِنْ أَصَابَكُمْ فَضْلٌ مِّنَ اللَّهِ لَيَقُولَنَّ كَأَن
لَّمْ تَكُن بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ يَا لَيْتَنِي كُنتُ مَعَهُمْ
فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا ٧٣ فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ
يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالْآخِرَةِ وَمَن يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ
اللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ٧٤

٨٩

خودا وپێغەمبەرن ﷺ ، بوخاری ومسلم لە عروەی کوڕی زوبێرەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : زوبێر رضي الله عنه وپیاوێك لە پشتیوانان بوو بە دەمەقاڵەیان لەسەر جۆگە ئاوێك ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەی زوبێر ئاودێری بکە وخێرا ئاوەکە بۆ دراوسێکەت ڕابدە ، پشتیوانەکە گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا لەبەر ئەوەی زوبێر کوڕە پورتە ؟! ڕوخساری پێغەمبەری خودا ﷺ گۆڕا ، پاشان فەرمووی : ئەی زوبێر ئاودێری خۆت بکە ، پاشان ئاوەکە بگرەوە هەتاکو جۆگەلەکان سەرڕێ دەبن ودرەختەکانت تێرئاو دەبن ، پاشان ئاوەکە بۆ دراوسێکەت ڕابدە ، پێغەمبەری خودا ﷺ مافی زوبێری بە تەواوی دا کاتێك پشتیوانەکە تورەی کرد ، پێش ئەوە پێشنیاری ئەوەی بۆ کردن کە بواری هەبوو بۆ یارمەتیدان ، زوبێر رضي الله عنه گوتی : گومانم وایە ئەم ئایەتانە لە بارەی ئەو کێشەیەوە دابەزی :﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ﴾.

﴿وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ ٱقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ أَوِ ٱخْرُجُوا۟ مِن دِيَـٰرِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ ۖ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا۟ مَا يُوعَظُونَ بِهِۦ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا ٦٦﴾

وبێگومان ئەگەر پێویستمان بکردایە لەسەریان کە خۆتان بکوژن ، یان وڵات ونیشتیمانی

خۆتان بەجێ بهێڵن وکۆچ بکەن ، ئەنجامیان نەدەدا هەندێکی کەمیان نەبێت ، وئەگەر ئەوەیان ئەنجام بدایە کە دەربارەی ئامۆژگاری کراون ، باشتر بوو بۆیان ، ودەبووە هۆکاری زیاتر جێگیربوون ودامەزرانیان .

﴿وَإِذًا لَّأَتَيْنَاهُم مِّن لَّدُنَّآ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٦٧﴾﴾ وئەوکات لە لایەن ئێمەوە پاداشتی گەورە ومەزنمان پێ دەبەخشین .

﴿وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿٦٨﴾﴾وهیدایەتیان دەدان ورێنماییان دەکردن بۆ ڕێگای ڕاست.

﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾﴾ وهەرکەسێك گوێڕایەڵی خودا وپێغەمبەر ﷺ بکات ئەوا لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە لە بەهەشتدا خودا نیعمەتی خۆی پێبەخشیون ، لە پێغەمبەران وڕاستگۆیان وشەهیدەکان وپیاوچاکان ، ئەوانەش باشترین هاوڕێ وهاوەڵن .

نیعمەتەکانی خودا ﷻ بۆ بەندەکانی لە ژمارە نایەن بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرن ، یەکەم : نیعمەتی گشتی : ئەم جۆرە بۆ باوەڕدار وبێباوەڕە ، وچاکەکار وخراپەکار وهەموو مرۆڤەکانە ، وەك : نیعمەتی تەندروستی ورِۆزی وباران بارین ، دووەم : نیعمەتی تایبەت : تایبەتە بە باوەڕداران لە دونیا ولە دوارِۆژیش ، وەك نیعمەتی باوەڕ وئەوەی خودا لەم ئایەتەدا باسیکردووە : ﴿أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ ۚ﴾ ، ﴿ٱلشُّهَدَآءِ﴾ زانایان دوو لێکدانەوەیان بۆ کردووە ، گوتراوە

: خاوەن زانست وزاناکانن ، وگوتراوە : ئەوانەن کە لە پێناوی ڕێگای خودا دەکوژرێن وشەهید دەبن ، ئایا کۆکردنەوەی ناوی خودا ﷻ وپێغەمبەری خودا ﷺ بە پیتی (و) دروستە ؟ بەڵێ دروستە ئەگەر پرسەکە پرسی شەریعەت وگوێڕایەڵی وسەرپێچی کردن بوو ، چونکە خودا ﷺ دەفەرموێت : ﴿وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ﴾ ، ودەفەرموێت : ﴿وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ۝٣٦﴾(الأَحْزَاب) ، بەڵام لەو پرسانەی کە تایبەتمەندی پەروەردگارێتی خودایە وپێی دەگوترێت (الأمور الكونية) دروست نییە ، چونکە کەس هاوەڵی وهاوتای خودا ﷻ نییە لە پەروەردگارێتیدا ، پێویستە پیتێك بە کاربهێنرێت مانای بە دوادا هاتن بگەیەنێت ، ئیبن ماجە لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر کەسێك لە ئێوە سوێندی خوارد با نەڵێت : ئەگەر خودا بیەوێت وتۆش بتەوێت ، بەڵکو بڵێت : ئەگەر خودا بیەوێت پاشان تۆ بتەوێت ؛ وئەم ئایەتە ئەوەشی تێدایە کە هاوەڵ وهاوڕێکان دووجۆرن : هاوەڵ وهاوڕێی باش وخراپ ، پێویستە مرۆڤ هاوڕێ وهاوەڵی باش هەڵبژێرێت ولە دژەکانی دوورکەوێتەوە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نموونەی هاوەڵی باش وخراپ ، وەك میسك فرۆش وئاسنگەری خاوەن کورەیە ، میسك فرۆشەکە ، یان پێت دەبەخشێت ، یان لێی دەکڕیت یان بۆنێکی خۆشی لێوە هەست پێدەکەیت ، وئاسنگەرەکە ، یان پۆشاکەکانت دەسوتێنێت یان بۆنی ناخۆشی لێوە هەست پێدەکەیت ؛ وئەحمەد وئیبن خزیمە وئیبن حبان لە عەمری کوڕی مورەی جوهەنییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێك لە هۆزی قوضاعە هات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ گوتی : من گەواهیدەدەم کە هیچ پەرستراوێك بە حەق نییە جگە لە

خودا ، وگەواهیدەدەم کە تۆش پێغەمبەری خودایت ، وپێنج نوێژە فەرزەکەم ئەنجامدا ، ورۆژووی مانگی ڕەمەزانم گرت ولەو مانگەدا شەو نوێژم کرد ، وزەکاتیشم بەخشی ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس لەسەر ئەمە بمرێت لە ﴿ٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ﴾ یە ؛ ومسلم لە ڕەبیعەی کوڕی کەعبی ئەسلەمیەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : من شەو لە خزمەتی پێغەمبەری خودا ﷺ دەمامەوە ، ئاوی دەستنوێژ وپێداویستیەکانم بۆ دابین دەکرد ، پێی فەرمووم : داوای شتێکم لێبکە ؟ گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، داوات لێدەکەم هاوەڵ وهاوڕێت بم لە بەهەشتدا ، فەرمووی : بۆ داوای شتێك جگە لەوە ناکەیت ؟ گوتم : من ئەوەم دەوێت ، فەرمووی : بۆ ئەوە یارمەتیم بدە بۆ ئەو مەبەستە بە زۆر نوێژکردن وسوژدە بردن ؛ وبوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ کاتێك تەندروست بوو دەیفەرموو : هەموو پێغەمبەرێك پێش مردنی شوێنی خۆی لە بەهەشتدا دەبینێت ، پاشان سەرپشك دەکرێت لە نێوان مانەوە لە دونیا ومردن وگەیشتن بە دیداری خودا سبحانه وتعالى ، کاتێك نەخۆش کەوت لە سەرەمەرگدا سەری لەسەر ڕانم بوو بووریایەوە ، کاتێك بە هۆش هاتەوە چاوی بڕییە سەقفی خانووەکە ، پاشان فەرمووی : پەروەردگار هاوەڵی کەسانی پایەبەرز هەڵدەبژێرم ، گوتم : کەوابوو لەگەڵ ئێمە نامێنێتەوە ، ئیدی زانیم ئەمە ئەو باسەیە کە بۆی دەگێڕاینەوە کاتێك تەندروست بوو ؛ ودیسان بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ دەیفەرموو : هیچ پێغەمبەرێك نییە نەخۆش بکەوێت ئیللا سەرپشك کراوە لە نێوان ژیانی دونیا وژیانی دوارۆژ ، ولەو نەخۆشیەی کە گیانی سپارد ، تووشی دەنگ دانوسانێکی توندبوو ، گوێم لێ بوو دەیفەرموو : ﴿مَعَ ٱلَّذِينَ

أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ﴾ ، ئیدی زانیم سەرپشك كراوە لە نێوان مانەوە یان هاوەڵی ئەو كەسە پایەبەرزانە ؛ والطبرانی لە عائیشەی دایكی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی وئەحمەد شاكر بە صەحیحیان داناوە ، دەڵێت : پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ گوتی : تۆ لە نەفسم لە لام خۆشەویستتری ، ولە هاوسەرەكەم لە لام خۆشەویستتری ، ولە منداڵەكانم لە لام خۆشەویستتری ، ومن لە ماڵەوە یادت دەكەمەوە ناتوانم ئارام بگرم هەتا نەیەم وبڕوانمە ڕوخسارت ، وكاتێك بیری مردنی خۆم وتۆ دەكەمەوە ، دەزانم چوویتە بەهەشت پلەوپایەت بەرز دەكرێتەوە لەگەڵ پێغەمبەران ﵈ ، ومن ئەگەر بچمە بەهەشتەوە دەترسم نەتبینم ، پێغەمبەری خودا ﷺ هیچ وەڵامی نەدایەوە هەتاكو جبریل ﵇ ئەم ئایەتەی بۆ دابەزاند : ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾﴾ .

﴿ذَٰلِكَ ٱلْفَضْلُ مِنَ ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ عَلِيمًا ﴿٧٠﴾﴾ ئەوە فەزڵ وچاكەی خودایە بۆیان ، وخودایان بەسە كە زانایە بەوەی كێ شایستەی ئەو پاداشتە گەورەیە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە كە مرۆڤ چەندە پلەوپایەی بەرز بێت ناتوانێت بێ نیاز بێت لە فەزڵ ومننەتی خودا وكاڵای گرانبەهای پەروەردگار كە بەهەشتە بە دەست بهێنێت ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هیچ كەس كردەوەی خۆی نایباتە بەهەشتەوە ، گوتیان : تۆش ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟! فەرمووی : بەڵێ ، منیش ، مەگەر خودای پەروەردگار بە فەزڵ وبەزەیی خۆی دام بپۆشێت ، هەوڵی پێكانی ئامانجەكان بدەن ، وچۆن فەرمانتان پێكراوە

بەو شێوەیە ئاینداری بکەن یان هەوڵبدەن نزیکبن لەو مەبەستە ، وکەس لە ئێوە ئاوات بە مردن نەخوازێت ، یان چاکەکارە بەڵکو کرداری چاکەی زیاتر ئەنجام بدات ، یان خراپەکارە بەڵکو لۆمەی خۆی بکات وپەشیمان ببێتەوە وتەوبە بکات .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ خُذُوا۟ حِذْرَكُمْ فَٱنفِرُوا۟ ثُبَاتٍ أَوِ ٱنفِرُوا۟ جَمِيعًا ﴿٧١﴾﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەمیشە هۆشیار وئامادەبن ، دەستە دەستە بە دوای یەکدا یان هەمووتان پێکەوە دەربچن بۆ تێکۆشان لە پێناوی ڕێگای خودا .

شەوکانی دەڵێت : وتراوە : ئەم ئایەتە نەسخ کراوەتەوە بەو ئایەتەی کە خودا دەفەرموێت : ﴿ٱنفِرُوا۟ خِفَافًا وَثِقَالًا ﴿٤١﴾﴾(التَّوْبَة) ، وبەو ئایەتە : ﴿إِلَّا تَنفِرُوا۟ يُعَذِّبْكُمْ﴿٣٩﴾﴾(التَّوْبَة) ، بەڵام ئەوەی پەسەندە هەردوو ئایەتەکە ماناکانیان ڕوونە وموحکەمە ونەسخ نەکراونەتەوە ، یەکێکیان بۆ ئەو کاتەیە کە پێویست دەکات هەمووان پێکەوە دەربچن بۆ جیهاد وتێکۆشان ، وئەوی تریان بۆ کاتێك کە پێویست بێت پۆل ودەستەیەك بەو کردارە هەستن .


﴿وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ فَإِنْ أَصَـٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَىَّ إِذْ لَمْ أَكُن مَّعَهُمْ شَهِيدًا ﴿٧٢﴾﴾ بێگومان کەسانێك هەبوون لە ئێوە سستی وتەمبەڵیان کرد وخۆیان دزییەوە وئامادەی جیهاد وتێکۆشان نەبوون ، ئەگەر تووشی بەڵا وناڕەحەتییەك بن ، دەڵێت : خودا نیعمەتی خۆی ڕژاند بەسەرمدا وچاکەی لەگەڵ کردم کاتێك من ئامادە نەبووم لەگەڵیاندا .

ئیبن كثیر دەڵێت : موجاهید وزانای تریش هەیە دەڵێن : ﴿وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ﴾ دەربارەی دووڕووەكان دابەزیوە ، وموقاتلی كوڕی حەیان دەڵێت : ﴿لَّيُبَطِّئَنَّ﴾ مانای ئەوەیە لە جیهاد وتێكۆشان دوادەكەوێت ، ودەشێت مانای ئەوە بێت خۆی تەمبەڵی دەكات وخەڵكیش سارد دەكاتەوە ، وەك چۆن عبداللەی كوڕی ئوبەی كوڕی سەلول ئەو كارەی دەكرد .

﴿وَلَئِنْ أَصَٰبَكُمْ فَضْلٌ مِّنَ ٱللَّهِ لَيَقُولَنَّ كَأَن لَّمْ تَكُنۢ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُۥ مَوَدَّةٌ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧٣﴾﴾ بەڵام ئەگەر تووشی فەزڵ وسەركەوتنێك بن لە لایەن خوداوە ، دەڵێت : "وەك ئەوەی لە نێوان ئێوە وئەودا هیچ جۆرە خۆشەویستی وپەیوەندییەك نەبووبێت وهاوئاینی ئێوە نەبێت" ، خۆزگە لەگەڵیان ئامادەبام ، بەڵكو لەوەی دەستیان كەوتووە منیش بەشێكی گەورەم دەست بكەوتایە .

﴿۞فَلْيُقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يَشْرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْءَاخِرَةِ ۚ وَمَن يُقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٧٤﴾﴾ با بجەنگن لە ڕێگای خودا ئەو كەسانەی ژیانی دونیایان فرۆشتووە بۆ بە دەستهێنانی قیامەتیان ، وهەركەس لە پێناوی ڕێگای خودادا بجەنگێت وبكوژرێت یان سەربكەوێت ئێمە پاداشتی گەورەی دەدەینێ .

﴿وَمَا لَكُمْ لَا تُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلظَّالِمِ أَهْلُهَا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا ﴿٧٥﴾﴾ ئەی باوەڕداران ئەوە چیتانە ناجەنگن لە پێناوی ڕێگای خودا وبۆ ڕزگاركردنی لاواز وچەوساوەكانتان ، لە پیاوان وئافرەتان ومندالان ، ئەوانەی كە دەڵێن :


الجزء الخامس　　سورة النساء

وَمَا لَكُمۡ لَا تُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ
وَٱلنِّسَآءِ وَٱلۡوِلۡدَٰنِ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا مِنۡ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِ
ٱلظَّالِمِ أَهۡلُهَا وَٱجۡعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيّٗا وَٱجۡعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا
٧٥ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي
سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ فَقَٰتِلُوٓاْ أَوۡلِيَآءَ ٱلشَّيۡطَٰنِۖ إِنَّ كَيۡدَ ٱلشَّيۡطَٰنِ
كَانَ ضَعِيفًا ٧٦ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمۡ كُفُّوٓاْ أَيۡدِيَكُمۡ وَأَقِيمُواْ
ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقِتَالُ إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُمۡ
يَخۡشَوۡنَ ٱلنَّاسَ كَخَشۡيَةِ ٱللَّهِ أَوۡ أَشَدَّ خَشۡيَةٗۚ وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبۡتَ
عَلَيۡنَا ٱلۡقِتَالَ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖۗ قُلۡ مَتَٰعُ ٱلدُّنۡيَا قَلِيلٞ
وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ وَلَا تُظۡلَمُونَ فَتِيلًا ٧٧ أَيۡنَمَا تَكُونُواْ
يُدۡرِككُّمُ ٱلۡمَوۡتُ وَلَوۡ كُنتُمۡ فِي بُرُوجٖ مُّشَيَّدَةٖۗ وَإِن تُصِبۡهُمۡ حَسَنَةٞ
يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٞ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنۡ
عِندِكَۚ قُلۡ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلۡقَوۡمِ لَا يَكَادُونَ يَفۡقَهُونَ
حَدِيثٗا ٧٨ مَّآ أَصَابَكَ مِنۡ حَسَنَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٖ
فَمِن نَّفۡسِكَۚ وَأَرۡسَلۡنَٰكَ لِلنَّاسِ رَسُولٗاۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدٗا ٧٩

٩٠

پەروەردگارمان ڕزگارمان بکە ولەم شارەی کە خەڵکەکەی ستەمکارن ، ولە لایەن خۆتەوە دۆست وسەرخەرێکمان بۆ بەدیبهێنە.

لەم ئایەتەدا خودا ﷻ هانی موسڵمانان دەدات بۆ تێکۆشان لە پێناوی ڕێگای خودا بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی موسڵمان بوون لە شاری مەککە وبێباوەڕە هاوبەش بڕیاردەرە ستەمکارەکانی قورەیش دەیان چەوساندنەوە وستەمیان لێدەکردن ، وڕێگرییان لێدەکردن کۆچ بکەن بۆ مەدینە ، بوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : من ودایکم لەو کەسە لاواز وچەوساوانە بووین ، وبوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : لە کاتێکدا پێغەمبەری خودا ﷺ نوێژی عیشای ئەنجام دەدا ، دوای ئەوەی فەرمووی : ((سَمِعَ اللَّهُ لِمَن حَمِدَهُ)) ، پێش ئەوەی سوژدە ببات فەرمووی : پەروەردگارا عەیاشی کوڕی ئەبوڕەبیعە وسەلەمەی کوڕی هشام وولیدی کوڕی ولید ڕزگار بکە ، پەروەردگارا باوەڕدارە لاوازە چەوساوەکان ڕزگار بکە ، پەروەردگارا سزای توندی قورەیشی نەوەکانی مضر بدە ، پەروەردگارا تووشی قاتوقڕییان بکە وەك ئەو قاتوقڕییەی سەردەمی پێغەمبەر یوسف عليه السلام .

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ فَقَٰتِلُوٓاْ أَوْلِيَآءَ ٱلشَّيْطَٰنِۖ إِنَّ كَيْدَ ٱلشَّيْطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾﴾ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە دەجەنگن لە پێناوی ڕێگای خودا ، وئەوانەشی کە بێباوەڕن دەجەنگن لە پێناوی ڕێگای تاغوت ، بجەنگن لە دژی دۆستەکانی شەیتان ، بێگومان فێڵ وپیلانی شەیتان لاوازە .

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓاْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةًۚ وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ لَوْلَآ أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍۗ قُلْ مَتَٰعُ ٱلدُّنْيَا قَلِيلٌ وَٱلْأٓخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٧٧﴾﴾ ئایا نەتڕوانیوەتە ئەو کەسانەی کە پێیان گوترا : دەستتان بگرنەوە لە شەڕ وجەنگان ، ونوێژەکانتان بەو شێوەی فەرمانتان پێکراوە ئەنجام بدەن ، وزەکاتی سامانەکانتان ببەخشن ، بەڵام کاتێك جەنگیان لەسەر پێویست کرا ، کۆمەڵێکیان لە خەڵك دەترسان وەك ترسانیان لە خودا یاخود زیاتر دەترسان ، وگوتیان : پەروەردگارمان بۆچی جەنگانت لەسەر پێویست کردین ، خۆزگە مۆڵەتت دابایین هەتاکو خۆمان دەمردین نەوەك بەشەڕ وکوشتار تیابچین ، بڵێ : ڕابواردن وژیانی دونیا کەمە ، وقیامەت باشترە بۆ ئەوانەی پارێزکارن ولە خودا دەترسن ، وبە ئەندازەی ئەو دەزووەی لەسەر شەقی ناوکە خورمایە ستەمتان لێناکرێت .

ئەم ئایەتە باسی حاڵی هەندێك لەو هاوەڵە بەڕێزانە دەکات کە لە مەککە تامەزرۆی ڕووبەڕوو بوونەوەی بێباوەڕان بوون ، بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەو هەموو ستەمەیان لێبکەنەوە کە لە خۆیان وبرا هاوئاینەکانیان دەکرا ، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە : کەمی

ژمارەیان ، وبوونیان لە شاری مەککە کە حەرامە شەڕی تێدا بکرێت ، ڕێگەیان پێنەدرا کە بجەنگن لەگەڵیان ، بەڵام کاتێك کۆچیان کرد بۆ مەدینە خودا جەنگانی لە دژی بێباوەڕان پێویست کرد ، هەندێکیان خۆزگەیان خواست تووشی شەڕ نەبوونایە وترسان لە بێباوەڕان ، خودا هانیدان بەوەی هەموو ژیانی دونیا بە بەراورد بە ژیانی نەبڕاوەی قیامەت کەمە وشایەن نییە لەبەر ئەو ژیانە کەمەی دونیا پاداشتی نەبڕاوەی قیامەت لە دەستی خۆتان دەربکەن ، مسلم لە موستەوڕەدی کوڕی شەدادەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : سوێند بە خودا ژیانی دونیا لە چاو ژیانی دواڕۆژ وەك ئەوەیە کەسێکتان پەنجەی بکات بە ئاوی دەریادا ، با سەیر بکات ئاوی سەرپەنجەی چەندە لە ئاستی ئاوی دەریاکە ! ؛ والنسائی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : عبدالرحمانی کوڕی عەوف رضي الله عنه وهەندێك هاوەڵی کاتێك لە مەککە بوون هاتن بۆلای پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ، گوتیان : ئەی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ، ئێمە بەهێز وتوانا بووین کاتێك هاوبەش بڕیاردەر بووین ، کاتێك باوەڕمان هێنا تووشی زەبوونی بووین ، فەرمووی : بێگومان من فەرمانم پێکراوە بە لێبوردەیی ، شەڕ مەکەن ، کاتێك کۆچمان کرد بۆ مەدینە ، فەرمانی پێکردین بە جەنگان ، دەستیان لە شەڕکردن گرتەوە ، خودا عز وجل ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓاْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ .

﴿أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ وَإِن تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِكَ قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿٧٨﴾﴾ لە هەرکوێبن مردنتان

پێدەگات ، ئەگەر لە نێو کۆشك وتەلاری بڵند وزۆر قایم وپتەویشدابن ، ئەگەر تووشی چاکەیەك بن دەڵێن : ئەمە لە لایەن خوداوەیە ، بەڵام ئەگەر تووشی خراپەیەك بن دەڵێن : ئەمە بە هۆی تۆوەیە ، بڵێ : هەمووی لە لایەن خوداوەیە ، ئەوە چییە ئەو کەسانە خەریکە لە هیچ قسە وگفتوگۆیەك تێنەگەن ؟!.

تێگەیشتن لە فەرموودەکانی خودا ﷻ وپێغەمبەرەکەی ﷺ یەکێکە لە نیعمەتە گەورەکانی خودا بەسەر بەندەوە ، بۆیە ئەگەر کەسێك خودا هیدایەتی دابوو کە بە دروستی لە بەڵگەکانی قورئان وسوونەت تێبگات ، پێویستە سوپاس وستایشی زۆری خودا بکات لەسەر ئەو نیعمەتە ، بوخاری ومسلم لە معاویەی کوڕی ئەبوسوفیانەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك خودا خێری بۆی بوێت لە ئایندا شارەزای دەکات .

﴿مَّآ أَصَابَكَ مِنۡ حَسَنَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٖ فَمِن نَّفۡسِكَۚ وَأَرۡسَلۡنَٰكَ لِلنَّاسِ رَسُولٗاۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدٗا ٧٩﴾ ئەوەی لە چاکە تووشت دەبێت لە خوداوەیە ، وئەوەی لە خراپە تووشت دەبێت بە هۆی خراپەی خۆتەوەیە ، ئەی محمد ﷺ ئێمە تۆمان ڕەوانە کردووە بە پێغەمبەر بۆ خەڵك ، وخودا بەسە کە گەواهیت بۆ بدات کە تۆ پێغەمبەریت .


چۆن ئەم دوو ئایەتە ئاراستە دەکرێت : ﴿وَإِن تُصِبۡهُمۡ حَسَنَةٞ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٞ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنۡ عِندِكَۚ قُلۡ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ﴾ ، و﴿مَّآ أَصَابَكَ مِنۡ حَسَنَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٖ فَمِن نَّفۡسِكَۚ﴾ ، ماناکانیان بەشێوەیەك لێکدەدرێتەوە کە دژیەك نەبن ؟ ، هەریەك لەو ئایەتانە لە شوێنی خۆیدا

لێكدەدرێتەوە ، لە ئایەتی یەكەمدا ئەو خەڵكە هەرچی بەڵا ونارەحەتییەك تووشیان دەبوو دەیان خستە ئەستۆی پێغەمبەری خودا ﷺ ، خودای پەروەردگار وەڵامیدانەوە بەوەی هەموو ئەوەی تووشتان دەبێت لە لایەن خوداوەیە ، بەڵام لە ئایەتی دووەمدا : باسی ئەو فەزڵ وچاكانە دەكات كە خودا بە پێغەمبەرەكەی ﷺ بەخشیوە ، وهەرچی نارەحەتییەك كە تووشی بەندەكان دەبێت خۆیان هۆكارن ، وەك خودا دەفەرموێت : ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٍ ٣٠﴾(الشُّورَىٰ).

﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا ٨٠﴾
هەركەسێك گوێڕایەڵی پێغەمبەری خودا بكات بێگومان گوێڕایەڵی خودای كردووە ، وهەركەسێك پشت هەڵبكات وگوێڕایەڵی نەكات ، ئێمە تۆمان ڕەوانە نەكردووە بۆ ئەوەی پارێزەر وچاودێربیت بەسەریانەوە .

ئەم ئایەتە وهاوماناكانی وەڵامی ئەو تاقمە گومڕایەی تێدایە كە بانگەشەی ئەوە دەكەن قورئانیان بەسە ، وئیشیان بە سوننەت وفەرموودەكانی پێغەمبەری خودا ﷺ نییە ، ئەوە لە كاتێكدا كەس ناتوانێت بەبێ سوننەت ئایینداری وخودا پەرستی بكات ، چونكە پێغەمبەری خودا ﷺ قورئانی ڕوون كردووەتەوە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەركەسێك گوێڕایەڵی من بكات ئەوە بێگومان گوێڕایەڵی خودای كردووە ، وهەركەسێك سەرپێچیم بكات بێگومان سەرپێچی خودای كردووە .

﴿وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُواْ مِنْ عِندِكَ بَيَّتَ طَآئِفَةٌ مِّنْهُمْ غَيْرَ ٱلَّذِى تَقُولُ ۖ وَٱللَّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ ۖ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿٨١﴾﴾ ودەڵێن : ئێمە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی تۆین ، بەڵام ئەگەر لای تۆ هەستان ورۆیشتن ، کۆمەڵێکیان شەو کە کۆ دەبوونەوە دژ وپێچەوانەی قسەکانی تۆیان دەکرد ، وخودا هەموو ئەوەی بەشەو دەیڵێن دەینوسێتەوە ، پشت گوێیان بخە وپشت بە خودا ببەستە ، وخودا بەسە پشت وپەنا وسەرخەرت بێت .


الجزء الخامس سورة النساء

مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ ٱللَّهَ ۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ
عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ﴿٨٠﴾ وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُواْ مِنْ عِندِكَ
بَيَّتَ طَآئِفَةٌ مِّنْهُمْ غَيْرَ ٱلَّذِى تَقُولُ ۖ وَٱللَّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ ۖ
فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا
﴿٨١﴾ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ
لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ وَإِذَا جَآءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ ٱلْأَمْنِ
أَوِ ٱلْخَوْفِ أَذَاعُواْ بِهِۦ ۖ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِى ٱلْأَمْرِ
مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسْتَنۢبِطُونَهُۥ مِنْهُمْ ۗ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ
عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ لَٱتَّبَعْتُمُ ٱلشَّيْطَٰنَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٣﴾
فَقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفْسَكَ ۚ وَحَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ
عَسَى ٱللَّهُ أَن يَكُفَّ بَأْسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ۚ وَٱللَّهُ أَشَدُّ بَأْسًا
وَأَشَدُّ تَنكِيلًا ﴿٨٤﴾ مَّن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُۥ
نَصِيبٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُۥ كِفْلٌ مِّنْهَا ۗ
وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقِيتًا ﴿٨٥﴾ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ
بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَسِيبًا ﴿٨٦﴾

٩١

ئەم ئایەتە باسی حاڵی دوورووەکان دەکات کاتێك بەرەو ڕوون گوێڕایەڵی دەردەبڕن ، بەڵام کاتێك کۆڕ ودانیشتنەکەیان جێ دەهێشت پێچەوانەی قسەکانی پێشوویان قسەیان دەکرد ، ﴿وَٱللَّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ ۖ﴾ ئیبن عثیمین دەڵێت : ئایا مەبەست ئەوەیە خودا ﷻ خۆی ڕاستەخۆ دەینوسێت ؟ یان فەرمان دەکات بە نوسینی ؟ دووەمیان مەبەستە ، بەڵام خودا کە فەرمانی کردووە بە نوسینەکە دەدرێتە پاڵی ، ئەگەرنا ئەوانەی کردەوەی بەندەکان دەنوسن فریشتەکانن .

﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾﴾ ئەوە بۆچی ئەو کەسانە بەوردی قورئان ناخوێننەوە ولە ماناکانی تێنافکرن ؟ ، ئەگەر قسەی کەسێکی تر بووایە جگە لە خودا ناکۆکی ودژیەکییەکی زۆریان تیادا بەدی دەکرد.

ئەم ئایەتە سەرزەنشتی کەسانێك دەکات کە قورئان بە وردییەوە ناخوێننەوە ولە ماناکانی تێنافکرن ، وبەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە قورئان فەرموودەی خودایە ، چونکە هیچ ناکۆکی ودژیەکییەکی تێدا نییە ، وحوکم وئامۆژگارییەکانی پڕە لە دانایی ، ئەحمەد وئیبن ماجە لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : من وبراکەم لە کۆڕێك دانیشتین ، حەز ناکەم ئەو دانیشتنە بە حوشتری سور بگۆڕمەوە ، من وبراکەم هاتین بینیمان کۆمەڵێك لە هاوەڵە بە تەمەنەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ دانیشتوون ، لەبەردەم دەرگایەك لە دەرگاکانیماڵی پێغەمبەری خودا ﷺ ، پێمان ناخۆش بوو بچینە نێوانیانەوە دابنیشین ولە یەکیان جیا بکەینەوە ، لە پەنایەکدا دانیشتین ، باسی ئایەتێکی قورئانیان کرد ، بوو بە مشتومڕیان هەتاکو دەنگیان بەرز بوویەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ لە ماڵ دەرچوو توڕە بوو ، وڕوخساری سور هەڵگەڕابوو ، بە دەستی خۆڵی تێدەگرتن ، ودەیفەرموو : لەسەر خۆتان ئەی خەڵکینە ئۆممەتەکانی پێش ئێوە کاتێك تیاچوون کە ناکۆك بوون لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان ، ومانای ئایەتەکانی کتێبەکانیان دژیەك لێك دەدایەوە ، بێگومان قورئان بۆ ئەوە دانەبەزیوە هەندێکی بە شەکەی تری بە درۆ بخاتەوە ، بەڵکو هەندێکی بەشەکەی تری پشت ڕاست دەکاتەوە ، ئەوەی لە ماناکەی تێگەیشتن وزانیتان کردەوەی پێ بکەن ، وئەوەشی کە نەتانزانی بیگەڕێننەوە بۆ لای ئەو کەسانەی زانان وشارەزاییان لە قورئاندا هەیە .

﴿وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٣﴾﴾ ئەگەر هەواڵێکیان دەربارەی ئاسایش یان ترس پێبگات

بڵاوی دەكەنەوە ، بەڵام ئەگەر بیانگەڕاندایەتەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ وزانایان ، ئەوانەی شارەزاییان هەبوو دەیانزانی چی شیاوی بڵاوكردنەوەیە وهەواڵی ڕاست وناڕاستیان لێك جوودا دەكردەوە ، وئەگەر فەزڵ وبەزەیی خودا ﷻ نەبووایە شوێنی شەیتان دەكەوتن هەندێكی كەمتان نەبێت .

ئەم ئایەتە نكولی ئەوە دەكات لە كەسانێك كە هەرچ هەواڵێكیان پێ بگات خێرا وبێ تێڕامان ولێكۆڵینەوە لەسەرچاوەكەی بڵاوی دەكەنەوە ، بەبێ ڕەچاوكردنی ڕەوشی كۆمەڵگە وباری دەروونی خەڵك ، جا گرنگ نییە بەلایانەوە ئەوەی بڵاوی دەكەنەوە دەربارەی : ترس بێت ، یان قاتوقڕی ، یان گرانی ، یان هێمنی وئاسایش یان هەر جۆرە هەواڵێكی تر بێت ، وشانازی پێوە دەكەن وپێی دەڵێن : پێشەنگی لە بڵاوكردنەوەدا ! بەداخەوە ئێستا تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان بووەتە بەڵا وجێگەی بڵاوبوونەوەی هەموو هەواڵێكی ڕاست یان ناڕاست وشیاو یان نەشیاو ، بۆیە پێویستە موسڵمان زۆر هۆشیار بێت وهەموو شتێك كە بەرچاوی دەكەوێت خێرا بڵاوی نەكاتەوە ، هەتاكو لێی دەكۆڵێتەوە پاشان ئەگەر سەلما كە ڕاستە پێویستە ڕەچاوی بەرژەوەندی كۆمەڵگە موسڵمانەكان ودەروونی خەڵك بكات ، مسلم لە پێشەكی صەحیحەكەیدا وئەبوداود لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ درۆزن بێت هەرچی بیست بیگێڕێتەوە ؛ وبوخاری ومسلم لە موغەیرەی كوڕی شوعبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ گوتی گوتی قەدەغە كردووە ؛ وئەبوداود لە حوذەیفەی كوڕی یەمانەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خراپترین قسە ، قسەی ئەو كەسانەیە كە بە "گوتیان"

پشت دەبەستێت ؛ وئەحمەد ومسلم لە پێشەکی صەحیحەکەیدا وئیبن ماجە لە موغەیرەی کوڕی شوعبەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس فەرموودەیەك لە منەوە بگێڕێتەوە ، وابزانێت درۆیە ئەویش وەك ئەو کەسە درۆزنە کە لێیەوە دەگێڕێتەوە ؛ وبوخاری ومسلم لە عومەرەوە ﷺ دەگێڕنەوە کاتێك هەواڵی پێگەیشت کە پێغەمبەری خودا ﷺ خێزانەکانی تەڵاقداوە ، لە ماڵ دەرچوو چوو بۆ مزگەوت بینی خەڵك ئەو باسە دەگێڕنەوە ، ئارامی نەگرت هەتاکو ڕوخسەتی لە پێغەمبەری خودا ﷺ خواست وپرسیاری لێکرد : ئایا خێزانەکانت تەڵاقداوە ؟ فەرمووی ، نەخێر ، عومەر : گوتی : (الله أكبر) ؛ ولە ڕیوایەتی مسلم دا دەڵێت : لەبەر دەرگای مزگەوتەکە وەستام ، پڕ بە دەنگم هاوارم کرد ، گوتم : پێغەمبەری خودا ﷺ خێزانەکانی تەڵاق نەداوە ، وئەم ئایەتە دابەزی : ﴿وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ﴾ ، دەڵێت : من لەو کەسانە بووم کە لەو پرسە تێڕامام ولێکۆڵیمەوە .

﴿فَقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفۡسَكَۚ وَحَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَكُفَّ بَأۡسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ وَٱللَّهُ أَشَدُّ بَأۡسٗا وَأَشَدُّ تَنكِيلٗا ٨٤﴾ بجەنگە لە پێناوی ڕێگای خودا تەنها بەرپرسی نەفسی خۆتی ، وباوەڕدارانیش هانبدە بۆ تێکۆشان لە پێناوی ڕێگای خودا ، بێگومان خودا لە خراپە وزەبر وزەنگی بێباوەڕان دەتانپارێزێت ، وهێز ودەسەڵاتی خودا زۆر لەوان زیاترە ، وسزای زۆر توند وبە ئێش وئازارترە .

زایان دەڵێن : ﴿عَسَى﴾ کاتێك خودای پەروەردگار بە کاری دەهێنێت بۆ هیوا وئومێد خواستن نییە ، خودا ﷻ ئومێد ناخوازێت ، چونکە هیوا وئاوات خواستن بۆ شتی زۆر قورس ولە توانادا نەبووە ، بەڵام خودا ﷻ توانایە بەسەر هەموو شتێکدا وهیچ شتێك لە دەرەوەی دەسەڵاتی نییە ، لەبەر ئەوە گوتراوە : ﴿عَسَى﴾ لە لایەن خودا لە قورئاندا ، واتە : پێویستم کردووە ئەوەی مەبەستە ڕوودەدات وبەرجەستە دەبێت ، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جەنگان لە پێناوی ڕێگای خودا ﷻ پێویستە ، بەڵام ئایا ئەو جەنگانە بۆ بە زۆر موسڵمان کردنی خەڵکە ؟ ، یان بۆ بەرگری کردنە ؟ ، ئەوەی پەسەندە جەنگان بۆ بە زۆر موسڵمان کردنی خەڵك نییە ، بەڵکو بۆ ئەوەیە وشەی خودا ﷻ بەرز وبڵند بێت ، چونکە ناشێت خەڵکێك کە باوەڕی بە ئیسلام نەبێت زۆری لێبکرێت بۆ ئەوەی موسڵمان بێت ، خودا دەفەرموێت : ﴿أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ ۝٩٩﴾(یُونُس) ، هەرکەسێك باوەڕی هێنا ئەوا دەبێتە ئەندامێکی کۆمەڵگەی موسڵمانان وهەموو مافێکی پارێزراوە وهەر ئەرکێك بکەوێتە ئەستۆی موسڵمانان لەسەر ئەویش پێویست دەبێت ، بەڵام ئەگەر کەسێك موسڵمان نەبوو دەبێت بە زەبوونی سەرانە بدات ، سەرم لە هەندێك بە ناو ڕۆشنبیر سوڕدەمێنێت بۆ ئەمریکا وڕۆژئاوا بە ڕەوای دەبینن لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە بێن بە زەبری ئاگر وئاسن وڵاتانی موسڵمانان داگیر بکەن ، وسەدەها هەزار موسڵمان بکوژن وشار ووڵاتیان کاول بکەن وئەوەی باوەڕیان پێیەتی بیچەسپێنن ، بۆ ئەوەش پاساو ودرۆی شاخداری وەك : مافی مرۆڤ ! وئازادی ! ودیمکراسی ! ودابین کردنی ژیانی شایستە ! ونان ، هاوشێوەی ئەو دروشمە بریقەدارە پووچەڵانە هەڵبگرن وهەرچی خێر وسامانی وڵاتە موسڵمانەکانە بۆ خۆیان ببەن ، وڕەخنە لە ئیسلام دەگرن چۆن جیهادی فەرز کردووە وخەڵك بە زۆر

دەکاتە موسڵمان ؟! ئیسلام بە زۆر خەڵك ناکات بە موسڵمان بەڵکو خودا ﷻ کە خاوەنی ئیسلامە ، ژیان ونان وئاو وهەوا وهەموو نازونیعمەتێکی بە مرۆڤەکان بەخشیوە ڕازی نابێت کەسی تر بپەرستن وئاین وبەرنامەی تر بۆ ژیانی خۆیان هەڵبژێرن .

﴿مَّن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُۥ نَصِيبٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُۥ كِفْلٌ مِّنْهَا ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقِيتًا ﴿٨٥﴾﴾ هەرکەسێك یارمەتی دەربێت وتکاکاری ونێوانگیری بۆ کاری باشە بکات پاداشت وچاکەی دەستگیر دەبێت ، وهەرکەسێك یارمەتی دەربێت وتکاکاری ونێوانگیر بۆ خراپە بکات بەشدارە لەو تاوان وخراپەیە ، خودا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە ، یان خودا پارێزەری پاداشتی هەموانە ، وپاداشتی هەرکەسێك بە گوێرەی کردەوەکەی دەداتەوە .

ئیسلام هانی موسڵمانان دەدات بۆ هەموو کردەوە ویارمەتیدان ونێوانگیرییەکی باش ، وئەو کەسەی ڕێ نیشاندەرە بۆ کردەوەی باش وەك ئەنجام دەری کردارەکە خێری دەگات بەبێ ئەوەی لە خێر وپاداشتی هیچ کامیان کەم بکات ، مسلم لە ئەبومەسعود عوقبەی کوڕی عەمرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك ڕێ نیشاندەری خێر وچاکەیەك بێت پاداشتی وەك ئەنجامدەری خێر وچاکەکە دەستگیر دەبێت ؛ وبوخاری لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئەگەر کەسێك داوای یارمەتی لە پێغەمبەری خودا ﷺ بکردایە ، یان داوای لێ بکردایە کارێکی بۆ ئەنجام بدات ، دەیفەرموو : یارمەتی خەڵك بدەن ونێوان گیری وتکایان بۆ بکەن خودا پاداشتان دەداتەوە .

﴿وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحۡسَنَ مِنۡهَآ أَوۡ رُدُّوهَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ حَسِيبًا ٨٦﴾ ئەگەر سڵاوتان لێکرا ، بە باشتر وەڵامی سڵاوەکە بدەنەوە ، یان هیچ نەبێت وەکو خۆی وەڵامی بدەنەوە ، بێگومان خودا لێپرسینەوە لە هەموو شتێك دەکات .

سەلامی ئیسلام بریتییە لە (السلام علیکم) ئەگەر (ورحمة الله وبرکاته)شی بۆ زیاد بکات باشترە ، وئەگەر دوای ئەوە ئەو کەسەی پێی دەگات پێی بڵێت : بەیانیت باش بۆ نموونە هیچی تێدا نییە ، بەڵام ئەوەی لە کاتی بەیەك گەیشتندا تەنها بڵێت : بەیانیت باش بەبێ ئەوەی بڵێت : (السلام علیکم) ، کارێکی خراپە ، ئیبن عثیمین دەڵێت : ئەگەر کەسێك بەڕێوەبەرەکەی کەسێکی بێباوەڕ بوو وپێی گەیشت دەڵێت : بەیانی باش ومەبەستیشی ئەوە بێت بەیانییەکی باش بۆ خۆی وبرا موسڵمانەکانی ، ئیسلام گرنگییەکی زۆری بە سڵاوکردنی موسڵمانان داوە ، لەبەر ئەوە هەموو ئاداب وڕێکارەکانی دیاری کردووە ، ولە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودادا ﷺ بە درێژی باسی هاتووە ، کە ئەمە هەندێك لەو حوکم وئادابانەیە ، لە پێش دا پێویستە بزانرێت سڵاوکردن هۆکاری خۆشەویستی نێوان موسڵمانانە ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ناچنە بەهەشتەوە هەتاکو باوەڕ نەهێنن ، وباوەڕتان تەواو نابێت هەتاکو یەکترتان خۆش نەوێت ، ئایا ڕێنماییتان نەکەم بۆ شتێك ئەگەر ئەنجامتانادا بە هۆیەوە یەکترتان خۆش بوێت ؟ سڵاو بڵاوبکەنەوە لە نێوانتاندا ؛ والطبرانی لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان (السلام) ناوێکە لە ناوەکانی خودا لەسەر زەوی دایناوە ، سڵاو بڵاوبکەنەوە لە نێوانتاندا ، چونکە ئەگەر پیاوێك بەلای کۆمەڵە


خەڵکێکدا تێپەڕی سەلامی لێکردن ، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە ، ئەوا فەزڵی پلەیەکی هەیە بەسەریانەوە چونکە بە یادی هێناونەتەوە ، وئەگەر وەڵامیان نەدایەوە ، لەوان باشتر وچاکتر وەڵامی دەدەنەوە ؛ وئیبن حبان لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێك بە لای پێغەمبەری خودادا ﷺ تێپەڕی لە کۆڕێکدا دانیشتبوو ، گوتی : (سلام علیکم) ، فەرمووی : دە چاکەی بۆ دەنوسرێت ، پاشان کەسێکی تر تێپەڕی ، گوتی : (سلام علیکم ورحمه الله) ، فەرمووی : بیست چاکەی بۆ دەنوسرێت ، پاشان کەسێکی تر تێپەڕی ، گوتی : (سلام علیکم ورحمه الله وبرکاته) ، فەرمووی : سی چاکەی بۆ دەنوسرێت ، کەسێك لە دانیشتنەکە هەستاو سەلامی نەکرد کە ڕۆیشت ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : چەندە بە خێرایی هاوەڵەکەتان لەبیری چوو ! ئەگەر کەسێك لە ئێوە هات بۆ کۆڕێك با سەلام بکات ، ئەگەر ویستی دابنیشێت با دابنیشێت ، وئەگەر ویستی بڕوات با سەلام بکات ، چونکە یەکەم سەلام وەك سەلامی کۆتاییە ؛ وبوخاری لە "التاریخ الکبیر" لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئێمە ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ سەلامی لێ بکردینایە ، لە وەڵامیدا دەمانگوت : (وعلیك السلام ورحمه الله وبرکاته ومغفرته) ؛ جێ ئاماژە پێدانە ئەو کەسەی سەلام دەکات دەبێت لە : (السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته) زیاتر نەڵێت ، بۆ ئەوەی بوار بهێڵێتەوە ئەگەر کەسێك ویستی : ﴿بِأَحْسَنَ مِنْهَآ﴾ ، پەیڕە بکات ، واتە : لە ئەو باشتر وەڵامی بداتەوە بڵێت : (وعلیکم السلام ورحمة الله وبرکاته ومغفرته) ، مالك لە عەمری کوڕی عەتاوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : لای ئیبن عەباس ﵄ دانیشتبووم ، پیاوێکی یەمەنی هاتە ژوورەوە وتی : (السلام علیکم ورحمه الله وبرکاته) پاشان شتێکی تری لەگەڵ زیاد کرد ،

ئیبن عەباس ﵄ کە لەو کاتەدا چاوەکانی لە دەست دابوو ، گوتی : ئەمە کێیە ؟ گوتیان : ئەوە کەسە یەمەنیەکەیە کە سەردانت دەکات وپێیان ناساند ، ئیبن عەباس ﵄ گوتی : سەلام کردن لە (برکاتە) کۆتایی دێت ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوار سەلام لە پیادە دەکات ، وپیادە سەلام لە دانیشتوو دەکات ، وکەم سەلام لە زۆر دەکات ؛ ولە ڕیوایەتی بوخاری دا دەفەرموێت : منداڵ سەلام لە گەورە دەکات ؛ وئەگەر کۆمەڵێك کەس پێکەوە بوون پێویست نییە هەموویان سەلام بکەن ، مالك لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر یەك کەس لە نێو کۆمەڵێکدا سەلامی کرد لەسەر ئەوانی تر دەکەوێت ؛ وئەبوداود لە ئەبوئومامەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان ئەو کەسانەی نزیك لە خودان ، کەسانێکن دەست پێشخەری دەکەن لە سەلام کردن لە خەڵك ؛ ونابێت سەلام لە جوولەکە وگاور بکرێت ، چونکە بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دەست پێشخەر مەبن لە سەلام کردن لە جوولەکە وگاور ؛ بەڵام ئەگەر ئەوان سەلامیان کرد وەڵام دەدرێنەوە ، بوخاری لە "الأدب المفرد"دا لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : هەرکەس لە دروستکراوەکانی خودا سەلامیان لێکردیت ، وەڵامی بدەرەوە ، ئەگەر جوولەکە یان گاور یان ئاگر پەرستیش بوو ، چونکە خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحۡسَنَ مِنۡهَآ أَوۡ رُدُّوهَآۗ﴾ ؛ ئایا سەلام کردن واجبە یان سوننەت ؟ بوخاری لە (الأدب المفرد)دا لە ئەبوزوبێرەوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە

صەحیحی داناوە ، دەڵێت : گوێم لە جابر ﷺ بوو دەیگوت : ئەگەر چوویتەوە بۆ ماڵەوە سەلام بکە لە خێزانەکەت ، سەلامێکی پیرۆز وچاك لە لایەن خوداوە ، ئەبوزوبیر دەڵێت : وادەبینم بە واجبی دەزانی لەبەر ئەوەی خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحۡسَنَ مِنۡهَآ أَوۡ رُدُّوهَآۗ﴾ ؛ ئەلبانی دەڵێت : مەبەستی ئەوەیە وەڵامدانەوەی سەلام واجبە ، والطبریش کردوویەتیە بەڵگە لەسەر واجبێتی وەڵام دانەوەی سەلام ، پاشان ئەو وتەی حەسەنی بەصری هێناوە کە دەڵێت : سەلام کردن سوننەتە ، وەڵامدانەوەی فەرزە ، ئیبن کثیر دەڵێت : ئەوە قسەی هەموو زانایانە ، وەڵامدانەوەی سەلام لەسەر ئەو کەسەی سەلامی لێ دەکرێت واجبە ، ئەگەر وەڵام نەداتەوە تاوانبار دەبێت ، چونکە پێچەوانەی ئەو فەرمانەی خودایە ﷻ : ﴿فَحَيُّواْ بِأَحۡسَنَ مِنۡهَآ أَوۡ رُدُّوهَآۗ﴾ ، ئیبن کثیر باسی سەلام کردنی سەرەتای نەکردووە ، بەڵام القرطبی کۆدەنگی زانایانی هێنایەوە کە سوننەتە ، بەڵام ئەو پرسە بەو ڕەهاییە جێگای پرسیارە ، چونکە ئەگەر دوو موسڵمان گەیشتن بەیەك ، وکەسێکیان سەلام لە براکەی نەکات ، وبە قسەکردن دەست پێ بکات ، ئەگەر وابێت تاوانیان ناگات ؟ کە ئەوەش پێچەوانەی ئەو فەرموودانەیە کە فەرمان بە بڵاوکردنەوەی سەلام دەکەن ، ویەکێك لە مافەکانی موسڵمان بەسەر موسڵمانەوە ئەوەیە کە پێی گەیشت سەلامی لێ بکات ؛ والطبرانی لە ئیبن عومەرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : هەرکەس پێش سەلام کردن قسەی لەگەڵ کردن وەڵامی مەدەنەوە .

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِۗ وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثٗا ۝٨٧﴾ خودایە کە هیچ پەرستراوێکی تر نییە بە ڕاست شایانی پەرستن بێت جگە لە

ئەو ، **دڵنیابن کۆتان** دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ گومانی تێدا نییە ، جا قسەی کێ لە فەرموودەی خودا ڕاستترە ؟.



﴿۞فَمَا لَكُمۡ فِي ٱلۡمُنَٰفِقِينَ فِئَتَيۡنِ وَٱللَّهُ أَرۡكَسَهُم بِمَا كَسَبُوٓاْۚ أَتُرِيدُونَ أَن تَهۡدُواْ مَنۡ أَضَلَّ ٱللَّهُۖ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلٗا ٨٨﴾ ئەوە چییە دەربارەی دووڕووەکان بوون بە دوو بەشەوە ، لە کاتێکدا خودا ئەوانی گەڕاندووەتەوە بۆ بێباوەڕی بە هۆی کردارە ناپەسەندەکانیانەوە ، ئایا دەتانەوێت هیدایەتی کەسانێك بدەن کە خودا گومڕا وسەرلێ شێواوی کردوون ؟ ، هەرکەسێك خودا گومڕای بکات هیچ ڕێگایەك نادۆزیتەوە بۆ ڕێنمایی کردنی .

لەم ئایەتەدا خودا نکولی لە باوەڕداران دەکات کە بە هۆی دووڕوو وبێباوەڕەکانەوە دووبەرەکی بکەوێتە نێوانیانەوە ، بەڵکو پێویستە لەسەریان تەبا وبرا و**دەستباری** یەکتربن ، ودوورکەونە لە هەموو هۆکارێك کە دەبێتە مایەی جیاوازی وناکۆکییان ، وبەڵگەی ئەوەی تێدایە کە مرۆڤ بە هۆی کردەوە خراپەکانییەوە گومڕا وسەرلێ شێواو دەبێت ، ﴿بِمَا كَسَبُوٓاْۚ﴾ وەڵامی تێدایە بۆ جەبرییەکان ، چونکە دەڵێن : ئێمە وەك ئامێرین هەموو

ئەوەی ئەنجامی دەدەین ویست وئیرادەی خۆمانی تێدا نییە ، بەڵكو پێمان ئەنجام دەدرێت ، وهەروەها سەرزەنشتی ئەو باوەڕدارانەی تێدایە كە دوور ناكەونەوە لە كەسانی دووڕوو وبێباوەڕ وگومڕا ، بوخاری ومسلم لە زەیدی كوڕی ئەرقەمەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : كۆمەڵە خەڵكێك لە ڕۆژی ئوحوددا گەڕانەوە ، هاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەیان بوونە دوو بەشەوە : بەشێكیان دەیانگوت : بیانكوژن ، بەڵام بەشەكەی تریان دەیانگوت : نەخێر ، ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿فَمَا لَكُمْ فِي ٱلْمُنَٰفِقِينَ﴾ ، پێغەمبەری خودا ﷺ: فەرمووی : مەدینە شاری پاكە (طيبة) ، خەوش وپیسییەكەی پاڵفتە دەكات وەك چۆن كورەی ئاگر خەوش وپیسی زیو پاڵفتە دەكات وپاكی دەكاتەوە .

﴿وَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَآءً فَلَا تَتَّخِذُواْ مِنْهُمْ أَوْلِيَآءَ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَخُذُوهُمْ وَٱقْتُلُوهُمْ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَلَا تَتَّخِذُواْ مِنْهُمْ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿٨٩﴾﴾ دووڕووەكان پێیان خۆشە وخۆزگە دەخوازن ئێوەش بێباوەڕبن وپشت لە ئاینەكەتان بكەن وەك چۆن خۆیان بێباوەڕن ، ئەوكاتە هەمووتان لە بێباوەڕیدا یەكسانبن ، كەس لەو دووڕووانە بە دۆست ویاوەر مەگرن هەتاكو كۆچ دەكەن لە پێناوی ڕێگای خودا ، ئەگەر ملكەچ نەبوون وپشتیان هەڵكرد لە هەركوێ دەستتان ڕۆیشت بەسەریاندا بیانگرن وبیانكوژن ، وكەسیان بە دۆست وپشتیوانی خۆتان دامەنێن .

الآلوسی دەڵێت : ﴿يُهَاجِرُواْ﴾ وشەی هیجرە بە سێ مانا بەكاردێت ، یەكەم : دەرچوون لە وڵاتی بێباوەڕانەوە بۆ وڵاتی موسڵمانان ، كە ئەمە بەكارهێنانە باوەكەیەتی ، دووەم : وازهێنانە لە قەدەغە كراوەكان ، سێیەم : دەرچوون بۆ جەنگان ، ئەوانەی دەڵێن

: هیجرەت لەم ئایەتەدا بەم مانایە هاتووە بەڵگە بە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە دەهێننەوە ، چونکە بێگومان ئایەتەکە لەسەر ئەو کەسانە دابەزیوە کە لە ڕۆژی ئوحود گەڕانەوە ، وەك بوخاری ومسلم ڕیوایەتیان کردووە .


﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَىٰ قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٌ أَوۡ جَآءُوكُمۡ حَصِرَتۡ صُدُورُهُمۡ أَن يُقَٰتِلُوكُمۡ أَوۡ يُقَٰتِلُواْ قَوۡمَهُمۡۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَسَلَّطَهُمۡ عَلَيۡكُمۡ فَلَقَٰتَلُوكُمۡۚ فَإِنِ ٱعۡتَزَلُوكُمۡ فَلَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ وَأَلۡقَوۡاْ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَمَ فَمَا جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمۡ عَلَيۡهِمۡ سَبِيلٗا ﴿٩٠﴾﴾ جگە لەو کەسانەی کە خۆیان دەگەیەنن بە هۆزێك وپەنایان بۆ دەبەن وخۆیان دەدەنە پاڵیان ، کە لە نێوان ئێوە وئەواندا پەیمان وبەڵێننامە هەبێت ، یان ئەو کەسانەی بێن بۆ لای ئێوە ولە ناخەوە پێیان ناخۆش بێت لەگەڵ هۆزەکەیان لە دژی ئێوە بجەنگن ، ولەگەڵ ئێوەش لە دژی هۆزەکەیان بجەنگن ، وئەگەر خودا بیویستایە لە دژتان دەجەنگان وزاڵی دەکردن بەسەرتاندا ، ئەگەر گۆشەگیرییان هەڵبژارد ودوورکەوتنەوە ولە دژتان نەجەنگان وداوای ئاشتیان لێکردن ، خودا ڕێگای پێنەداون لەگەڵ ئەو کەسانەدا بجەنگن وبیانکوژن.

ئەم ئایەتە ئەو ڕەهاییەی کە لە : ﴿فَخُذُوهُمۡ وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡۖ﴾ وابەستە کردووە ، وئەو کەسانەی هەڵاوێردە کرد کە پەنا دەبەن بۆ لای هۆزێك کە لەگەڵ موسڵمانان هاوپەیمانن ، ئیدی هەموو ئەرك ومافەکانیان وەك هۆزە هاوپەیمانەکە دەبێت ، وهەروەها ئەو کەسانەی دێن بۆ لای موسڵمانان وبێزاری خۆیان لە جەنگان دەردەبڕن وئاشتی خوازن ولە دژی کەس ناجەنگن وکۆسپ وتەگەرەش ناهێننە ڕێگای موسڵمانان ، خودا ﷻ قەدەغەی کردووە ئەو جۆرە کەسانە بکوژرێن وئازار بدرێن ، ئیبن کثیر دەڵێت : لە صەحیحی بوخاری دا لە باسی پەیماننامەی حودەیبیەدا هاتووە : هەرکەسێك حەز

دەکات با ببێته هاوپەیمانی قورەیش ، وهەرکەسێك حەزدەکات با ببێته هاوپەیمانی محمد ﷺ وهاوەڵانی ؛ ولـه ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەت کراوە دەڵێت : ئەم ئایەتە نەسخ کراوەتەوە بەو ئایەتەی کە دەفەرمویت : ﴿فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ ٥﴾(التَّوْبَة) .

﴿سَتَجِدُونَ ءَاخَرِينَ يُرِيدُونَ أَن يَأۡمَنُوكُمۡ وَيَأۡمَنُواْ قَوۡمَهُمۡ كُلَّ مَا رُدُّوٓاْ إِلَى ٱلۡفِتۡنَةِ أُرۡكِسُواْ فِيهَاۚ فَإِن لَّمۡ يَعۡتَزِلُوكُمۡ وَيُلۡقُوٓاْ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَمَ وَيَكُفُّوٓاْ أَيۡدِيَهُمۡ فَخُذُوهُمۡ وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ ثَقِفۡتُمُوهُمۡۚ وَأُوْلَٰٓئِكُمۡ جَعَلۡنَا لَكُمۡ عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٗا مُّبِينٗا ٩١﴾
کۆمەڵە کەسانێکی تر دەبینن لە دووڕووەکان دەیانەوێت لە ئێوە ولە **خزمەکانی** خۆیشیان پارێزراوبن ، بەڵام هەرکاتێك بانگ بکرێن بۆ هاوبەش بۆ خودا بڕیاردان دەگەڕێنەوە سەر بەزمی جارانیان ، ئەگەر ئەم کۆمەڵە کەسە گۆشەگیریان هەڵنەبژارد ودەستیان بۆ ئاشتی درێژ نەکرد ودوور نەکەوتنەوە لە جەنگان لە دژتان ، لە هەرکوێ دەستان ڕۆیشت بەسەریاندا بیانگرن وبیانکوژن ، بۆ ئەو کەسانە ڕوخسەتماندداون وبەڵگەی ڕوونتان بە دەستەوەیە بۆ ئەوەی لەگەڵیان بجەنگن وبیانکوژن .

ئەم ئایەتە باس لە حاڵی کۆمەڵێکی تر لە دووڕووەکان دەکات بۆ پاراستنی سەروماڵیان لای موسڵمانان خۆیان بە موسڵمان پیشان دەدا ، ولای هاوبیرەکانیش وەك ئەوان بوون ، هەموو کات بەلای دۆستە هاوبیرەکانیاندا دەشکانەوە وهاوبەشیان بۆ خودا بڕیاردەدا وبێباوەڕ دەبوونەوە ، یان ئەگەر داوایان لێ بکرایە لە دژی موسڵمانان سەنگەریان دەگرت ، خودا لەم ئایەتەدا موسڵمانانی لە حاڵی ئەو جۆرە کەسانە


الجُزْءُ الخَامِسُ سُورَةُ النِّسَاءِ
وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٍ أَن يَقۡتُلَ مُؤۡمِنًا إِلَّا خَطَـٔٗاۚ وَمَن قَتَلَ
مُؤۡمِنًا خَطَـٔٗا فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ وَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ
إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُواْۚ فَإِن كَانَ مِن قَوۡمٍ عَدُوّٖ
لَّكُمۡ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ وَإِن كَانَ
مِن قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞ فَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ
أَهۡلِهِۦ وَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ
شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ تَوۡبَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ
عَلِيمًا حَكِيمٗا ٩٢ وَمَن يَقۡتُلۡ مُؤۡمِنٗا مُّتَعَمِّدٗا
فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدٗا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ
وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمٗا ٩٣ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ
لِمَنۡ أَلۡقَىٰٓ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنٗا تَبۡتَغُونَ
عَرَضَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٞۚ
كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبۡلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ
فَتَبَيَّنُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ٩٤
٩٣

ئاگادارکردووە ولە جۆرەکانی تری ئایەتەکەی پێشوو جیای کردنەوە ، وڕوخسەتی موسڵمانانیدا کە بجەنگن لەگەڵیان وئەگەر دەستیان ڕۆیشت بە سەریاندا بیانکوژن .

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٍ أَن يَقۡتُلَ مُؤۡمِنًا إِلَّا خَطَـٔٗاۚ وَمَن قَتَلَ مُؤۡمِنًا خَطَـٔٗا فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ وَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُواْۚ فَإِن كَانَ مِن قَوۡمٍ عَدُوّٖ لَّكُمۡ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ وَإِن كَانَ مِن قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞ فَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ وَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ تَوۡبَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ٩٢﴾ هیچ باوەڕدارێك بۆی نییە باوەڕدارێکی تر بکوژێت مەگەر بە هەڵە ، هەرکەسێك باوەڕدارێکی بە هەڵە کوشت پێویستە لەسەری کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات ، وخوێن بایی بدات بە کەسوکاری کوژراوەکە مەگەر بیبەخشن ودەست لەو مافەی خۆیان هەڵبگرن ، ئەگەر کەسوکاری کوژراوە باوەڕدارەکە بێباوەڕ ودوژمنی ئێوە بوون پێویستە کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات ، وئەگەر کوژراوەکە لە گەلێك بوو پەیمان هەبوو لە نێوان ئێوە وئەواندا ، پێویستە خوێن بایی بدرێت بە کەسوکارەکەی وکۆیلەیەکی باوەڕداریش ئازاد بکات ، هەرکەس نەیبوو کۆیلە ئازاد

بكات پێویستە دوو مانگی لەسەریەك ڕۆژوو بگرێت ، ئەمەی پێویست كراوە مەرجی تەوبەكردنی بكوژەكەیە ، وخودا زانا ودانای كار لەجێیە .

ئەم ئایەتە گرنگیدانی ئیسلامی تێدایە بۆ پابەند بوون بە بەڵێن وپەیمان نامەكانەوە ، هەروەها گرنگیدان بە ئازادكردنی كۆیلەكان بەوەی كە لە كەفارەتی كوشتندا ئازادكردنی كۆیلەی پێویست كردووە ، وكوشتن یەكێكە لە تاوانە زۆر گەورەكان ، ئەگەر چی لە ڕێسا شەرعییەكان ئەوە سەلماوە كە هەڵە كەفارەتی نییە ، بەڵام لەبەر گەورەیی كوشتن كەفارەتی بۆ دانراوە ، النسائی والترمذی لە عبداللەی كوڕی عەمرەوە ﭭ ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوێند بەو كەسەی نەفسی منی بەدەستە كوشتنی باوەڕدار لای خودا گەورەترە لە كاول بوونی هەموو دونیا ؛ وبوخاری لە ئیبن عومەرەوە ﭭ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : بەردەوام موسڵمان لە فراوانی ئاینەكەیدایە ، هەتاكو خوێنی حەرام نەڕێژێت ؛ واتە : هەموو تاوانێك دەرچەیەكی بۆ ئازاد بوون وگەڕانەوە وتەوبەكردن هەیە هەتاكو خوێنی موسڵمان بە ناڕەوا نەڕێژێت ، وبوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە ﭬ ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : یەكەم شتێك كە لە نێوان بەندەكاندا لە ڕۆژی قیامەتدا یەكلایی دەكرێتەوە وحوكم دەكرێت لە نێوانیاندا خوێنە ؛ ولە ئیسلامدا ڕێگا بە كوشتنی موسڵمان دراوە ئەگەر یەكێك لەم سێ كردەوەی ئەنجامدا : بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە ﭬ ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خوێنی موسڵمانێك كە گەواهی بدات كە هیچ پەرستراوێك شایەنی پەرستن نییە جگە لە خودا ، ومن پێغەمبەری خودام حەڵاڵ نییە ، بە هۆی سێ كردارەوە نەبێت ، كەسێك موسڵمانێك

بکوژێت لە بری دەکوژرێتەوە ، وژن وپیاوێك کە هاوسەگیریان کردبێت وزینا بکەن ، وئەو کەسەی لە ئاینەکەی هەڵدەگەڕێتەوە ووازلە کۆمەڵی موسڵمانان دەهێنێت ؛ جێی ئاماژە پێکردنە کوشتن سێ جۆرە : کوشتنی هەڵە : ئەو کوشتنەیە کە بکوژەکە هیچ مەبەستێکی کوشتنی نییە ، وەك ئەوەی تیر یان فیشەك لە نێچیرێك بهاوێت ومرۆڤێك بپێکێت وبیکوژێت ، لەم جۆرە کوشتنە بکوژەکە ناکوژرێتەوە بەڵام خوێن بایی سەد حوشتر وکەفارەتی ئازاد کردنی بەندەیەکی باوەڕداری لەسەرە ، البیهقی لە عەمری کوڕی حەزمەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمویێت : خوێن بایی بۆ نەفسی باوەڕدار سەد حوشترە ؛ وئەحمەد وئەبوداود والنسائی لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە ﵄ ڕوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك بە هەڵە بکوژرێت خوێن باییەکەی سەد حوشترە ، سی حوشتری مێ ساڵێکیان تەواو کردبێت ، وسی حوشتری مێ دوو ساڵیان تەواو کردبێت ، وسی حوشتری مێ سێ ساڵیان تەواو کردبێت ، ودە حوشتری نێر دوو ساڵیان تەواو کردبێت ؛ وکوشتنی هەڵەی هاوشێوەی ئەنقەست : ئەبوداود والنسائی لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خوێن بایی کوشتنی هەڵەی هاوشێوەی ئەنقەست ئەوەیە کە بە قامچی وگۆچانەوە کەسێك بکوژرێت سەد حوشترە چلیان دەبێت بێچو لە سکیاندا بێت ؛ وئەبوداود لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خوێن بایی کوشتنی هاوشێوەی ئەنقەست قورسە وەك کوشتنی ئەنقەست ، بەڵام بکوژەکە ناکوژرێتەوە ؛ وکوشتنی بە ئەنقەست : میراتگر وکەسوکاری کوژراوەکە

دەتوانن بکوژەکە بکوژنەوە یان خوێن بایی سەد حوشتری لێوەر بگرن یان لێی خۆش بن ، وموسڵمان حەرامە لەسەری ئەو بێباوەڕانەی لە ئەستۆدان (أهل الذمة) وئەو بێباوەڕانەی کە هاوپەیمانی موسڵمانانن بکوژن ، ئیبن حبان لە ئەبوبەکرە نەفیعی کوڕی حارثەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك یەکێك لەو کەسانە بکوژێت کە هاوپەیمانی موسڵمانانن بۆنی بەهەشت ناکات ، کە بۆنی بەهەشت لە دووری پێنج سەد ساڵ ڕۆژە ڕێ هەستی پێدەکرێت ؛ وبوخاری لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك یەکێك لەو کەسانە بکوژێت کە لە ئەستۆدان ، بۆنی بەهەشت ناکات ، کە بۆنەکەی لە دووری چل ساڵ ڕۆژە ڕێ هەستی پێدەکرێت ؛ بەڵام موسڵمان لە بری بێباوەڕ ناکوژرێتەوە بەڵکو خوێن بایی لێوەردەگیرێت ، کە دەکاتە نیوەی خوێن بایی باوەڕدارێك ، ئەبوداود لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : باوەڕدار لە بری بێباوەڕ ناکوژرێتەوە وخوێن بایی بێباوەڕ نیوەی خوێن بایی موسڵمانە ؛ ئیبن عثیمین دەڵێت : ئەگەر کەسوکاری بکوژەکە لە خوێن باییەکەیان خۆش بوون ، ئایا کەفارەتەکەشی لەسەر دەکەوێت ؟ نەخێر ، چونکە کەفارەت مافی خودایە ﷻ ، وخوێن بایی مافی مرۆڤە ، وهەروەها ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی کەفارەت بەجێ بهێنێت ، واتە : ئەگەر نەیتوانی کۆیلەیەك ئازاد بکات ونەشتوانێت دوو مانگ لەسەر یەك ڕۆژوو بگرێت ، ئایا خوێن باییەکەی لەسەر دەکەوێت ؟ نەخێر ، چونکە ئەوە مافی خەڵکە ، لەسەری ناکەوێت ئەگەر نەیتوانی مافی خودا ﷻ بەجێ بهێنێت .


﴿وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدًا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمًا ﴿٩٣﴾﴾ هەرکەسێك باوەڕدارێك بە ئەنقەست بکوژێت سزاکەی دۆزەخە بە هەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە ، وخودا لێی توڕەیە ونەفرەتی لێدەکات وسزایەکی زۆر گەورەی بۆ ئامادە کردووە .

هەندێك لە زانایان دەڵێن : هەرکەسێك موسڵمانێك بە ئەنقەست بکوژێت بە هەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە ، چونکە خودا دەفەرموێت : ﴿فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدًا فِيهَا﴾ ، بەڵام زۆربەی زانایان بۆچوونیان وایە کە بکوژ تەوبەی بۆ هەیە ، چونکە خودا دەفەرموێت : ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾﴾(الفُرْقَان) ، ودەفەرموێت : ﴿۞ قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾(الزُّمَر) ، ودەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾﴾(النِّسَاء) ، وبوخاری ومسلم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە کە پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم باسی کەسێکی لە ئوممەتە پێشینەکان کردووە کە سەد کەسی کوشتووە پاشان تەوبەی کردووە وخودا تەوبەکەی لێوەرگرتووە ؛ وبوخاری ومسلم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : کاتێك ئەو ئایەتە لە سورەتی (الفرقان)

دابەزی کە دەفەرموێت : ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾﴾(الفُرْقَان) ، هاوبەش بڕیاردەرەکانی مەککە وتیان : بێگومان ئێمە کەسانێکمان کوشتووە کە خودا حەرامی کردووە بکوژرێن ، ولەگەڵ خودا شتی ترمان پەرستووە ، وزیناشمان کردووە ، خودا دوای ئەوە ئەمەی دابەزاند : ﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ ﴿٧٠﴾﴾(الفُرْقَان) ، ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە ، بەڵام ئەو ئایەتەی کە لە سورەتی النسائدایە ودەفەرموێت : ﴿وَمَن يَقۡتُلۡ مُؤۡمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدًا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمًا ﴿٩٣﴾﴾ مرۆڤ ئەگەر شارەزای شەریعەتی ئیسلام بوو پاشان خەڵکی کوشت پاداشتی دۆزەخە ؛ ولە ڕیوایەتی مسلم دا سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت : بە ئیبن عەباسم رضي الله عنهما گوت : ئایا کەسێك کەسێکی تری بە ئەنقەست کوشت تەوبەی بۆ هەیە ؟ گوتی : نەخێر ، ئەو ئایەتەی سورەتی (الفرقان)م بۆ خوێندەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾﴾(الفُرْقَان) ، گوتی : ئەم ئایەتە لە مەککە دابەزیوە وئایەتێکی مەدەنی نەسخی کردووەتەوە : ﴿وَمَن يَقۡتُلۡ مُؤۡمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ﴾ ؛ ودیسان بوخاری ومسلم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ئەم ئایەتە لە کۆتا ئایەتەکان بوو کە دابەزی وهیچ ئایەتێکی تر نەسخی نەکردووەتەوە ؛ والطبرانی لە زەیدی کوڕی ثابتەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کاتێك ئەو ئایەتەی سورەتی (الفرقان) دابەزی : ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا

يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامٗا ﴿٦٨﴾(الفُرْقَان) ، سەرمان سوڕما لە نەرمی ئایەتەکە ، شەش مانگی بەسەردا تێپەڕی پاشان ئەو ئایەتەی سورەتی (النساء) دابەزی : ﴿وَمَن يَقۡتُلۡ مُؤۡمِنٗا مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدٗا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمٗا ﴿٩٣﴾﴾ ؛ ئەلبانی دەڵێت : لە ڕیوایەتی بوخاری دا لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما دەڵێت : ئەو کەسەی بە ئەنقەست خەڵك دەکوژێت تەوبەی بۆ نییە ، ئەوەش باوە لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما بکوژی ئەنقەست تەوبەی بۆ نییە ، وەك ئیبن کثیر وئیبن حەجەر ئەوەیان باسکردووە ، بەڵام جمهوری زانایان پێچەوانەی ئەوەن ، کە ئەوەش بۆچوونی پەسەند وڕاستە وگومانی تێدا نییە ، وئەو ئایەتەی سورەتی (الفرقان) بەڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات ، وئایەتەکەی سورەتی (النساء) پێچەوانەی نییە ، چونکە ئەم ئایەتە سزای بکوژەکەیە نەك باسی تەوبەکردنی ، ئەوەش بە ئاشکرا دیارە ، لەبەر ئەوەیە ئیبن عەباس رضي الله عنهما گەڕاوەتەوە سەر ئەم بۆچوونە وەك لە هەندێك ڕیوایەتدا لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما بینیومە ، ولەبەر ئەوەی ناوازەیە حەزدەکەم باسیان بکەم ، یەکەم : بوخاری لە "الأدب المفرد"دا بە صەحیحی لە عەتای کوڕی یەسارەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پیاوێك هات بۆلای ئیبن عەباس رضي الله عنهما پێی گوت : من خوازبێنی ئافرەتێکم کرد ، بەڵام ڕازی نەبوو هاوسەرگیریم لەگەڵ بکات ، وکەسێکی تر چووە خوازبێنی ، ئافرەتەکە حەزی کرد هاوسەرگیری لەگەڵ بکات ، غیرەتم کرد وپێم ناخۆش بوو بۆیە ئافرەتەکەم کوشت ، ئایا تەوبە وپەشیمان بوونەوەم بۆ هەیە ؟ ئیبن عەباس رضي الله عنهما گوتی : ئایا دایکت لە ژیاندا ماوە ؟ گوتی : نەخێر ، گوتی : تەوبە بکە وبگەڕێرەوە بۆ لای خودا جل جلاله ونزیك بەرەوە لێی ئەوەندەی دەتوانیت ، عەتا دەڵێت : پرسیارم لە ئیبن عەباس رضي الله عنهما کرد : بۆچی پرسیاری ئەوەت لێکرد کە دایکی لە ژیاندا ماوە ؟ گوتی : هیچ

کردەوەیەك نازانم مرۆڤ نزیك بکاتەوە لە خودا ﷻ وەك چاکەکردن لەگەڵ دایك ؛ بوخاری لە "الأدب المفرد"دا بە صەحیحی ڕیوایەتی کردووە ، دووەم : ئەوەی کە سەعید لە ئیبن عەباسی رضي الله عنهما گێڕاوەتەوە کە لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا : ﴿وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا ﴿٩٣﴾﴾ ، دەڵێت : بکوژ تەوبەی بۆ نییە مەگەر داوای لێخۆش بوون لە خودا بکات ، کە الطبری گێڕاویەتیەوە بە سەنەدێکی صەحیح ، وەك ئەوەی بڵێت : لێخۆش بوونی بۆ نییە ، پاشان ئەوەی بۆ خۆی ڕاستکردەوە ، گوتی : مەگەر ئەوەی خودا لێی ببورێت .


الجُزْءُ الخَامِسُ   سُورَةُ النِّسَاءِ

لَّا يَسْتَوِي ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَٰهِدُونَ
فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْۚ فَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَٰهِدِينَ بِأَمْوَٰلِهِمْ
وَأَنفُسِهِمْ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ دَرَجَةًۚ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰۚ وَفَضَّلَ ٱللَّهُ
ٱلْمُجَٰهِدِينَ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٩٥﴾ دَرَجَٰتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً
وَرَحْمَةًۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٩٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ
ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمْ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمْۖ قَالُواْ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي ٱلْأَرْضِۚ
قَالُوٓاْ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَاۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ
جَهَنَّمُۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٩٧﴾ إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ
وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا ﴿٩٨﴾
فَأُوْلَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٩٩﴾ ۞ وَمَن
يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدْ فِي ٱلْأَرْضِ مُرَٰغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةًۚ وَمَن
يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدْرِكْهُ ٱلْمَوْتُ فَقَدْ
وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٠٠﴾ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي
ٱلْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ ٱلصَّلَوٰةِ إِنْ خِفْتُمْ
أَن يَفْتِنَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْۚ إِنَّ ٱلْكَٰفِرِينَ كَانُواْ لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا ﴿١٠١﴾

٩٤

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌۚ كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبْلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿٩٤﴾﴾

ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر بەڕێ کەوتن بۆ تێکۆشان وجیهاد لە پێناوی ڕێگای خودا ، لەسەرخۆبن وپەلە مەکەن ولێکۆڵینەوە بکەن ، وبە کەسێك کە سەلامتان لێدەکات مەڵێن : تۆ باوەڕدارنیت ، لەوەدا مەبەستتان بەدەست خستنی سامانی دونیا بێت ، لای خودا دەستکەوتی زۆر هەیە ، لە پێشدا ئێوەش بەو شێوەیە بوون خودا منەتی خۆی بەسەردا کردن جا بۆیە وردکاربن ولێبکۆڵنەوە ، بێگومان خودا شارەزایە بەوەی ئەنجامی دەدەن .

ئەم ئایەتە وانەی زۆر گرنگی تێدایە بۆ موسڵمانان کە هەڵەشە نەبن وپەلە نەکەن لە کافر کردنی خەڵك پێش ئەوەی ساغ ببێتەوە بۆیان وگومان لەو پرسەدا نەمێنێت ، شایانی باسە ئەمە هەموو بوارەکانی ئاین وژیانیش دەگرێتەوە ، البیهقی لە ئەنەسەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لەسەرخۆیی لە خوداوەیە ، پەلەکردنیش لە شەیتانەوەیە ؛ بەڵام ئێستا جێگای داخە هەندێك کەسانی هەڵەشە وکەم تەمەن ودوور لە زانستی شەرعی بە کەمترین گومان خەڵك لە بازنەی ئیسلام دەردەکەن ، هەندێکیان لەبەر حەز وئارەزوو وتۆڵە کردنەوە بۆ نەفس وخۆ دەرخستن ، وهەندێك لەبەر نەفامی وگرنگ نەبوونی ئەو پرسە بە لایانەوە ، بوخاری ومسلم لە میقداری کوڕی ئەسوەدەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوتم ، ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەگەر گەیشتم بە بێباوەڕێك وجەنگا لەگەڵم ، بە شمشێرەکەی دای لە دەستێکم وقرتاندی ، پاشان لێم هەڵبێت وپەنا بباتە پشت دارێك ، وبڵێت : موسڵمان بووم وملکەچی خودا بووم ، ئایا بیکوژم ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ دوای ئەوە ؟ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : مەیکوژە ، دەڵێت ، گوتم : ئەو دەستی قرتاندووم ؟! فەرمووی : مەیکوژە ، ئەگەر کوشتت ، بێگومان ئەو لە شوێنی تۆیە پێش ئەوەی بیکوژیت ، واتە : موسڵمان بووە وخوێنی حەرام دەبێت ، تۆش لە شوێنی ئەویت پێش ئەوەی ئەو ڕستەیە بڵێت ، واتە : ڕشتنی خوێنت حەڵاڵ دەبێت ، وەك چۆن ڕشتنی خوێنی بێباوەڕ حەڵاڵە لە جەنگدا ؛ وبەڵگەی ئەوەشی تێدایە موسڵمانان ڕەواڵەتیان لەسەرە ، ئەگەر کەسێك بە ئاشکرا موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند وئەوەی لەسەری پێویستە ئەنجامیدا ، قسە لەسەر ناخی ناکرێت بۆ خودا ﷻ بەجێ دەهێڵدرێت ، بوخاری ومسلم لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَنْ أَلْقَىٰٓ

﴿إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنًا﴾ ، دەربارەی پیاوێك دابەزی ڕانە مەڕێکی پیّ بوو ، موسڵمانان پێی گەیشتن ، گوتی : (السلام علیکم) ، کوشتیان ، وئاژەڵەکانیان برد ، خودا ئەوەی دابەزاند هەتاکو : ﴿عَرَضَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا﴾ واتە : مەبەستیان ئەو ئاژەڵانە بوو ؛ ئەحمەد والبیهقي والطبراني لە عبداللەی کوڕی ئەبوحەدرەدەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ ناردمانی بۆ دۆڵی "إضم" کە نزیکەی یەك شەو ڕێگا لە مەدینەوە دوورە ، لەگەڵ کۆمەڵێك لە موسڵمانان دەرچووین ئەبوقەتادە حارثی کوڕی ربعي وموحەلیم کوڕی جەثامەمان لەگەڵ بوو ، ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە دوڵی "إضم" ، عامری ئەشجەعي لەسەر حوشترەکەی بەلاماندا تێپەڕی سەلامی لێکردین ، وبڕێك پێداویستی وناوماڵە وقاپی شیری پیّ بوو ، وەڵاممان نەدایەوە ، وموحەلیم کوڕی جەثامە پەلاماریدا وکوشتی لەسەر کێشەیەك کە لە نێوانیاندا هەبوو ، وحوشترەکەی وئەوەی کە پێی بوو بردی ، کە گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، وئەو باسەمان بۆ گێڕایەوە ، ئایەتی قورئان دەربارەمان دابەزی : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنۡ أَلۡقَىٰٓ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنًا تَبۡتَغُونَ عَرَضَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٞۚ كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبۡلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَتَبَيَّنُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ﴿٩٤﴾﴾ ؛ ئیبن حەجەر دەڵێت : ئەمە باسێکی ترە ، وهیچ ڕێگرێك نییە کە ئایەتەکە لەسەر هەردوو باسەکە دابەزی بێت ، والترمذی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پیاوێك لە هۆزی "بەنو سلیم" بەلای هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودادا ﷺ تێپەڕی ڕانە مەڕێکی پیّ بوو ، سەلامی لێکردن ، گوتیان : لەبەر ئەوە سەلامتان لێدەکات ، بۆ ئەوەی

پارێزراو بێت لە دەستتان ، هەستان کوشتیان وئاژەڵەکانیان برد ، هێنایان بۆلای پێغەمبەری خودا ﷺ ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَـٰمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا﴾ .

﴿لَّا يَسْتَوِى ٱلْقَـٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِى ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَـٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ فَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَـٰهِدِينَ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى ٱلْقَـٰعِدِينَ دَرَجَةً ۚ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ وَفَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَـٰهِدِينَ عَلَى ٱلْقَـٰعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٩٥﴾﴾ وەك یەك ویەکسان نین ئەوانەی لە ماڵی خۆیان دانیشتوون لە باوەڕداران جگە لەو کەسانەی بەهانەیان هەیە ، وتێکۆشەران وموجاهیدەکانی ڕێگای خودا بە سەر وماڵیان ، خودا فەزڵی تێکۆشەران وموجاهیدەکانی ڕێگای خودای بە سەر وماڵیان پلەیەك داوە بەسەر ئەو کەسانەی لە ماڵەوە دانیشتوون ، وخودا بەڵێنی پاداشتی زۆری لە بەهەشتدا بە هەموویان داوە ، وفەزڵی تێکۆشەران وموجاهیدەکانی داوە بەسەر ئەو کەسانەی کە دانیشتوون ، وپاداشتی گەورەیان دەداتەوە .

ئیبن عثیمین دەڵێت : ﴿غَيْرُ أُوْلِى ٱلضَّرَرِ﴾ مەبەست لە : ﴿ٱلضَّرَرِ﴾ چییە کە واجب بوونی جیهاد وتێکۆشان لەسەر خاوەنەکەی دەخات ؟ خودا لەو فەرموودەیەدا ڕوونی کردووەتەوە : ﴿لَّيْسَ عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ ۗ ﴿١٧﴾﴾(الفَتْح) ، واتە : کوێر ، شەل ، نەخۆش ، ئەمە سێ عوزرە ، وخودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿لَّيْسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ وَلَا عَلَى ٱلْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ ﴿٩١﴾﴾(التَّوْبَة) ، ئەمانەش عوزریان هەیە کە بریتین لە : لاواز ، وئەوانەی

هەژار ونەدارن ، بە مەرجێك : ﴿إِذَا نَصَحُواْ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ ٩١﴾ ، والشینقطی دەڵێت : ﴿غَيۡرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ﴾ تێگەیشتنی پێچەوانە (مفهوم المخالفة) لە ئایەتەکە ئەوەیە ئەگەر نیاز پاك بێت ئەو پاداشتەی دەستگیر دەبێت کە بۆ جەنگاوەران دیاری کراوە ، وئەم تێگەیشتنە پێغەمبەری خودا ﷺ بە ڕوونی باسیکردووە ، لەو فەرموودەی کە بوخاری لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە مەدینە کەسانێك هەن هیچ ڕێگایەکتان نەبڕیوە ، وهیچ دۆڵ وشیوێکتان نەبڕیوە ئیللا ئەوان لەگەڵتانن ، گوتیان : ئەوە لە کاتێکدا ئەوانە لە مەدینە ماونەتەوە ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟! ، فەرمووی : بەڵێ ، عوزر بووە ڕێگریان ؛ ودەڵێت : ﴿وَكُلّٗا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ﴾ بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە جیهاد فەرزی کیفایەیە وفەرزی عەین نییە ، چونکە ئەو کەسانەی کە دانیشتوون ئەگەر وازیان لە شتێك هێنابێت فەرزی عەین بێت لەسەریان ، نەدەگونجا لەگەڵ ئەوان بەڵێنی بەهەشت وپاداشتی زۆریان پێبدات ، بوخاری ومسلم لە بەرائی کوڕی عازبەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : کاتێك : ﴿لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ دابەزی ، پێغەمبەری خودا ﷺ بانگی زەیدی کوڕی **ثابتی** کرد رضي الله عنه ، پێنووس وپارچە لەوحەیەکی پێ بوو ئایەتەکەی نوسییەوە ، ئیبن ئوم مەکتوم رضي الله عنه سکالای هێنایە لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، وخودا سبحانه وتعالى : ﴿غَيۡرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ﴾ دابەزاند ؛ والترمذی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەوانەی دانیشتوون لە باوەڕداران وجگە لەو کەسانەی عوزریان هەیە لەگەڵ ئەوانەی دەرچوون بۆ غەزای بەدر ، عبداللەی کوڕی جەحش وئیبن ئوم مەکتوم گوتیان : ئێمە کوێرین ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئایا ئێمە ڕوخسەت دراوین کە ئامادەی جەنگ

نەبین ؟ ، ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿لَّا يَسْتَوِى ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِى ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ، ئەمە دەربارەی ئەو کەسانەی لە ماڵەوە دانیشتبوون جگە لەو کەسانەی عوزریان هەبوو ، ﴿وَفَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَٰهِدِينَ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ **خودا چەندان پلە فەزڵی جەنگاوەرانی داوە بەسەر ئەو کەسانەی کە لە ماڵەوە دانیشتوون لە باوەڕداران جگە لە خاوەن عوزرەکان .**

﴿دَرَجَٰتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٩٦﴾﴾ **چەندان پلەوپایەی زۆر ولێخۆش بوون وپۆشینی تاوان وبەزەییان لە لایەن خوداوە بۆ هەیە ، خودا لێخۆشبوو وپۆشەری تاوان وبە بەزەییە .**

بوخاری ومسلم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : بێگومان لە بەهەشتدا سەد پلە هەیە خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی تێدەکۆشن وجیهاد دەکەن لە پێناوی ڕێگای خودا ، نێوان هەر پلەیەك بۆ پلەکەی تر وەك نێوان ئاسمان وزەوییە ؛ ومسلم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : هەرکەس ڕازی بێت خودا سبحانه وتعالى پەروەردگاری بێت ، وئیسلام ئاینی بێت ، ومحمد صلى الله عليه وسلم پێغەمبەری بێت ، بەهەشتی بۆ مسۆگەرە ، ئەبوسەعید رضي الله عنه دەڵێت : سەرم سوڕما ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دووبارەی بکەرەوە بۆم ، دووبارەی کردەوە ، پاشان فەرمووی : کردەوەیەکی تر خودا سبحانه وتعالى بەندەکەی سەد پلە لە بەهەشتدا بە هۆیەوە بەرز دەکاتەوە ، نێوان دوو پلەی وەك نێوان ئاسمان وزەوییە ، گوتم : ئەو کردەوەیە چییە ئەی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ؟ فەرمووی : تێکۆشان وجیهادە لە پێناوی ڕێگای خودا ؛ وئیبن حبان لە

کەعبی کوڕی مورەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك دوژمن بپێکێت بە تیرێك ، خودا بە هۆیەوە پلەیەك بەرزی دەکاتەوە ، عبدالرحمانی کوڕی النحام رضي الله عنه گوتی : ئەو پلەیە چییە ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟ فەرمووی : ئەوە وەك پلەی بەر دەرگاکەی ماڵی دایکت نییە ، بەڵکو نێوان هەردوو پلە سەد ساڵ ڕۆژە ڕێیە .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمۡۖ قَالُواْ كُنَّا مُسۡتَضۡعَفِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ قَالُوٓاْ أَلَمۡ تَكُنۡ أَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٗ فَتُهَاجِرُواْ فِيهَاۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ٩٧﴾ بێگومان ئەو کەسانەی کاتێك فریشتە گیانیان دەکێشن ، کە ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردبوو ، پێیان گوتن : ئێوە لە کوێ بوون وحاڵتان چۆن بوو ؟ ، گوتیان : ئێمە زەبوون وچەوساوە بووین لەسەر زەوی ، پێیان گوتن : ئایا زەوی خودا فراوان نەبوو کۆچی تێدا بکەن وئەو شوێنە بەجێ بهێڵن ؟ ئەو کەسانە دۆزەخ دەبێتە جێگای مانەوەیان ، وخراپترین چارەنووس چاوەڕوانیانە .

ئیبن کثیر دەڵێت : ئەم ئایەتە پیرۆزە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ هاوبەش بڕیاردەراندا دەژین ، ودەتوانێت کۆچ بکات ، ناتوانن دروشمەکانی ئاینەکەیان پەیڕەو بکەن ، ئەو کەسانە ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردووە ، وتووشی تاوان بوون بە کۆدەنگی هەموو زانایان ، وبە دەقی ئەم ئایەتە ؛ ئەلبانی دەڵێت : ئەوەی کە هیچ زانایەکی تێگەیشتوو گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە ئایەتەکە بە شێوەیەکی گشتی تەنها بەڵگەیە نییە لەسەر **کۆچ کردن لە وڵاتی بێباوەڕانەوە** ، والقرطبی لە تەفسیرەکەیدا ڕاشکاوانە ئەو باسەی کردووە ودەڵێت : ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە پێویستە کۆچ بکرێت لەو

خاكەی كە تاوانی لەسەر ئەنجام دەدرێت ، سەعیدی كوڕی جوبەیر دەڵێت : ئەگەر لە شوێنێك تاوان ئەنجامدرا بەجێی بهێڵە ، وئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَاۚ﴾ ؛ وئبن تەیمییە دەڵێت : ئەوەی ولاتێك بە ولاتی بێباوەڕان یان باوەڕداران یان خراپەكاری ولاڕێكان وەسف دەكرێت خەسڵەتێكی وابەستەی هەمیشەیی نییە ، بەڵكو خەسڵەتێكە بە هۆی دانیشتووانەكەیەوە بە دەستی دەهێنێت ، هەموو سەرزەمینێك دانیشتووانەكەی باوەڕدارە پارێزكارە لە خودا ترسەكانن ئەوە ولاتی خۆشەویستانی خودایە (دار الإسلام) لەو كاتەدا ، وهەموو سەر زەمینێك دانیشتووانەكەی بێباوەڕبن ئەوە ولاتی بێباوەڕانە (دار الكفر) لەو كاتەدا ، وهەموو سەرزەمینێك دانیشتووانەكەی تاوانبار ولاڕێكانبن ئەوە ولاتی تاوانبار ولاڕێكانە (دار الفسق) لەو كاتەدا ، ئەگەر كەسانێكی تر لەو شوێنانە نیشتەجێبن دەبێتە ولاتی ئەو كەسانە ، ئەگەر مزگەوتێك كرا بە مەیخانە یان بووە شوێنی خراپەكاری وستەم یان كرایە كڵێسایەك هاوبەشی بۆ خودا تیادا بڕیاردرا ئەو شوێنە بە گوێرەی دانیشتووانەكەیەتی ، وهەروەها ئەگەر مەیخانە وشوێنێكی خراپەكاری كرایە مزگەوت وخودای تێدا پەرسترا بە گوێرەی ئەوەیە ؛ ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێویستە ئەو كەسەی موسڵمان دەبێت لە ولاتی بێباوەڕانەوە كۆچ بكات بۆ شار وولاتی موسڵمانان ، ئەبوداود لە سەمرەی كوڕی جوندبەوە رضي الله عنه ریوایەتی كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەركەسێك لەگەڵ هاوبەش بڕیاردەردا كۆببێتەوە ولەگەڵیدا بژی بێگومان وەكو ئەوە ؛ وئەبوداود والترمذی لە جەریری كوڕی عبداللەوە رضي الله عنه ریوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : من بەریم لە هەموو موسڵمانێك كە لەگەڵ هاوبەش بڕیاردەراندا دەژی ، گوتیان : بۆچی ؟

فەرمووی : نابێت لە شوێنێك پێكەوە بژین كە ئاگری یەكتری ببینن ؛ واتە : دەبێت موسڵمان زۆر دوور كەوێتەوە لە تێكەڵاوی بێباوەڕان ، بەڵام زۆر جێگای داخە ئەمڕۆ خەڵكێكی زۆر هەیە ئامادەیە پارەی زۆر خەرج بكات وسەركەشی بە گیان وئاینەكەیەوە بكات بۆ ئەوەی بگاتە ڕۆژئاوا ولەوێ لەگەڵ ئەو كۆمەڵگایانەدا بژی كە هەموو دابونەریت وخووڕەوشتیان نامۆ وپێچەوانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ، وهیچ سنورێكیان نەهێشتووەتەوە بۆ حەڵاڵ وحەرام وپیرۆزییەكان ، **وبێ سنور گەراییەكی ڕەها** (الإباحیة) پەیڕەو دەكەن ، بەجۆرێك پیاو لە پیاو وئافرەت لە ئافرەت وئاژەڵ لە مرۆڤ مارە دەكەن ، ئەوەش بەبیانووی ئەوەی ئیش وكاریان لە وڵاتی خۆیان دەست ناكەوێت وئازادی ژیان بوونی نییە ؟! زۆر خەڵك ماددی بیر دەكاتەوە وهیچ بایەخێك بە ئاین وخووڕەوشت ونەوەكانی نادات كە ئەگەر لەو وڵاتانە گەورە وپەروەردەبن ئومێدی چاكەیان زۆر بە كەمی لێدەكرێت ودەتوێنەوە لە نێو ئەو كلتورە نامۆیە ، ودادەڕنرێن لە هەموو خووڕەوشت وئاكارە بەرزەكان ، یان هەندێك بیانووی ئەوە دەهێننەوە كە لە هەندێك لە وڵاتانی موسڵمان ڕێگا نادەن دروشمەكانی ئاینی ئیسلام بە ئازادی پەیڕەو بكەن ، ئەمە لە هەندێك شوێن ڕاستە بەڵام ئەگەر بە ڕێسای بەرژەوەندی وخراپە (مصالح ومفاسد) لەو پرسە بڕوانیت بەرژەوەندی جێنەهێشتنی وڵاتانی موسڵمان وئارام گرتن زۆر باشترە ، لەبەر زۆری ئەو خراپانەی كە دەشێت موسڵمان ونەوەكانی لەو وڵاتانە تووشی بن ، كە سەرئەنجام دەبێتە هۆكاری لە دەستدانی ئاین وژیان وخووڕەوشت وهەموو دابونەریتێكی پەسەند ، وئەگەر مرۆڤ سەرپشك یان ناچاربێت لە نێوان ئەوەی سەر ومڵ وژیانی تیابچێت یان ئاینەكەی دەبێت بەبێ دوودڵی پارێزگاری لە ئاینەكەی هەڵبژێرێت ، چونكە ژیانی دونیا چەندە ناسۆر وژانی تیابێت كاتییە ودەبڕێتەوە ، بەڵام ژیانی قیامەت هەتاهەتای

ونەبڕاوەیە ، جا ئەگەر کەسێك باری ژیانی قورس بێت وبە ئەستەم بتوانێت ئاینداری لە ولاتە موسڵمانەکەی خۆیدا بکات زۆر باشترە لەوەی قیامەتی خۆی وخێزان ونەوەکانی داهاتووشی بخاتە مەترسییەوە وسەرکەشی پێوەبکات ، بوخاری لە ئەبوئەسوەدەوە ڕیوایەتی کردووە ودەڵێت : لەسەردەمی خەلافەتی عبداللەی کوڕی زوبێردا رضي الله عنهما خەڵکی شاری مەدینە زۆریان لێکرا سوپایەك ئامادە بکەن بۆ جەنگان لەگەڵ خەڵکی شام ، منیش ناوی خۆم تۆمار کردبوو بۆ جەنگان ، گەیشتمە عیکرمەی مەولای ئیبن عەباس رضي الله عنهما ، ئەوەم بۆ باس کرد ، زۆر بە توندی یاساغی ئەوەی کرد ، پاشان گوتی : ئیبن عەباس رضي الله عنهما بۆی باسکردووم : کە هەندێك لە موسڵمانان لەگەڵ بێباوەڕاندا بوون ، ژمارەی هاوبەش بڕیاردەرانیان زیاتر دەکرد لە بەرامبەر پێغەمبەری خودا ﷺ ، تیرێکی وێڵ دێت کەسێکیان دەپێکێت ودەیکوژێت ، یان لێی دەدرێت ودەکوژرێت : خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ﴾ ؛ عیکرمە ئەوەی گێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی گەورەی وترسناکی ئەو کردەوەی پیشان بدات ومەبەستی ئەوە نەبوو کە سوپاکەی ئیبن زوبێر رضي الله عنهما لە بێباوەڕانە ، والبزار والطبری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە ، الهیثمي دەڵێت : بوخاری هەندێکی ڕیوایەت کردووە وصەحیحە ، وئەلبانیش ئاماژەی بە صەحیحی کردووە ، دەڵێت : هەندێك لە خەڵکی موسڵمان بوون ، وموسڵمان بوونەکەیان دەشاردەوە ، کاتێك هاوبەش بڕیاردەران دەرچوون بۆ غەزای بەدر ، ناچاریان کردن لەگەڵیان دەربچن ، هەندێك لەو موسڵمانانە بریندار بوون لەگەڵ هاوبەش بڕیاردەران ، موسڵمانان گوتیان : ئەو هاوەڵە موسڵمانانەمان ناچار کراون ، داوای لێخۆشبوونیان لە خودا بۆ دەکەین ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ﴾ ، موسڵمانان ئەم ئایەتەیان نارد بۆ ئەو موسڵمانانەی

کە هێشتا لە مەککە مابوونەوە ، هەموویان کۆچیان کرد ، بە ڕێگاوە بوون هاوبەش بڕیاردەران پێیان زانین ، خۆیان پێگەیاندن وگەڕاندنیانەوە ، ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِىَ فِى ٱللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ ۝١٠﴾(العَنكَبُوت) ، موسڵمانان ئەم ئایەتەشیان بۆ ناردن ، تووشی خەم وپەژارەی کردن ، پاشان ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُواْ مِنۢ بَعْدِ مَا فُتِنُواْ ثُمَّ جَٰهَدُواْ وَصَبَرُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ۝١١٠﴾(النَّحل) ، ئەوەشیان بۆ ناردن .

﴿إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا ۝٩٨﴾ جگە لەو کەسانەی چەوساوە وبێ دەسەڵاتن لە پیاوان وئافرەتان ومنداڵان ، وناتوانن خۆیان دەرباز بکەن وڕێگاوبان شارەزانین .

بوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : من ودایکم لەو کەسە لاواز وچەوساوانە بووین ؛ ودیسان بوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە کە ئەم ئایەتەی خوێندووەتەوە : ﴿إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ﴾ ، دەڵێت : من ودایکم لەو کەسانە بووین کە خودا عوزری بۆ دانابووین ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : لە کاتێکدا پێغەمبەری خودا ﷺ نوێژی عیشای ئەنجام دەدا ، دوای ئەوەی فەرمووی : ((سَمِعَ اللَّهُ لِمَن حَمِدَهُ)) ، پێش ئەوەی سوژدە ببات فەرمووی : پەروەردگارا عیاشی کوڕی ئەبورەبیعە وسەلەمەی کوڕی هشام وولیدی کوڕی ولید ڕزگار بکە ، پەروەردگارا باوەڕدارە لاوازە چەوساوەکان

ڕزگار بکە ، پەروەردگارا سزای توندی قورەیشی نەوەکانی مضر بدە ، پەروەردگارا تووشی قاتوقڕیان بکە وەك ئەو قاتوقڕییەی سەردەمی پێغەمبەر یوسف ﷺ .

﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعۡفُوَ عَنۡهُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورٗا ٩٩﴾ ئەو کەسانە خودا لێیان خۆش دەبێت ، وخودا لێخۆشبوو وپۆشەری تاوانەکانە .

ئیبن عثیمین دەڵێت : ﴿عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعۡفُوَ عَنۡهُمۡۚ﴾ ئایا ئەمە بۆ خۆزگە خواستنە یان خودا ﷻ لەو کەسانە خۆش دەبێت ؟ ئەگەر (عَسَى) درایە پاڵ خودا ﷻ ئەوە بۆ خۆزگە خواستن نییە ، بەڵکو ئەو کردارە ڕوودەدات ، لەبەر ئەوە هەندێك لە زانایان دەڵێن : (عَسَى) ئەگەر بۆ خودا ﷻ بەکار بهێنرێت پێویستە ئەو کردارە ڕووبدات ، وبۆ خۆزگە خواستن نییە ، چونکە خودا خۆزگە بۆ هیچ شتێك ناخوازێت ، ودەسەڵات وتوانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ، خۆزگە خواستن بۆ کەسێکە نەتوانێت وقورس بێت کردارێك ئەنجام بدات ، کەوابوو : ئەو کەسانە خودا لێیان خۆش دەبێت ، بەڵام ئەی بۆچی بە (عَسَى) ئەوەی دەربڕیوە کە دڵنیایی نادات بە مرۆڤ کە ئەو کردارە فەراهەم دەبێت ؟ دەڵێین : لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە خۆبایی نەبێت وبڵێت : من خودا لێم خۆش بووە وگرنگی نەدات بە تەوبە کردن ، بەڵکو دەگوترێت : تۆ ئومێد هەیە خودا لێت خۆش بێت بۆ نموونە .

﴿۞وَمَن يُهَاجِرۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُرَٰغَمٗا كَثِيرٗا وَسَعَةٗۚ وَمَن يَخۡرُجۡ مِنۢ بَيۡتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدۡرِكۡهُ ٱلۡمَوۡتُ فَقَدۡ وَقَعَ أَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ١٠٠﴾ هەرکەس لە پێناوی ڕێگای خودا زێد وشار وولاتی خۆی بەجێ بهێڵێت وکۆچ بکات ، لەسەر زەویدا پەناگە وڕۆزی فراوانی دەستگیر دەبێت وترس وبیم وپەژارەی

زۆریش تووشی دوژمنانی دەکات ، وهەرکەسێك لە ماڵی خۆی دەرچێت بە نییەتی کۆچ کردن بۆ لای خودا وپێغەمبەرەکەی پاشان مردن یەخەی پێ بگرێت ، خودا پاداشتی بۆ ئەو کەسە لەسەر خۆی پێویست کردووە ، وخودا لێبوردە وپۆشەری تاوانە وبە بەزەییە .

ئەم ئایەتە پەند ووانەی گرنگی تێدایە بۆ موسڵمان ، هەرکەسێك لەبەر خودا ﷻ واز لە شتێك بهێنێت خودا ﷻ لەوە باشتر بۆی قەرەبوو دەکاتەوە ، وهانی ئەو کەسانە دەدات کە لە زێد وولاتی خۆیان ناتوانن ئاینداری بکەن وبێباوەڕان بالادەستن ودەیانچەوسێننەوە وستەمیان لێدەکەن ، بەوەی ئەو خاك وولاتە بەجێ بهێڵن ، خودا قەرەبوویان بۆ دەکاتەوە وڕۆزی فراوان ودەسەلاتیان پێدەبەخشێت ودوژمنانی پێ سەغلەت دەکات ، وهەرکەسێك هەوڵی کۆچ کردن بدات ومردن یەخەی پێ بگرێت خودا پاداشتی تەواوی دەداتەوە ، ونییەت گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کردەوەکانی مرۆڤ ، بوخاری ومسلم لە عومەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان پاداشتی کردەوەکان بە گوێرەی نییەتی خاوەنەکەیەتی ، وهەرکەسێك نییەتی هەرچی بێت ئەوەی دەستگیر دەبێت ، هەرکەسێك کۆچ کردنی لە پێناوی ڕەزامەندی خودا وگوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بێت ﷺ ، ئەوا خودا لێی ڕازی دەبێت وگوێڕایەڵی پێغەمبەری خوداشی ﷺ کردووە ، بەلام هەرکەسێك کۆچ بکات بۆ ئەوەی شتێکی لە دونیا دەست کەوێت ، یان بیەوێت ئافرەتێك مارە بکات ، ئەوا کۆچ کردنەکەی بۆ ئەو شتانەیە ؛ والطبراني وئەبویەعلا لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك لە ماڵ دەربچێت بۆ حەج ولە ڕێگادا بمرێت ، خودا پاداشتی حەجی بۆ دەنووسێت هەتاکو ڕۆژی قیامەت ، وهەرکەسێك لە ماڵ دەربچێت بۆ عومرە ولە ڕێگادا بمرێت ، خودا پاداشتی عومرەی بۆ دەنووسێت

هەتاکو ڕۆژی قیامەت ، وهەرکەسێك لە ماڵ دەربچێت بۆ جیهاد وتێکۆشان لە پێناوی ڕێگای خودا ولە ڕێگادا بمرێت ، خودا پاداشتی تێکۆشەر وجەنگاوەری بۆ دەنووسێت هەتاکو ڕۆژی قیامەت ؛ ئیبن ئەبوحاتەم وئەبونەعیم لە زوبیری کوڕی عەوامەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : خالدی کوڕی حزام رضي الله عنه کۆچی کرد بۆ حەبەشە ، لە ڕێگا مارێك پێوەیدا ومرد ، ئەم ئایەتە لە بارەیەوە دابەزی : ﴿وَمَن يَخۡرُجۡ مِنۢ بَيۡتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدۡرِكۡهُ ٱلۡمَوۡتُ فَقَدۡ وَقَعَ أَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ ، زوبیر رضي الله عنه گوتی : من پێشبینی وچاوەڕوانی هاتنیم دەکرد کاتێك لە وڵاتی حەبەشە بووم ، هیچ شتێك هێندەی هەواڵی مردنی خەفەتباری نەکردووم لەو کاتەوە هەواڵەکەیم پێگەیشتووە ، چونکە کەم کەسێك هەبوو لە قورەیش کۆچ بکات ئیللا هەندێك لە کەسوکاری یان خزمانی لەگەڵ دابوو ، بەڵام ئەو کەسی لەگەڵ نەبوو ؛ ئیبن کثیر دەڵێت : ئەم بەسەرهاتە لە سەردەمی مەککەدا ڕوویداوە ، وئەم ئایەتە لە مەدینە دابەزیوە ، لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێت ئەم ئایەتە دابەزیوە خالد رضي الله عنه وجگە لەویش دەگرێتەوە ، ئەگەرچی ئەو بەسەرهاتەش هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە نەبێت ؛ والطبرانی وئەبویەعلا لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی وئەحمەد شاکر بە صەحیحیان داناوە ، دەڵێت : ضەمرەی کوڕی جوندب لە ماڵ دەرچوو کۆچی کرد ، بە کەسوکاری وت : هەڵمبگرن ، دەرمکەن لە زەوی هاوبەش بڕیاردەران ، بمبەن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، لە ڕێگا مرد پێش ئەوەی بگاتە پێغەمبەری خودا ﷺ ، سروش دابەزی : ﴿۞وَمَن يُهَاجِرۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُرَٰغَمٗا كَثِيرٗا وَسَعَةٗۚ وَمَن يَخۡرُجۡ مِنۢ بَيۡتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدۡرِكۡهُ ٱلۡمَوۡتُ فَقَدۡ وَقَعَ أَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ١٠٠﴾

﴿وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي ٱلْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُوا۟ مِنَ ٱلصَّلَوٰةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱلْكَـٰفِرِينَ كَانُوا۟ لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا ﴿١٠١﴾﴾ ئەگەر سەفەرتان کرد وبەسەر زەویدا گەڕان ، گوناهتان ناگات لە نوێژەکان کورت بکەنەوە ، ئەگەر ترسان بێباوەڕان بەلاّ وئاشوبتان بەسەربهێنن ، بێگومان بێباوەڕان دوژمنی ئاشکرای ئێوەن .

هەندێك لە زانایان دەڵێن : ئەو سەفەرە هەموو سەفەرێك دەگرێتەوە ، بەلاّم زۆربەی زانایان دەڵێن : سەفەرێك نوێژی تێدا کورت دەکرێتەوە کە سەفەری گوێڕایەڵی خودا بێت : وەك دەرچوون بۆ جیهاد ، وحەج ، وعومرە ، یان سەفەرێکی حەلاّڵ بێت ، وەك سەفەرکردن بۆ بازرگانی ، بەلاّم ئەگەر کەسێك سەفەر بکات بەمەبەستی ئەنجامدانی تاوانێك بۆی نییە نوێژەکانی کورت بکاتەوە ، وەك ئەو کەسەی سەفەر دەکات بۆ ڕێگیری کردن لە خەڵك ، ﴿إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟﴾ ئایا ترس لە بێباوەڕان مەرجە بۆ کورت کردنەوەی نوێژەکان ؟ لە سوننەتدا جێگیر بووە پێغەمبەری خودا ﷺ هیچ ترسێکی لەسەر نەبووە لە بری نوێژە چوار ڕکاتیەکانی دوو ڕکاتی ئەنجامداوە ، بوخاری ومسلم لە حارثەی کوڕی **وەهبی** خوزاعیەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دوو ڕکات نوێژی بۆ کردین لە مینا وئێمە هیچ کاتێك لەو کاتە ژمارەمان زیاتر وئاسایش تر نەبوو ؛ ومسلم لە یەعلای کوڕی ئومەیەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پرسیارم کرد لە عومەری کوڕی خەتاب ﵁ ، گوتم : خودا دەفەرموێت : ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُوا۟ مِنَ ٱلصَّلَوٰةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟﴾ ، ئێستا خەڵك لە ئاسایشدا دەژین ، عومەر ﵁ گوتی : منیش سەرم سوڕما لەوەی تۆ پرسیاری دەربارە دەکەیت ، پرسیارم لە پێغەمبەری خودا ﷺ کرد فەرمووی :


فەزڵ وبەخشینی خودایە پێی بەخشیون ، بەخشینەکەی وەربگرن ؛ وزانایان ناکۆکن کە کام دەرچوون پێی دەگوترێت سەفەر ؟ ئیبن القیم دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دووری سەفەری بۆ ئوممەتەکەی دیاری نەکردووە بۆ کورت کردنەوەی نوێژ ورۆژوو نەگرتن ، بەڵکو بە ڕەهایی باسی کردووە بۆیان بۆ ئەوەی هەموو سەفەرکردن ودەرچوون وگەڕانێك بەسەر بەزەویدا بگرێتەوە ، وەك چۆن بە ڕەهایی باسی تەیەمومی بۆ کردوون لە هەموو سەفەرێکدا ، وئەوەی دەیگێڕنەوە لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ کە ڕۆژە ڕێیەك یان دوو یان سێی دیاری کردووە ، هیچی صەحیح نییە ؛ وئیبن تەیمییە دەڵێت : هەموو ناوێك پێناسە نەکرا بێت وسنوری بۆ دیاری نەکرا بێت نەلە زماندا ونەلە شەرعدا ، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ دابونەریتی خەڵك ، هەر دەرچوونێك لە دابونەریتی خەڵکدا سەفەر بوو ، ئەوە ئەو سەفەرەیە کە شەرع حوکمەکانی پێوە وابەستە کردووە ، وەك سەفەری دانیشتووانی مەککە بۆ عەرەفە ئەمە دووری "برید"ێکە "کە دەکاتە نزیکەی بیست کیلۆ مەتر" ، ئەم سەفەرە لە سوننەتدا هاتووە دروستە نوێژی تێدا کورت وکۆ بکرێتەوە ، کە نیو ڕۆژ ڕێگایە بە ڕۆیشتنی حوشتر وبە پیادە ، وئەوە کەمترین دوورییە کە لە زمانی شەرعدا پێی دەگوترێت سەفەر ، بەڵام کەمتر لە بەریدێك وەك میل نەهاتووە ، لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ هەموو شەممەیەك دەچوو بۆ قوبا بە سواری وبە پیادە ، وگومانی تێدا نییە کە خەڵکی قوبا وعەوالی ودەوروبەری مەدینە دەهاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، نە پێغەمبەری خودا ﷺ ونە ئەوانیش نوێژیان کورت نەدەکردەوە ، ودەهاتن بۆ نوێژی هەینی لە دووری میل وفەرسەخێکەوە "کە دەکاتە نزیکەی پێنج کیلۆمەتر" نوێژیان کورت نەدەکردەوە ؛ وئەوە بۆچوونی ئەلبانی وئیبن عثیمینیشە : کە دیاری کردنی دووری بۆ سەفەر لە شەرعدا نەهاتووە ، وئەوەی سەفەر

دیاری دەکات دابونەریتی خەڵکە ، محمد الأثیوبی دەڵێت : هیچ دەقێکی یەکلاکەرەوە نییە دووری سەفەر دیاری بکات ، وگوتەی هاوەڵان ودوای ئەوانیش جیاوازە لەسەر ئەم پرسە ، وپێویستە بگەڕێنەوە بۆ مانای سەفەر لە شەرعدا ، دەبینین پێغەمبەری خودا ﷺ سێ ڕۆژ ودوو ڕۆژ ویەك ڕۆژی ناو لێناوە سەفەر ، وهەروەها بەریدێکیشی ناولێناوە سەفەر ، کەمترین دوورییەك کە بە صەحیحی هاتووە لەسەفەردا بەریدێکە ؛ وزانایان ناکۆکن ئایا لە سەفەردا کورت کردنەوەی نوێژ واجبە یان سوننەت ؟ زۆربەی زانایان دەڵێن : سوننەتە ، وهەندێك لە زانایان دەڵێن : واجبە ، وئەم بۆچوونەش پەسەندترە لەبەر ئەوەی الطحاوی لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : یەکەم جار کە نوێژ فەرز بوو دوو ڕکات بوو ، کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە هەموو نوێژەکانی کردە چوار ڕکات ، جگە لە نوێژی مەغریب چونکە وتری ڕۆژە ، ونوێژی بەیانی لەبەر درێژی قورئان خوێندنەکەی ، وئەگەر سەفەری بکردایە وەك سەرەتا نوێژی دەکرد ؛ والطبری لە سیماکی کوڕی ولیدەوە ڕیوایەتیان کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پرسیارم لە ئیبن عومەر رضي الله عنهما کرد دەربارەی نوێژی سەفەر ؟ گوتی : دوو ڕکاتی تەواوە وکورت نەکراوەتەوە ، بێگومان کورتکردنەوە بۆ نوێژی ترسە ، گوتم : نوێژی ترس چییە ؟ گوتی : پێش نوێژ ڕکاتێك نوێژ لەگەڵ کۆمەڵێك ئەنجام دەدات ، پاشان ئەمان دەچن شوێنی کۆمەڵێکی تر دەگرنەوە ، ئەوانیش دێن پێش نوێژەکە ڕکاتێك نوێژ لەگەڵ ئەمانیش ئەنجام دەدات ، بەوەش پێش نوێژەکە دوو ڕکات نوێژ ئەنجام دەدات وئەو دوو کۆمەڵەش هەریەکەیان یەك ڕکات نوێژ ئەنجام دەدەن ؛ وئەحمەد والنسائی وئیبن ماجە لە عومەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : نوێژی سەفەر وهەینی وجەژن دوو

ڕکاتن وتەواون وکورت نەکراونەتەوە لەسەر زاری محمدەوە ﷺ ؛ ئەلبانی دەڵێت : ئەو فەرموودانە بەڵگەن کە سەفەر لە بنەڕەتدا دوو ڕکاتە وکورت نەکراوەتەوە لە نوێژە چوار ڕکاتییەکان وەك هەندێك وادەڵێن ، وەك نوێژی جەژنەکانە ، وئەمەش ئیبن حەجەر پەسەندی کردووە لە (فتح الباری) دوای ئەوەی باسی ناکۆکی زانایان دەکات دەربارەی حوکمی کورت کردنەوەی نوێژ لە سەفەردا ، باسی بەڵگەی هەموویان دەکات ودەڵێت : ئەوەی بۆم دەردەکەوێت وهەموو بەڵگەکان کۆ دەکاتەوە نوێژەکان لە شەوڕەویەکەی پێغەمبەری خودا ﷺ (لیلة الإسراء) دوو ڕکات ، دوو ڕکات فەرزکران جگە لە نوێژی مەغریب ، پاشان دوای کۆچ نوێژەکانی تر زیادکران جگە لە نوێژی بەیانی ؛ والشنقیطی دەڵێت : هەندێك لە زانایان دەڵێن : مەبەست لەوەی کە دەفەرموێت : ﴿أَن تَقۡصُرُواْ﴾ کورت کردنەوەیە لە چۆنییەتی نەوەك لە ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژ ، وکورت کردنەوەی چۆنییەتی ئەوەیە هەندێك کردار لە نوێژەکەدا دروستە دەبێت لە کاتی ئاسایشدا دروست نییە ، وەك ئەوەی هەندێکیان لەگەڵ پێش نوێژ یەك ڕکات نوێژ ئەنجام بدەن ، وپێش نوێژ بوەستێت هەتاکو بەشەکەی تریان دێت ویەك ڕکات نوێژی لەگەڵ ئەنجام بدەن ، ووەك ئەوەی نوێژ بە ئاماژە بکەن بە سواری وبەپیادە ، ئەگەر ڕوویان لە قیبلەش نەبێت ، هەموو ئەمانە کورت کردنەوەی چۆنییەتی نوێژەکەیە ، ئایەتەکە بەڵگەیە کە مەبەست کورت کردنەوەی چۆنیەتییە ، پاشان دەڵێت : ئەم ئایەتەی قورئان بەڵگەیە کە ترس بەمەرج گیراوە لەوەی کە دەفەرموێت : ﴿إِنۡ خِفۡتُمۡ أَن يَفۡتِنَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْۚ﴾ ، واتە : ئەگەر لێیان نەترسان چۆنییەتی نوێژەکە کورت مەکەنەوە ، بەڵکو بە باشترین شێوە ئەنجامی بدەن ، وەك لەو ئایەتەدا بە ڕاشکاوی دەفەرموێت : ﴿فَإِذَا ٱطۡمَأۡنَنتُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَۚ ﴿١٠٣﴾﴾(النِّسَاء) ، وبە ڕاشکاوی باسی مەرجی ترس دەکات بۆ کورت کردنەوەی

چۆنییەتی نوێژ ، کاتێك فەرمانیان پێدەکات نوێژ ئەنجام بدەن بە پیادە وبە سواری وەك دەفەرمویێت : ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا﴾ ، پاشان دەفەرمویێت : ﴿فَإِذَآ أَمِنتُمْ فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُم ﴿٢٣٩﴾﴾(البَقَرَة) ، واتە : ئەگەر ترس ڕەوییەوە وئاسایش بوون نوێژەکانتان ئەنجام بدەن بەو شێوەیەی کە فەرمانتان پێکراوە بە کڕنوش وسوژدە ووەستان ودانیشتنەوە بە باشترین وتەواوترین شێوە ، وباشترین ڕوونکەرەوەی قورئان ئایەتەکانی قورئانە ، کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەبەست لە کورت کردنەوە لەم ئایەتە کورت کردنەوەی چۆنییەتی نوێژەکەیە ؛ وئەنجامدانی نوێژ لە کاتی ترسدا کە بە چەند شێوازێك لە سوننەتدا هاتووە ، وپرسی کورت کردنەوەی نوێژ وئەوەی تا چەند ڕۆژ لە سەفەردا نوێژ کورت دەکرێتەوە وچەندان پرسی فقهی تر لە کتێبەکانی فقهدا بە درێژی هاتووە ، بۆیە لێرە ناتوانرێت باسی ورد ودرشتی ئەو پرسانە بکرێت لەبەرئەوەی لەوە زیاتر درێژ نەبێتەوە .

﴿وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُوٓا۟ أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُوا۟ فَلْيَكُونُوا۟ مِن وَرَآئِكُمْ وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ أُخْرَىٰ لَمْ يُصَلُّوا۟ فَلْيُصَلُّوا۟ مَعَكَ وَلْيَأْخُذُوا۟ حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ وَدَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَٰحِدَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن كَانَ بِكُمْ أَذًى مِّن مَّطَرٍ أَوْ كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَن تَضَعُوٓا۟ أَسْلِحَتَكُمْ وَخُذُوا۟ حِذْرَكُمْ إِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٠٢﴾﴾ ئەگەر تۆ لەگەڵیان ئامادە بووی ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ونوێژت بۆ کردن لە کاتێکدا دەترسان لە دوژمنان ، با دەستەیەکیان نوێژت لەگەڵ بکەن وچەك وئامرازەکانی جەنگ هەڵبگرن ، ئەگەر سوژدەیان برد ئەو دەستەکەی تر لە پشتیانەوەبن وپاسەوانیتان بکەن ، پاشان دەستەکەی تر کە نوێژیان نەکردووە بابێن نوێژت


الجزء الخامس　　سورة النساء

وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ
مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُوٓا۟ أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُوا۟ فَلْيَكُونُوا۟
مِن وَرَآئِكُمْ وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ أُخْرَىٰ لَمْ يُصَلُّوا۟ فَلْيُصَلُّوا۟
مَعَكَ وَلْيَأْخُذُوا۟ حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ وَدَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ
عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَٰحِدَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن كَانَ بِكُمْ
أَذًى مِّن مَّطَرٍ أَوْ كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَن تَضَعُوٓا۟ أَسْلِحَتَكُمْ
وَخُذُوا۟ حِذْرَكُمْ إِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ١٠٢
فَإِذَا قَضَيْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ
جُنُوبِكُمْ فَإِذَا ٱطْمَأْنَنتُمْ فَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ
كَانَتْ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ كِتَٰبًا مَّوْقُوتًا ١٠٣ وَلَا تَهِنُوا۟ فِى
ٱبْتِغَآءِ ٱلْقَوْمِ إِن تَكُونُوا۟ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا
تَأْلَمُونَ وَتَرْجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ وَكَانَ ٱللَّهُ
عَلِيمًا حَكِيمًا ١٠٤ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِتَحْكُمَ
بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُ وَلَا تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيمًا ١٠٥

٩٥

لەگەڵ بکەن وچەك وئامرازەکانی جەنگ هەڵبگرن ، وریا وئامادەبن وچەك وئامرازەکانی جەنگ هەڵبگرن ، بێباوەڕان پێیان خۆشە بێئاگابن لە چەك وتفاقی جەنگ وکەرەستەکانتان ، بۆ ئەوەی پەلامارتان بدەن بەیەك جار تەفروتوناتان بکەن ، وتاوانتان ناگات ئەگەر باران تەڕی کرد بوون یان نەخۆش بوون چەکەکانتان دابنێن ، بەڵام وریا وئامادەبن ، بێگومان خودا سزایەکی سەرشۆڕکەری بۆ بێباوەڕان ئامادە کردووە .

ئیبن کثیر دەڵێت : نوێژی ترس جۆری زۆرە ، چونکە هەندێك جار دوژمن لە ئاراستەی قیبلەیە ، وهەندێك جار بە پێچەوانەوەیە ، ونوێژەکانیش هەندێك جار چوار ڕکاتییە ، وهەندێك جار سێ ڕکاتییە وەك نوێژی مەغریب ، وهەندێك جار دوو ڕکاتییە وەك نوێژی بەیانی ونوێژی سەفەر ، پاشان هەندێك جار بە کۆمەڵ ئەنجامی دەدەن ، وهەندێك شەڕی دەستەویەخەیە وناتوانن بە کۆمەڵ ئەنجامی بدەن ، بەڵکو بە تەنها ئەنجامی دەدەن ئەگەر ڕوویان لە قیبلە بێت یان پشتیان لێی بێت ، وبە پیادە وبە سواری ؛ هەندێك دەڵێن : ئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە ئەم جۆرە نوێژە تایبەتە بە ئامادەبوونی پێغەمبەری خودا ﷺ ، بەڵام ئەمە بۆچوونێکی لاوازە ، چونکە ڕووی گوتار کە لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ بێگومان

ئوممەتیش دەگرێتەوە ، چونکە خودا دەفەرموێت : ﴿خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةٗ تُطَهِّرُهُمۡ وَتُزَكِّيهِم ﴿١٠٣﴾﴾(التَّوۡبَة) ، ئایا ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ ئامادە نەبوو ئیتر نابێت زەکات دەربکرێت ؟! ، القنوجی دەڵێت : ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕوونی نەکردووەتەوە هەریەکە لەو کۆمەڵە چەند ڕکات نوێژ دەکەن ، ونوێژی ترس لە سونتەتدا بە چەند شێوازێکی جیاواز هاتووە ، وهەموویان دروستە ، هەرکەسێك بە یەك لەو شێوازانە نوێژەکەی ئەنجام بدات ئەوەی فەرمانی پێکراوە وبەجێی هێناوە ، وهەرکەسێك لە زانایان بۆچوونی وابێت کە تەنها شێوازێك هەڵبژێرێت ڕاستی نەپێکاوە ؛ ئەلبانی دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ بە چەند شێوازێکی جیاواز نوێژی بە هاوەڵە بەڕێزەکانی کردووە ، کە پازدە شێوازە ، بەڵام ئیبن القیم دەڵێت : تەنها حەوت شێوازی صەحیحە ، یەکێك لەو شێوازە صەحیحانە : پێش نوێژ ڕوو لە قیبلە دەوەستێت ولەو کاتەدا دوژمن لە پشتیانەوەیە ، ئەگەر نوێژ بە هەموو هاوەڵانی بکات لەوانەیە بێباوەڕان بدەن بەسەریاندا ، لەبەر ئەوە پێغەمبەری خودا ﷺ هاوەڵانی دەکرد بە دوو بەشەوە ، کۆمەڵێکیان ڕووبەڕووی دوژمنان دەوەستنەوە ، وکۆمەڵەکەی تریان لەگەڵیدا نوێژ دەکەن ، ڕکاتێك نوێژ دەکەن ئەو ڕیزەی لەگەڵیدایە نییەتی جیابوونەوە لە پێش نوێژ دەهێنن ودادەنیشن وتەحیات دەخوێنن وسەلام دەدەنەوە ، ودەچن شوێنی ئەو کۆمەڵە دەگرنەوە کە ڕووبەڕووی دوژمنان وەستاون ، پاشان ئەو کۆمەڵە دێن لە پشتی پێغەمبەری خوداوە ﷺ نوێژ دەکەن ، وچاوەڕوانیان دەکات ولە ڕکاتی دووەمدا بەپێوە وەستاوە ، لەگەڵیان سەلام دەداتەوە ، بەوەش پێغەمبەری خودا ﷺ دوو ڕکات نوێژی کرد ، وهەر کۆمەڵێك ڕکاتێك نوێژیان کرد ، ئەمەش مانای ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خودایە ﷺ کە دەفەرموێت : نوێژی ترس یەك ڕکاتە ؛ بەڵام ئەگەر ترس زۆر بوو وشەڕی

دەستەویەخە بوو ڕووکردنە قیبلە وبە کۆمەڵ ئەنجامدانی لەسەر موسڵمانان دەکەوێت ، بوخاری لە نافعەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئەگەر ئیبن عومەر رضي الله عنهما پرسیار دەربارەی نوێژی ترست لێ بکردایە ، دەیگوت : پێش نوێژ ڕکاتێك نوێژ بە کۆمەڵێك دەکات ، وکۆمەڵێکیان ڕووبەڕووی دوژمن دەوەستنەوە ونوێژ ناکەن ، پاشان دەچن بۆ شوێنی ئەو کەسانەی کە نوێژیان نەکردووە ، ئەو کۆمەڵەش ڕکاتێك نوێژ لەگەڵ پێش نوێژەکەدا دەکەن ، پاشان پێش نوێژەکە سەلام دەداتەوە دوای ئەوەی دوو ڕکات نوێژی کردووە ، ئەو دوو کۆمەڵەش هەریەکەیان ڕکاتێك نوێژ بۆ خۆیان دەکەن ، بەوەش هەر کۆمەڵێکیان دوو ڕکات نوێژ ئەنجام دەدەن ، ئەگەر ترس زیاتربوو ، بە پێوە یان بە سواری ، ڕوویان لە قیبلە بێت یان پشتیان لێی بێت نوێژەکەیان ئەنجام دەدەن ، مالك لە نافعەوە دەگێڕیتەوە دەڵێت : وادەبینم ئیبن عومەر رضي الله عنهما ئەمەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕایەوە ؛ والبیهقی لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەگەر هەردوو سوپای باوەڕداران وبێباوەڕان دەستەویەخە بوونەوە ، نوێژکردن لەو کاتەدا تەنها (الله أكبر) وئاماژەکردنە بە سەر ؛ وهەندێك لە زانایان ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە نوێژی بە کۆمەڵ واجبە ، چونکە چاوپۆشی کراوە لە زۆر کردار لەبەر نوێژی بە کۆمەڵ ، ئەگەر واجب نەبووایە ئەوە دروست نەبوو ، چونکە دەفەرموێت : ﴿فَلۡتَقُمۡ طَآئِفَةٞ مِّنۡهُم مَّعَكَ﴾ فەرمان دەکات بە ئەنجامدانی بە کۆمەڵ ، ولەبەر ئەوەی لەسەر هەمووان پێویستە بە کۆمەڵ ئەنجامی بدەن ، پاشان فەرمان دەکات بە کۆمەڵەکەی تر ئەوانیش بێن بە کۆمەڵ لەگەڵ پێش نوێژ ئەنجامی بدەن ، ودەفەرموێت : ﴿وَلۡتَأۡتِ طَآئِفَةٌ أُخۡرَىٰ لَمۡ يُصَلُّواْ فَلۡيُصَلُّواْ مَعَكَ﴾ ، ئەبوداود والنسائی وئیبن حبان لە ئەبو عەیاشی زورقییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئێمە

لەگەڵ پێغەمبەری خودا بووین ﷺ لە عوسفان ، هاوبەش بڕیاردەران ڕووبەڕوومان بوونەوە بەسەرکردایەتی خالیدی کوڕی ولید ، لە نێوان ئێمە وقیبلەدا بوون ، پێغەمبەری خودا ﷺ نوێژی نیوەڕۆی کرد ، کاتێك موسڵمانان لە نوێژدا بوون ، گوتیان : ئەگەر لەو کاتەدا بماندایە بەسەریاندا تەفروتوونامان بکردایەن ، پاشان گوتیان : ئێستا کاتی نوێژێکی ترە کە خۆشەویستترە لە لایان لە نەوەکانیان ونەفسی خۆیشیان ، جبریل عليه السلام ئەم ئایەتەی بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ دابەزاند لە لایەن خوداوە لە نێوان نیوەڕۆ وعەسردا : ﴿وَإِذَا كُنتَ فِيهِمۡ فَأَقَمۡتَ لَهُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَلۡتَقُمۡ طَآئِفَةٞ مِّنۡهُم مَّعَكَ﴾ تاکۆتایی ئایەتەکە ؛ والحاکم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ إِن كَانَ بِكُمۡ أَذٗى مِّن مَّطَرٍ أَوۡ كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَن تَضَعُوٓاْ أَسۡلِحَتَكُمۡۖ وَخُذُواْ حِذۡرَكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا﴾ دەربارەی عبدالرحمانی کوڕی عەوف دابەزی کە بریندار بوو ، هەروەها بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە بێ "وشەی دەربارەی دابەزی" ، بەڵام ئیبن حەجەر دەڵێت : لەسەر عبدالرحمان دابەزیوە .

﴿فَإِذَا قَضَيۡتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِكُمۡۚ فَإِذَا ٱطۡمَأۡنَنتُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَۚ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتۡ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ كِتَٰبٗا مَّوۡقُوتٗا ١٠٣﴾ ئەگەر لە نوێژ بوونەوە ئەوا یادی خودا بکەن بە پێوە وبە دانیشتنەوە وبە ڕاکشانەوە ، ئەگەر ئارامی بەرقەرار بوو وترسی دوژمنتان نەما ، نوێژ بەو شێوەیە ئەنجام بدەن کە فەرمانتان پێکراوە ، بێگومان نوێژ لەسەر باوەڕداران فەرزکراوە ، ودەبێت لە کاتی دیاری کراودا ئەنجامی بدەن .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە یادی خودا لە هەموو حاڵێکدا دروستە ، بوخاری بە موعەلەقی ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : لە هەموو حاڵێکدا پێغەمبەری خودا ﷺ یادی خودای دەکرد ؛ ودروستە ئەگەر کەسێك لە دوای نوێژ هەستێت ویردەکانی بە پێوە بخوێنێت ، وئەگەر کەسێك بە ئەنقەست نوێژێکی فەرزی ئەنجام نەدات قەزاکردنەوەی بۆ نییە لە دوو حاڵەتدا نەبێت ، چونکە کاتی نوێژ دیاری کراوە ، بوخاری ومسلم لە ئەنەسەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك خەوی لێکەوت هەتاکو کاتی نوێژ تەواو دەبێت ، یان لە بیری چوو ، هەرکات لە خەو هەستا یان بیری کەوتەوە با نوێژەکەی ئەنجام بدات ، چونکە هیچ کەفارەتێکی نییە جگە لە ئەنجام دانەوەی نەبێت لەو کاتەدا .

﴿وَلَا تَهِنُواْ فِي ٱبۡتِغَآءِ ٱلۡقَوۡمِۖ إِن تَكُونُواْ تَأۡلَمُونَ فَإِنَّهُمۡ يَأۡلَمُونَ كَمَا تَأۡلَمُونَۖ وَتَرۡجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرۡجُونَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ١٠٤﴾ کەمتەرخەم ولاواز مەبن لە بەدواداچوون وڕووبەڕوو بوونەی بێباوەڕان ، ئەگەر ئێوە تووشی ئێش وئازار ونارەحەتی بن ، بێگومان ئەوانیش تووشی ئێش وئازار ونارەحەتی دەبنەوە ، بەڵام ئێوە ئومێدی پاداشتی قیامەت وسەرکەوتنتان لە دونیادا بە خودا هەیە ، ئەوان ئەو ئومێدەیان نییە ، وخودا زانا ودانای کار لەجێیە .


﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ وَلَا تَكُن لِّلۡخَآئِنِينَ خَصِيمٗا ١٠٥﴾ بێگومان ئێمە قورئانمان بۆ دابەزاندوویت کە ڕاست وڕەوایە ، بۆ ئەوەی حوکم بکەیت لە نێوان خەڵکدا بەو شێوەی کە خودا نیشانت دەدات وفێرت دەکات ، وداکۆکی وبەگری مەکە لە کەسانی ناپاك .

ئیبن الجوزی دەڵێت : زانایان ناكۆكن ئایا پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو داكۆكییەی كردووە یان نا ؟ هەندێكیان دەڵێن : پێغەمبەری خودا ﷺ هەستاوە گوتاری خوێندووەتەوە وبەرگری لێكردوون ، وهەندێكی تر دەڵێن : ویستوویەتی داكۆكی بكات ، بەڵام نەیكردووە ؛ ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە كە دروست نییە داكۆكی وبەرگری بكرێت لە كەسانێك بۆ وەرگرتنی مافێك یان نكولی كردنی بەبێ ئەوەی شارەزایی تەواوی هەبێت بە وردەكاری ئەو پرسەی كە دەیەوێت حوكمی لەسەر بدات ، ئیبن كثیر دەڵێت : هەندێ لە زانایانی (الأصول) ﴿لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ﴾ دەكەنە بەڵگە كە پێغەمبەری خودا ﷺ بۆی هەیە بە ئیجتیهادی خۆی حوكم بكات ، وئەو فەرموودەش دەكەنە بەڵگە كە بوخاری ومسلم لە ئوم سولەمەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەنگە دەنگێكی بیست لەبەر دەرگای ژوورەكەی ، چووە دەرەوە بۆ لایان وفەرمووی : بێگومان من مرۆڤم ، ومن حوكم دەدەم بە گوێرەی ئەوەی كە دەیبیستم ، لەوانەیە هەندێكتان قسە زانتربێت وبە باشی بەڵگەكانی بخاتە ڕوو وداكۆكی لە مافی خۆی بكات ، منیش حوكم لە بەرژەوەندی دەدەم ، جاهەركەسێك مافی موسڵمانێكم دایە ومافی خۆی نەبوو ، ئەوە بێگومان بەشێكە لە ئاگر باهەڵی بگرێت یان وازی لێبهێنێت ؛ والترمذی لە قەتادەی كوڕی نوعمانەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : خانەوادەیەكی خزمان پێیان دەگوتن نەوەكانی ئوبەیرەق سێ كوڕیان هەبوو بە ناوەكانی بیشر وبەشیر وموبەشر ، بەشیر كەسێكی دووڕوو بوو ، شیعری دەهۆنیەوە وتانە وتەشەری لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ دەدا ، وبنەماڵەیەكی زۆر هەژار ودەست كورت بوون ، مامم بارێك ئاردی كڕی لە كۆگایەك كۆگای كردبوو ، لە كۆگاكەدا شمشێر وقەڵغان وچەك وتفاقی جەنگیشی تێدا بوو ، دز

کۆگاکەیانی کون کرد بوو ، وهەموو خۆراك وچەکەکانیان تالآن کرد بوو ، کاتێك ڕۆژ بوویەوە مامم گوتی : برازا ، ئەمشەو دز تالآنی کردووین ، کۆگاکەیان کون کردووین وهەموو چەك وتفاق وخۆراکەکەیان بردووین ، پرسیارمان کرد وگەڕاین پێیان گوتین : ئەمشەو ماڵی ئوبەیرق ئاگریان کردەوە ، وگومانمان وایە لەو خۆراکەی ئێوەیان لێنا بێت ، وماڵی ئوبەیرقیش گوتیان : ئێمەش پرسیارمان بۆ کردوون ، وا گومان دەبەین لەبیدی کوڕی سەهلی هاوەڵتان دزیوییەتی ، لەبید ﵁ هاوەڵمان بوو وپیاوێکی لە خودا ترس وخاوەن ئاین بوو ، کاتێك لەبید ﵁ ئەم باسەی بیست شمشێرەکەی هەڵکێشا وگوتی : سوێند بە خودا یان بە شمشێرەکەم دەتانکوژم یان ئەو دزییە ڕوون دەکەنەوە ، گوتیان : لێمان دووربە تۆ دزیت نەکردووە ، مامی پێی گوتم برازا ، بریا بچیتە خزمەتی پێغەمبەری خودا ﷺ وباسەکەی بۆ بگێڕیتەوە ، قەتادە دەڵێت : چوومە خزمەتی پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتم : بنەماڵەیەکی خراپی خزمان کۆگایەکی مامیان کون کردووە ، هەموو ئەو شمشێر وتفاقی جەنگی وخۆراکەی تیادا بوو تالآنیان کردووە ، خۆراکەکەمان لێیان ناوێت ، بەڵکو تەنها شمشێر وتفاقە جەنگییەکەمان بۆ بگێڕنەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لەو بارەیەوە کارێك دەکەم ، کاتێك نەوەکانی ئوبەیرق ئەوەیان بیست چوون بۆ لای پیاوێکی خزمیان وباسەکەیان بۆ گێڕایەوە وکەسوکاریان کۆ بوونەوە ، گوتیان : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ بەڕاستی قەتادەی کوڕی نوعمان ، بنەماڵەیەکی باش وئایینداری ئێمە تۆمەتبار دەکات بە دزی کردن ، بەبێ بەڵگە وبنەما ، قەتادە دەڵێت : منیش هاتم بۆ لای پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووم : تۆ بە ئەنقەست بنەماڵەیەکی باش وئایندارت تۆمەتبار کردووە بە دزی بەبێ بەڵگە وبنەما ، قەتادە دەڵێت : خۆزگەم خواست من هەندێك لە سامانەکەی خۆمم ببەخشیایە وئەو باسەم لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ نەکردایە ، مامم

هات بۆلام گوتی : برازا چیت کرد ، ئەوەم بۆ گێڕایەوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووم ، گوتی : خودا یارمەتیدەرمان بێت ، زۆری نەخایاند ئەم ئایەتانەی قورئان دابەزی : ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ وَلَا تَكُن لِّلۡخَآئِنِينَ خَصِيمٗا ١٠٥ وَٱسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ١٠٦ وَلَا تُجَٰدِلۡ عَنِ ٱلَّذِينَ يَخۡتَانُونَ أَنفُسَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمٗا ١٠٧ يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمۡ إِذۡ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرۡضَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطًا ١٠٨ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ جَٰدَلۡتُمۡ عَنۡهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَمَن يُجَٰدِلُ ٱللَّهَ عَنۡهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ وَكِيلٗا ١٠٩ وَمَن يَعۡمَلۡ سُوٓءًا أَوۡ يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ ثُمَّ يَسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ١١٠ وَمَن يَكۡسِبۡ إِثۡمٗا فَإِنَّمَا يَكۡسِبُهُۥ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١١١ وَمَن يَكۡسِبۡ خَطِيٓـَٔةً أَوۡ إِثۡمٗا ثُمَّ يَرۡمِ بِهِۦ بَرِيٓـٔٗا فَقَدِ ٱحۡتَمَلَ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ١١٢ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ وَرَحۡمَتُهُۥ لَهَمَّت طَّآئِفَةٞ مِّنۡهُمۡ أَن يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡۖ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن شَيۡءٖۚ وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمۡ تَكُن تَعۡلَمُۚ وَكَانَ فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ عَظِيمٗا ١١٣﴾ ؛

﴿وَلَا تَكُن لِّلۡخَآئِنِينَ خَصِيمٗا ١٠٥﴾ ، واتە : داکۆکی مەکە لە بەنوئوبەیرق ، ﴿وَٱسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَۖ﴾ واتە : داوای لێخۆش بوون لە خودا بکە لەسەر ئەوەی کە بە قەتادەت فەرموو ، کاتێك ئەم ئایەتانەی قورئان دابەزی پێغەمبەری خودا ﷺ چەك وتفاقی جەنگییەکەی گەڕاندەوە بۆ مامم ، کاتێك ئەو شتانەم هێنایەوە بۆ مامم کە پیاوێکی بە سالاچوو بوو وچاوەکانی کز بوو ، ومن گومانم وابوو کە نا پتەوییەك لە ئیسلامەتیەکەیدا


الجُزْءُ الخَامِسُ　　　سُورَةُ النِّسَاءِ

وَٱسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٠٦﴾ وَلَا تُجَٰدِلْ
عَنِ ٱلَّذِينَ يَخْتَانُونَ أَنفُسَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ
خَوَّانًا أَثِيمًا ﴿١٠٧﴾ يَسْتَخْفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسْتَخْفُونَ
مِنَ ٱللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمْ إِذْ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرْضَىٰ مِنَ ٱلْقَوْلِ ۚ
وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطًا ﴿١٠٨﴾ هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ
جَٰدَلْتُمْ عَنْهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فَمَن يُجَٰدِلُ ٱللَّهَ عَنْهُمْ
يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا ﴿١٠٩﴾ وَمَن يَعْمَلْ
سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا
رَّحِيمًا ﴿١١٠﴾ وَمَن يَكْسِبْ إِثْمًا فَإِنَّمَا يَكْسِبُهُۥ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ ۚ
وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١١١﴾ وَمَن يَكْسِبْ خَطِيٓـَٔةً
أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِۦ بَرِيٓـًٔا فَقَدِ ٱحْتَمَلَ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا
﴿١١٢﴾ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُۥ لَهَمَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ
أَن يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ ۖ وَمَا يَضُرُّونَكَ
مِن شَىْءٍ ۚ وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ
مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ ۚ وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ﴿١١٣﴾

٩٦

هەبوو ، کاتێك تفاقەکانم بۆ هێنایەوە ، گوتی : هەمووی لە پێناوی خودا بەخشە ، ئیدی زانیم ئیسلامەتیەکەی ڕاست ودروستە ، کاتێك قورئان دابەزی بەشیر هەڵهات وچوو بۆ لای هاوبەش بڕیاردەران ، لای سەلافەی کچی سەعدی کوڕی سومەیە گیرسایەوە ، خودا ئەم ئایەتانەی دابەزاند : ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ ٱلْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِۦ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١١٦﴾﴾ ، حەسانی کوڕی ثابت رضي الله عنه بە چەند دێڕێك شیعر لۆمەی ئەو ئافرەتەی کرد ، کاتێك ئافرەتەکە بیستی ، باری سوارییەکەی بەشیری خستەسەر سەری وفڕێیدایە دەرەوە ، گوتی : بوویتە هۆکاری ئەوەی حەسان شیعرم بەسەردا بڵێت ، تۆ چاکەت نەهێناوە بۆ لای من .

﴿وَٱسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٠٦﴾﴾ وداوای لێخۆشبوون لە خودا بکە ، بێگومان خودا لێخۆشبوو وپۆشەری تاوان وبە بەزەییە .

الآلوسی لەسەر ﴿وَٱسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَۖ﴾ دەڵێت : ئەوەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ بە قەتادەی فەرموو ، یان گومانی بە شتێك برد ، بە تایبەت ئەگەر گومانی وابێت کە ڕاستییە ، وتاوان نییە هەتاکو داوای لێخۆشبوونی لەسەر بکات ، بەڵام لەبەر گەورەیی پلەوپایەی پێغەمبەری خودا ﷺ وپاراستنی لە تاوان لە لایەن خوداوە ، وپاکڕاگرتنی لەوەی گومان دەکرێت نوقسانی وکەموکورتی بێت "دوور بێت لە پێغەمبەری خودا ﷺ " لەبەر ئەوە فەرمانی پێ کردووە بە داوای لێخۆشبوون ، بۆ دەستکەوتنی پاداشتی زیاتر ، وڕێنمایی کردنی بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە ووردبوونەوە ، وئەو کردارە ئەگەر لە کەسێکی تر بوەشێتەوە لەوانەیە بە چاکە بۆی ئەژمار بکرێت ، بەڵام لەبەر ڕێز وپلەوپایەی بەرزی پێغەمبەری خودا ﷺ گومان دەکرێت وەك تاوان بێت ؛ بەڵام ئیبن عثیمین دەڵێت : سودی ئەوە لەم ئایەتە دەکرێت کە مەیل وگومانی پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ ئەو کەسانە جۆرێك لە نوقسانی تێدایە ، لەبەر ئەوە خودا پێی دەفەرموێت : ﴿ٱسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَۖ﴾ ، وئەوەشی لێ وەردەگیرێت کە دادوەر پێویستە لەسەرخۆ بێت وپەلە نەکات لە حوکمدان ، بە تایبەت لە کاتی هەبوونی بەڵگە ، وسودی ئەوەشی تێدایە کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەشێت بکەوێتە تاوانەوە ، ئەمەش ڕاستە ، تاوانێك نەبێت کە دژبێت لەگەڵ کرۆکی پێغەمبەرایەتی وەك : ناپاکی ، ودرۆ ، وهاوشێوەی ئەوانە ، وهەندێك لە زانایان دەڵێن : پێغەمبەری خودا ﷺ ناشێت تاوانی لێبوەشێتەوە ، ومەبەست لە تاوانەکانی تاوانی ئوممەتەکەیەتی ، یان مەبەست ئەوەیە ئوممەتەکەی فێربکات ، بەڵام ئەمە ڕاست نییە ، چونکە خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ ١٩﴾(مُحَمَّد) ، وقورئان پارێزراوە لە دووبارەی بێ سود ، چونکە ئەگەر گوتمان : ﴿وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ﴾ واتە :

تاوانی ئوممەتەکەت ، ئەوکاتە ئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ﴾ دووبارەیەکی بێ سودە ، وئەوەی کە دەڵێن : پێغەمبەرە وناشێت تاوان بکات ، دەڵێین : تاوان ئەگەر تەوبەی بە دوادا بێت لەوانەیە لە پێش تاوانەکە باشتربێت ، ئادەم ﷺ لە پێغەمبەران بوو وکەوتە تاوانەوە ، وپلەوپایەی دوای ئەو سەرپێچییە لە پێش تاوانەکە باشتر بوو ، چونکە خودا دەفەرموێت : ﴿وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ۝١٢١ ثُمَّ ٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ ۝١٢٢﴾(طه) ، ڕاستی ئەوەیە پێغەمبەری خودا ﷺ پارێزراوە لەوەی بمێنێتەوە لەسەر تاوان ، بە پێچەوانەی خەڵك ، مەبەست ئەوەیە ئەگەر کەوتە سەرپێچییەکەوە دەبێت داوای لێخۆشبوون بکات وخودا ئاگاداری دەکاتەوە ، یان خۆی ئاگادار دەبێتەوە وتەوبە دەکات ، وخەڵکی تر ئەم تایبەتمەندییەیان نییە ، بەمەش جیاوازی نێوان پێغەمبەران وخەڵك دەردەکەوێت .

﴿وَلَا تُجَٰدِلْ عَنِ ٱلَّذِينَ يَخْتَانُونَ أَنفُسَهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا ۝١٠٧﴾ ومشتومڕ ودەمەقاڵێ مەکە لەسەر کەسانێك کە ناپاکییان لە نەفسی خۆیاندا کردووە ، بێگومان خودا کەسانی ناپاك ولە تاواندا ڕۆچووی خۆش ناوێت .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە هەرکەسێك خیانەت وناپاکی بکات لە کەسانی تر لە ڕاستیدا ناپاکی لە نەفسی خۆی کردووە وزیان بە خۆی دەگەیەنێت ، وشایانی سزایە لەسەر ئەو ناپاکییەی ، ونابێت هاوکاری وپشتگیری کەسانی ناپاك وخراپەکار بکرێت ، لێرە خودا ﷻ نەفی خۆشەویستی خۆی دەکات بۆ ئەو خراپەکارانە ، مانای ئەوەیە خودا چاکەکارانی خۆش دەوێت ، خۆش ویستنێك کە شایانی زاتی پیرۆزی خودایە ﷻ .

﴿يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمۡ إِذۡ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرۡضَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطًا ١٠٨﴾ لە خەڵك دەترسن ولە خودا ناترسن ، وخودا لەگەڵیاندایە ودەیانبینیٚ وقسەكانیان دەبیستێت وئاگاداری كردەوەكانیانە كاتێك لە شەودا پیلان دادەڕێژن ولە ناخیاندا قسەیەك حەشار دەدەن كە خودا پێی ڕازی نییە ، وخودا بە توانا ودەسەڵاتی دەورەیداون ودەربازیان نابێت ، وزانایە بە هەموو كردەوەكانیان وهیچی لیٚ شاراوە نییە .

ئیبن عثیمین دەربارەی ﴿وَهُوَ مَعَهُمۡ﴾ دەڵێت : باوەڕمان وایە كە خودا لەگەڵماندایە ، ولە ئاسمانە ، ئەوەی لە دڵماندایە دەیزانێت ، وهەموو قسەكانمان دەبیستێت ، وهەموو كردارەكانمان دەبینیٚ ، ودەسەڵات وتوانای تەواوی هەیە بەسەرمانەوە ، هەموو ئەمانە پێویستی لەگەڵ بوونی خودایە ، وزانایانی پێشین یان زۆربەیان لەگەڵ بوونی خودایان بەیەكێك لەو كردارانە تەفسیر كردووە ، ودەڵێن : لەگەڵمانە بەزانستی ، ئەمەش پێچەوانەی لەگەڵ بوون نییە ، چونكە هەندێك جار بە وابەستەی (لازم) كردەوەكە تەفسیریان كردووە ، وەك شێخی ئیسلام ئیبن تیمیە لە "مقدمة التفسير"دا دەڵێت : ئەو تەفسیرانەی لە سەلەفەوە هاتووە هەندێك جار بە وابەستەی ماناكە تەفسیریان كردووە ومەبەستیان نەفی كردنی مانا ڕاستەقینەكەی نییە .

﴿هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ جَٰدَلۡتُمۡ عَنۡهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَمَن يُجَٰدِلُ ٱللَّهَ عَنۡهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ وَكِيلٗا ١٠٩﴾ ئەگەر ئێوە مشتومڕ ودەمەقاڵێتان كرد

لەسەریان لە ژیانی دونیادا ، ئەی کێ لەگەڵ خودا مشتومڕیان لەسەر دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا ، یاخود کێ دەبێتە بریکاریان وکاروکردەوەیان لە ئەستۆ دەگرێت .

ئەم ئایەتە بەڵگەی حەرامی کاری ئەو پارێزەرانەی تێدایە کە بە کرێ دەگیرێن بۆ ئەوەی داکۆکی بکەن لە کرێ گرتەکەیان ، ئەگەرچی پرسەکەشیان ناڕەوا بێت ، بۆ ئەوەی بە هەرچ فێڵ وتەڵەکەیەك بێت دادوەر قایل بکەن کە ئەو پرسە ڕەوایە ، بەڵام ئەگەر بۆ داکۆکی بێت لە مافێکی خوراو دروستە بەڵکو لەوانەیە واجب بێت لەسەری ، وەك ئەوەی کەسێك بیکاتە بریکار وخۆی نەتوانێت مافە خوراوەکەی وەربگرێتەوە .

﴿وَمَن يَعْمَلْ سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١١٠﴾﴾
هەرکەسێك کردارێکی خراپ ئەنجام بدات یان ستەم لە نەفسی خۆی بکات ، پاشان داوای لێخۆشبوون وپۆشینی تاوانەکەی لە خودا بکات ، دەبینێ خودا لێخۆشبوو وپۆشەری تاوانە وبە بەزەییە .


﴿وَمَن يَكْسِبْ إِثْمًا فَإِنَّمَا يَكْسِبُهُۥ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١١١﴾﴾
وهەرکەسێك تاوانێك ئەنجام بدات بێگومان سەرئەنجام زیان بە نەفسی خۆی دەگەیەنێت ، وخودا زانا ودانای کار لەجێیە .

﴿وَمَن يَكْسِبْ خَطِيٓـَٔةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِۦ بَرِيٓـًٔا فَقَدِ ٱحْتَمَلَ بُهْتَـٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿١١٢﴾﴾ وهەرکەسێك هەڵەیەك یان تاوانێك ئەنجام بدات ، پاشان کەسێکی بێئاگای پێ تاوانبار بکات ، بێگومان باری شانی بە بوهتان وتاوانێکی ئاشکرا قورس کردووە .

ئایا ئەم لێخۆشبوونە بۆ تەنها یەك جار تاوانە یان ئەگەر تاوان کردنەکەش دووبارە بکاتەوە بەڵام تەوبە بکاتەوە خودا لێی خۆش دەبێت ؟ بەڵگەی زۆر لە قورئان وسوننەتدا لەسەر ئەوە هاتووە کە ئەگەر تاوانبار تاوانیش دووبارە بکاتەوە بەو مەرجەی تەوبە بکات وپەشیمان ببێتەوە خودا لێی خۆش دەبێت ، بوخاری لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەندەیەك تاوانێکی ئەنجامدا ، گوتی : پەروەردگارا تووشی تاوان بووم ، لێم خۆش بە ، پەروەردگاری فەرمووی : ئایا بەندەکەم دەزانێ پەروەردگارێکی هەیە لێپرسینەوەی لێدەکات ولە تاوان خۆش دەبێت ؟ لە بەندەکەم خۆش بووم ، سێجار ئەمەی دووبارە کردەوە ، خودا پێی فەرموو : لە بەندەکەم خۆش بووم ، هەرچ کردارێك ئەنجام دەدات با ئەنجامی بدات ؛ واتە : بەندە هەتا بەو شێوەیە بێت هەرکات تاوانێك ئەنجام بدات پەشیمان دەبێتەوە لە سەری ، خودا لێی خۆش دەبێت .

﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُۥ لَهَمَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ أَن يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ ۖ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن شَىْءٍ ۚ وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ ۚ وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ﴿١١٣﴾﴾ ئەگەر فەزڵ وبەزەیی خودا ﷻ نەبووایە بەسەرتەوە ، دەستەیەکیان نیازیان وابوو کە لە ڕاستی هەڵەت بکەن ، بەڵام بێگومان تەنها نەفسی خۆیان هەڵە وگومڕا دەکەن ، وبە هیچ شێوەیەك زیان بە تۆ ناگەیەنن ، وخودا قورئان وسوننەت ودانایی بۆ دابەزاندوویت ، وفێری ئەوەی کردوویت کە نەتدەزانی ، وفەزڵ وچاکەی خودا بەسەرتەوە زۆر گەورەیە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە ئەگەر مرۆڤ فەزڵ ونازونیعمەتێکی پێبەخشرا ، یان زانست وزانیارییەکی هەبێت ، یان هیدایەت درابێت ولە گومڕایی وبیدعە ولاڕێیی


الجزء الخامس سورة النساء

۞ لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَىٰهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ
أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَٰحٍ بَيْنَ ٱلنَّاسِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ
ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١١٤﴾ وَمَن
يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ
سَبِيلِ ٱلْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِۦ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ
مَصِيرًا ﴿١١٥﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ
ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا
بَعِيدًا ﴿١١٦﴾ إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ إِنَٰثًا وَإِن يَدْعُونَ
إِلَّا شَيْطَٰنًا مَّرِيدًا ﴿١١٧﴾ لَّعَنَهُ ٱللَّهُ ۘ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ مِنْ
عِبَادِكَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿١١٨﴾ وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ
وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلْأَنْعَٰمِ وَلَءَامُرَنَّهُمْ
فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَٰنَ وَلِيًّا مِّن
دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا ﴿١١٩﴾ يَعِدُهُمْ
وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ
مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ وَلَا يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا ﴿١٢١﴾

٩٧

پارێزراو بێت ، دەبێت خۆی بە منەتباری خودای پەروەردگار بزانێت ، وەدان بەوەدابنێت کە ئەوە فەزڵی پەروەردگارە وبە لێهاتوویی خۆی بە دەستی نەهێناوە ، وزانست یەکێکە لە نیعمەتە زۆر گەورەکان کە خودا بە بەندەی دەبەخشێت ، چونکە لێرە منەت دەکات بەسەر پێغەمبەرەکەیدا ﷺ بەوەی فێری کردووە لە کاتێکدا پێشتر نەیزانیوە .

﴿لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَىٰهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَٰحٍ بَيْنَ ٱلنَّاسِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١١٤﴾﴾

چاکە لە زۆربەی وتووێژ وچپەچپی خەڵکدا نییە ، جگە لەو کەسەی فەرمان دەکات بە بەخشینێك ، یان کردەوەیەکی چاك یان هەوڵی ئاشتەوایی دەدات لە نێوان خەڵکدا ، هەرکەسێك بەو کردەوەیە هەستێت بە مەبەستی بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خودا لە ئایندەدا پاداشتی زۆر گەورەی پێدەبەخشین .

ئەگەر سێ کەس پێکەوە بوون نابێت دووانیان لە نێوان خۆیاندا بە چپە ونهێنی قسە بکەن بۆ ئەوەی کەسی سێیەمیان گومانی بۆ دروست نەبێت ، بوخاری ومسلم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر

سێ کەس پێکەوە بوون ، با دووانیان پێکەوە بە چپەوە قسە نەکەن بەبێ کەسی سێیەمیان ؛ ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زۆربەی قسەی خەڵك هیچ خێر وچاکەیەکی تێدا نییە ، نەبۆ خاوەنەکەی نەبۆ موسڵمانان وکۆمەڵگە ، وزمان ئەو نیعمەتە گەورەیە کە خودا ﷻ بە مرۆڤی بەخشیوە وەك شمشێرێکی بڕەڕە مرۆڤ ئەگەر وریای نەبێت زیانی زۆر گەورە لە دونیا ودوارۆژیشی دەدات ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە با قسەی خێر بکات یان بێدەنگ بێت ؛ وئەحمەد والترمذی لە عبدالله ی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك بێدەنگ بێت ڕزگاری دەبێت ؛ والبیهقی لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەی زمان قسەی خێر بکە پاداشت بە دەست دەهێنیت ، یان بێدەنگ بە سەلامەت دەبیت ، پێش ئەوەی پەشیمان ببیتەوە ، گوتیان : ئەی باوکی عبدالرحمان ، ئەمە قسەی خۆتە یان بیستووتە ؟ گوتی : نەخێر ، بەڵام گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ دەیفەرموو : بێگومان زۆربەی تاوانەکانی مرۆڤ لە زمانیدایە ؛ ئەمانە وچەندان فەرموودەی تر لە سوننەتدا لەسەر پاراستنی زمان هاتووە ، وبوخاری ومسلم لە ئوم کلثومی کچی عوقبەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو دەیفەرموو : ئەو کەسە درۆزن نییە کە هەوڵی ئاشتەوایی نێوان خەڵك دەدات ، وقسەی کەسێك دەگوازێتەوە بە مەبەستی چاکە یان قسەی خێر دەکات ، ودەڵێت : لە پێغەمبەری خودام ﷺ نەبیستووە ڕوخسەتی دابێت بە درۆکردن بۆ سێ شت نەبێت : لە شەڕدا ، وبۆ ئاشتەوایی نێوان خەڵك ، وگفتوگۆی نێوان پیاو وخێزانەکەی ؛ وئەحمەد وئەبوداود

والترمذی لە ئەبودەردائەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئایا هەواڵتان نەدەمێ دەربارەی کردەوەیەك کە باشترە لە پلەی ڕۆژوو ونوێژ وبەخشین ؟ گوتیان : بەڵێ ، فەرمووی : هەوڵی ئاشتەوایی نێوان خەڵك ، وفەرمووی : هەوڵی تێکدان وناکۆکی دروستکردن ئاینی مرۆڤ داتەتاشێت.

﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥﴾ هەرکەسێك ناکۆك بێت لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ ودژایەتی بکات ولێی جیا ببێتەوە ، دوای ئەوەی ڕێگای هیدایەتی بۆ ڕوون دەبێتەوە ، وشوێنی ڕێگایەك جگە لە ڕێگای باوەڕداران بکەوێت ، لێی دەگەڕێین ودەیسپێرین بەو ڕێگا گومڕاییەی کە بۆ خۆی هەڵیبژاردووە وهیدایەتی نادەین بۆ ڕێگای ڕاست ، ولە دۆزەخدا دەیسوتێنین ، کە ئەوەش خراپترین سەرئەنجامە .

ئیبن عثیمین دەڵێت : ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە نەفامی دەبێتە بیانو وعوزر ، چونکە ئایەتەکە ڕاشکاوانە دەفەرموێت : ﴿مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ﴾ ؛ وبەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە ڕێگای موسڵمانان وهاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ حەقە ، وئەگەر کۆك وتەبابن لەسەر شتێك ئەوە حەق وڕاستییە ، ئەحمەد لە ئیبن مەسعودەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ئەوەی موسڵمانان بە باشی بزانن ئەوە لای خودا باشە ، وئەوەی کە موسڵمانان بە خراپی بزانن لای خودا خراپە ؛ ئەلبانی دەڵێت : لە شتە سەرسوڕهێنەرەکانی دونیایە هەندێك خەڵك ئەم گوتەیەی ئیبن مەسعود ﵁ بکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی کە لە ئایندا بیدعەی حەسەنە هەیە ، بەڵگەش بەوە بهێننەوە کە موسڵمانان خۆیان پێوە گرتووە ، دەبێت ئەو کەسانە بزانن ، ئەمە گوتەی ئیبن

مەسعودە رضي الله عنه ودروست نییە بکرێتە بەڵگە دژی فەرموودەی پێغەمبەری خودا ﷺ کە فەرموویەتی : بێگومان هەموو داهێنراوێك لە ئایندا گومڕاییە ، گریمان دەشێت بکرێتە بەڵگە ، بێگومان پێچەوانەی ئەو بەڵگانە نییە لەبەر چەند هۆیەك ، یەکەم : مەبەستی کۆدەنگی هاوەڵانی پێغەمبەری خودایە ﷺ چونکە ئیبن مەسعود رضي الله عنه ئەو قسەی کاتێك کردووە کە موسڵمانان ئەبوبەکریان رضي الله عنه بە خەلیفەی موسڵمانان هەڵبژارد ، دووەم : بێگومان ئەو موسڵمانەی باسکراوە مەبەست لە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی موسڵمانان نییە ، وکەسانێك کە نەفامن وهیچ لە زانست نەزانن ناگرێتەوە ؛ شەوکانی دەڵێت : هەندێك لە زانایان ئەم بەشەی ئایەتەکەیان : ﴿وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ کردووەتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کۆدەنگی زانایان بەڵگەیە ، بەڵام من ئەوەی تێدا نابینم ، چونکە لێرە مەبەست دەرچوونە لە ئاینی ئیسلام بۆ ئاینێکی تر ، وەك چۆن لە دەقی ئایەتەکە وهۆکاری دابەزینەکەیدا دیارە ، وئەم ئایەتە ساغ نابێتەوە بەسەر زانایەکدا لە زاناکانی ئەم ئوممەتە کە لە هەندێك پرسدا ئیجتیهاد بکات وئیجتیهادەکەی پێچەوانەی زاناکانی سەردەمەکەی خۆی بێت .

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ١١٦﴾ بێگومان خودا خۆش نابێت لە هەرکەسێك کە هاوبەشی بۆ بڕیار بدات ، وخۆش دەبێت لە هەموو تاوانێك لە خوار هاوبەش بڕیاردانەوە بۆ هەرکەسێك کە بیەوێت ، وهەرکەسێك هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدات بێگومان گومڕا بووە گومڕاییەکەی بە جۆرێکە زۆر لە ڕێگای ڕاست دوور کەوتووەتەوە .

ئیبن ئەبوعاصم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئێمە ئاگری دۆزەخمان بە پێویست دەزانی بۆ خاوەن تاوانە گەورەکان هەتاکو ئەم ئایەتە دابەزییە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ﴾ ، ئیدی پێغەمبەری خودا ﷺ یاساغی ئەوەی لێکردین کە ئاگری دۆزەخ بۆ کەس لە ئەهلی ئاین پێویست بکەین ؛ والنسائی لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پەروەردگار فەرمان دەکات ودەفەرموێت : هەرکەس بە ئەندازەی کێشی دینارێك باوەڕ لە دڵیدابێت لە ئاگر دەریبهێنن ، پاشان فەرمووی : بە ئەندازەی کێشی نیو دینار ، هەتاکو فەرمووی : دەریبهێنن هەرکەس ئەندازەی مێروولەیەکی بچوك باوەڕ لە دڵیدابێت ، ئەبوسەعید رضي الله عنه گوتی : هەرکەس باوەڕ ناکات با ئەم ئایەتە بخوێنێتەوە : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ٤٨﴾ ؛ وئیبن ئەبوعاصم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ئێمە داوای لێخۆشبوونمان بۆ ئەو کەسانە نەدەکرد کە تاوانی گەورەیان ئەنجام دەدا هەتاکو بیستمان لە پێغەمبەرمانەوە ﷺ دەیفەرموو : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ٤٨﴾ ، وفەرمووی : من شەفاعەت کردنم هێشتووەتەوە بۆ خاوەن تاوانە گەورەکانی ئوممەتەکەم لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ ئیدی وازمان هێنا لە زۆرێك لەو شتانەی لە دەروونماندا هەبوو بەرامبەر خاوەن تاوانەگەورەکان ؛ لە ئایەتی ژمارە چل وهەشتدا بە درێژی ئەو پرسە باسکراوە ، ولە چەند ئایەتی پێشوودا باسی

هۆکاری هاتنه خوارەوەی ئەم ئایەتەکراوە لە سەرگوزەشتەی بنەماڵەکەی ئوبەیرق ، کە الترمذی لە قەتادەی کوڕی نوعمانەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، تیایدا هاتووە ، دەڵێت : کاتێك قورئان دابەزی بەشیر هەڵهات وچوو بۆ لای هاوبەش بڕیاردەران ، لای سەلافەی کچی سەعدی کوڕی سومەیە گیرسایەوە ، خودا ئەم ئایەتانەی دابەزاند : ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ١١٦﴾ ، حەسانی کوڕی ثابت ﵁ بە چەند دێڕێك شیعر لۆمەی ئەو ئافرەتەی کرد ، کاتێك ئافرەتەکە بیستی ، باری سوارییەکەی بەشیری خستەسەر سەری فڕێیدایە دەرەوە ، گوتی : بوویتە هۆکاری ئەوەی حەسان شیعرم بەسەردا بلێت ، تۆ چاکەت نەهێناوە بۆ لای من .

﴿إِن يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ إِنَٰثٗا وَإِن يَدۡعُونَ إِلَّا شَيۡطَٰنٗا مَّرِيدٗا ١١٧﴾ ئەوانە لە بت وپەیکەرەکان دەپاڕێنەوە وداوایان لێ دەکەن وناوی مێینەیان لێناون ، ئەوانە گوێڕایەڵی شەیتانی یاخی وسەرکەش دەکەن .

الطبری دەڵێت : ڕاڤەکاران لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ئەم ئایەتە کردووە ، هەندێکیان دەڵێن : هاوبەش بڕیاردەران لە لات وعوزا ومەنات دەپاڕێنەوە کە خودا بە مێینە ناوی هێناون ، وهەندێك دەڵێن : مانای ئەوەیە لە کۆمەڵە شتێك دەپاڕێنەوە مردوون ، وهەندێکی تر دەڵێن : مەبەست لە هاوبەش بڕیاردەرانە ، کە دەیانگوت : فریشتەکان کچی خودان ؟! ئیبن عثیمین دەڵێت : ﴿شَيۡطَٰنٗا مَّرِيدٗا﴾ واتە : ڕۆچوو لە ستەم

وملهورِی وسەرکەشی وسنور بەزاندن ، وشەیتانەکان چەند جۆرێکن ، هەیانە (مرید)ە ، وهەیانە (مرید) نییە ، لەبەر ئەوە لە فەرموودە هاتووە : کە شەیتانەکان لە مانگی رِەمەزاندا کۆت وبەند دەکرێن ، لە هەندێك رِیوایەتدا : شەیتانە ملهورِە سەرکەشەکان کۆت وبەند دەکرێن .

﴿لَّعَنَهُ ٱللَّهُۘ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ مِنۡ عِبَادِكَ نَصِيبٗا مَّفۡرُوضٗا ١١٨﴾ خودا نەفرەتی لە شەیتان کردووە ، گوتی : بەڵێن بێت بەشێکی دیاری کراو لە بەندەکانی تۆ جیابکەمەوە وبیانخەمە ژێر رِکێفی خۆمە .


﴿وَلَأُضِلَّنَّهُمۡ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمۡ وَلَأٓمُرَنَّهُمۡ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ وَلَأٓمُرَنَّهُمۡ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلۡقَ ٱللَّهِۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيۡطَٰنَ وَلِيّٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدۡ خَسِرَ خُسۡرَانٗا مُّبِينٗا ١١٩﴾ وبەڵێن بێت گومرِایان دەکەم لە رِێگای رِاستی ئیسلام ، وبە هیوا وئاواتەکانی ژیانەوە سەرقاڵیان دەکەم وهاوبەش برِیاردان وتاوان وسەرپێچیان بۆ دەرِازێنمەوە ، وفەرمانیان پێدەکەم بە برِینی گوێی ئاژەڵەکان ، وفەرمانیان پێدەکەم بە گۆرِینی دروستکراوی خودا ، هەرکەسێك شەیتان بکاتە دۆست وخۆشەویستی جگە لە خودا ، دۆرِاوە دۆرِانێکی رِوون وئاشکرا .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە رِازاندنەوەی دونیا وخۆشەویست کردنی سەرپێچی وتەوبە نەکردن وهاوبەش بۆ خودا برِیاردان لە گوێرِایەڵی فەرمانی شەیتانە کە دوژمنی سەرسەختی مرۆڤەکانە ، پێویستە مرۆڤەکان بە تایبەت موسڵمانان بە دوژمنی بزانن ، ﴿فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ﴾ برِینی گوێی حوشتر ومانگا ومەرِومالآتیش دەگرێتەوە ، بەڵام هەموو گوێ برِین وشەق کردنێکی ناگرێتەوە ، بەڵکو گوێی ئاژەڵەکانیان دەبرِی

وەك نیشانەیەك بۆ ئەوەی كە ئەم ئاژەڵانە حەرامن ، بەوەش حەرامیان حەڵاڵ دەكرد وحەڵاڵیان حەرام دەكرد ، وبۆ دیاری كردن ولەیەك جیاكردنەوەی ئاژەڵەكان نەبوو لە لایەن خاوەنەكانیانەوە ، بەڵكو كۆمەڵە ڕێسایەكیان داهێنا بوو بۆ نموونە : ئەگەر چەند بێچوویەكی ببێت ئیدی سواری نەدەبوون وتایبەتیان دەكرد بە بتەكانیان ، ئیبن كثیر دەڵێت : ﴿وَلَآمُرَنَّهُمۡ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلۡقَ ٱللَّهِۚ﴾ ئیبن عەباس رضي الله عنهما لەسەر ئەم ئایەتە دەڵێت : مەبەست خەساندنی سوارییەكانە ، وحەسەنی بەصری دەڵێت : مەبەست خاڵ كوتانە ؛ وهەندێكیان دەڵێن : مەبەست گۆڕینی ئاینی خودایە ؛ بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا نەفرەتی كردووە لەو ئافرەتانەی كە خاڵ دەكوتن وئەوانەش كە خاڵیان بۆ دەكوترێت ، وئەوانەی برۆیان باریك دەكەنەوە "یان مووی ڕوومەتیان دەگرن" ، وئەوانەی بۆشایی دەخەنە نێوان ددانەكانیان بۆ جوانی ، وئەوانەی دروستكراوی خودا دەگۆڕن ؛ الطبری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی كردووە ومقبل الوادعی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : خەساندنی ئاژەڵم پێ ناخۆشە و﴿وَلَآمُرَنَّهُمۡ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلۡقَ ٱللَّهِۚ﴾ لەو بارەیەوە دابەزیوە.

﴿يَعِدُهُمۡ وَيُمَنِّيهِمۡۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ١٢٠﴾ بەڵێنی بێ بنەما وپڕوپوچیان پێدەدات وهیوایان پێدەبەخشێت ، وئەو بەڵێنانەی كە شەیتان پێیان دەدات جگە لە فریودان وهەڵخەڵەتاندن هیچی تر نییە .

شەیتان فریوی مرۆڤەكان دەدات وچاوبەستیان دەكات وهیوا درێژیان دەكات ، ولە ناخی بێباوەڕان ئەوە جێگیر دەكات كە زیندوو بوونەوە ولێپرسینەوە وبەهەشت ودۆزەخ بوونیان نییە ، ئەوەی كە هەیە تەنها ژیانی دونیایە !.


الجُزْءُ الخَامِسُ سُورَةُ النِّسَاءِ

وَالَّذِينَ ءَامَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ
تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا وَعْدَ اللَّهِ
حَقًّا وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا ﴿١٢٢﴾ لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ
وَلَا أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ مَن يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ
وَلَا يَجِدْ لَهُ مِن دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٢٣﴾ وَمَن
يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ
فَأُولَٰئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا ﴿١٢٤﴾ وَمَنْ
أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَاتَّبَعَ
مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا ﴿١٢٥﴾ وَلِلَّهِ
مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ
مُّحِيطًا ﴿١٢٦﴾ وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ
فِيهِنَّ وَمَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ فِي يَتَامَى النِّسَاءِ
اللَّاتِي لَا تُؤْتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرْغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ
وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الْوِلْدَانِ وَأَن تَقُومُوا لِلْيَتَامَىٰ بِالْقِسْطِ
وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِهِ عَلِيمًا ﴿١٢٧﴾

٩٨

﴿أُوْلَـٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ وَلَا يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا ﴿١٢١﴾﴾ ئەو کەسانە جێگەی مانەوەیان دۆزەخە ، ودەرەتان وپەناگەیەکی تریان نییە ولێی دەرباز نابن .

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقًّا ۚ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلًا ﴿١٢٢﴾﴾ وئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە وکردەوەی باش ئەنجام دەدەن ، دەیانخەینە بەهەشتەوە کە چەندان باخی تێدایە وڕووبار وجۆگەلەی ئاو بەژێر باخەکانیدا دەڕوات ، وبە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە ، بەڵێنی خودا ڕاستە ، کێ هەیە بەڵێن وگفتی لە خودا ڕاستتر بێت ؟.

لێرە دەفەرموێت : ﴿جَنَّـٰتٍ﴾ وهەندێك جار گوزارشت لە بەهەشت بە (جنة) دەکرێت وئەو دوو دەربڕینە دژیەك وپێچەوانەنین ، بەڵکو (جنة) ناوی ئەو شوێنەیە کە خودا ﷻ بۆ باوەڕداری ئامادەکردووە ، ﴿جَنَّـٰتٍ﴾ واتە : چەند باخ وچەند جۆرێك بەهەشت وجیاوازی پلەوپایەکانی ، وەك ئەو فەرموودەی کە بوخاری ومسلم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ؓ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : دوو بەهەشت هەیە ، قاپ وپێداویستییەکانی وهەموو ئەوەی کە تیایاندایە لە زیون ، ودوو بەهەشت هەیە ، قاپ وپێداویستییەکانی وهەموو ئەوەی کە تیایاندایە لە

زێڕن ؛ ئیبن عثیمین دەڵێت : ئەم ئایەتە ئەوەی تێدایە کە باوەڕ بە تەنها بەس نییە ، بەڵکو پێویستە کردەوەشی لەگەڵدا بێت ، وکردەوەش بە تەنها بەس نییە ، بەڵکو دەبێت باوەڕی لەگەڵدا بێت ، وشایستەی چوونە بەهەشت نییە کەسێك نەبێت کە باوەڕ وکردەوەی باشی پێکەوە کۆ کردبێتەوە ، وئەگەر باسی پاداشتی بەهەشت کرا وبە تەنها بە باوەڕەوە بەسترایەوە ، مەبەست ئەو باوەڕەیە کە کردەوەی باشی لە خۆ گرتووە .

﴿لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ ۗ مَن يَعْمَلْ سُوٓءًا يُجْزَ بِهِۦ وَلَا يَجِدْ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٢٣﴾﴾ چوونە بەهەشت نەبە هیوا وخۆزگە خواستنی ئێوەیە ، ونەبە هیوا وخۆزگە خواستنی جولەکە وگاورەکانە ، هەرکەسێك کردەوەیەکی خراپ بکات پاداشت دەدرێتەوە لەسەری ، وکەسێك نادۆزرێتەوە جگە لە خودا کە لە سزا بیپارێزێت وپشتیوان وسەرخەری بێت .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە ئاوات وخۆزگە خواستن وخەیاڵ پڵاوی سود بە مرۆڤ ناگەیەنێت ، هەرکەسێك کردەوەکانی یارمەتی دەری نەبن پلەوپایە وناونیشان وبنەماڵە ورەچەڵەك سوودی پێ ناگەیەنن ، ئەحمەد لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێك ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿مَن يَعْمَلْ سُوٓءًا يُجْزَ بِهِۦ﴾ ، گوتی : ئەگەر ئێمە لەسەر هەرشتێك کە ئەنجامی دەدەین پاداشت بدرێینەوە تیادەچین ، ئەو قسەیە گەیشتە پێغەمبەری خودا ﷺ وفەرمووی : بەڵێ ، باوەڕدار پاداشت دەدرێتەوە لەسەر کردەوەی خراپ لە دونیا لە نەفسی ، ولاشەی ، وهەرشتێك دەبێتە مایەی ئێش وئازار بۆی ؛ وئیبن حبان لە ئەبوبەکری صدیقەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن

لە قیامەتدا حاڵمان باش دەبێت ولە نارەحەتیەکانی ڕزگارمان دەبێت ، دوای دابەزینی ئەم ئایەتە : ﴿لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ ۗ مَن يَعْمَلْ سُوٓءًا يُجْزَ بِهِۦ﴾ ئەگەر هەموو ئەوەی ئەنجامی دەدەین سزا بدرێین لەسەری ؟ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا لێت خۆش بێت ئەی ئەبوبەکر ، ئایا تۆ نەخۆش ناکەویت ؟ وئایا تووشی خەم وپەژارە نابیت ؟ وئایا تووشی دەست کورتی ونارەحەتی ژیان نابیت ؟ گوتی : بەڵێ ، فەرمووی : ئەوە ئەوشتانەیە کە پاداشت دەدرێنەوە لەسەری ، لە دونیا بۆ موسڵمان پێش قیامەت ؛ ومسلم لە ئەبو هرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿مَن يَعْمَلْ سُوٓءًا يُجْزَ بِهِۦ﴾ موسڵمانان ترس دایگرتن وکاریگەری زۆری هەبوو لەسەریان ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : مام ناوەندبن وهەوڵی پێکانی مەبەست وڕاستی بدەن ، نە شلڕەوبن ونەڕۆبچن ، هەموو بەڵا ونارەحەتیەك کە تووشی موسڵمان دەبێت کەفارەتی تاوانەکانیەتی ، هەتاکو پێ هەڵکەوتن وبریندار بوونی پەنجەی ، یان ئەگەر دڕکێکی پێدا بچەقێت وئازاری بدات .

﴿وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا ﴿١٢٤﴾﴾ هەرکەسێك کردەوەی باش ئەنجام بدات وباوەڕدار بێت جا نێر بێت یان مێ ، ئەو کەسانە دەچنە بەهەشتەوە ، وبە ئەندازەی کونی سەر پشتی ناوکە خورما ستەمیان لێناکرێت .

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۗ وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبْرَٰهِيمَ خَلِيلًا ﴿١٢٥﴾﴾ کێ ئاینداری لەو کەسە جوانترە وباشترە کە ڕووی خۆی

سپاردووه به خودا ونیاز پاك وچاكه كرداره ، وشوێنی ئاینی پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ كەوتووه كه خۆی له هاوبەش بڕیاردان پاراستووه ویەكتاپەرست بووه ، وخودا به خۆشەویستی تایبەتی خۆی هەڵیبژاردووه .


﴿خَلِيلًا﴾ بەرزترین پلەی خۆشەویستیه ، وئەم پلەیه له خوداوه تایبەته به پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ وپێغەمبەری خودا محمد ﷺ ، بەڵام خۆشەویستی بۆ هەموو موسڵمانانه ، مسلم له جوندبی كوڕی عبداللەوه ﷺ ڕیوایەتی كردووه دەڵێت : گوێم له پێغەمبەری خودا بوو ﷺ پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی وەفات بكات ، دەیفەرموو : من ئەستۆی خۆم لای خودا به پاكی ڕادەگرم لەوەی كەستان به خۆشەویستی تایبەت هەڵبژێرم ، خودا منی به خۆشەویستی تایبەت هەڵبژاردووه وەك چۆن ئیبراهیمی ﷺ بەو جۆره خۆشەویستیه هەڵبژاردووه ، وئەگەر من كەسێكم به خۆشەویستی تایبەت هەڵبژاردایه ئەوا ئەبوبەكرم بەو جۆره خۆشەویستیه هەڵدەبژارد ؛ وبوخاری له عەمری كوڕی مەیمونەوه ڕیوایەتی كردووه دەڵێت : معاذ ﷺ كاتێك هات بۆ یەمەن ، نوێژی بەیانی بۆ خەڵك كرد ، ئەو ئایەتەی خوێندەوه له سورەتی (النساء) : ﴿وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبۡرَٰهِيمَ خَلِيلًا﴾ كەسێك هەستا گوتی : دایكی ئیبراهیم ﷺ خۆشحاڵه بەو پله بەرزییەی كوڕەكەی .

﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٖ مُّحِيطٗا ١٢٦﴾ موڵكی خودایه هەموو ئەوەی له ئاسمانەكان وزەویدا هەیه ، خودا به توانا ودەسەڵاتی دەورەی هەموو شتێكی داوه وبالا دەسته وهیچی لێ شاراوه نییه .

﴿وَيَسۡتَفۡتُونَكَ فِي ٱلنِّسَآءِۖ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ فِيهِنَّ وَمَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ فِي يَتَٰمَى ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِي لَا تُؤۡتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرۡغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ وَٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ مِنَ ٱلۡوِلۡدَٰنِ وَأَن تَقُومُواْ لِلۡيَتَٰمَىٰ بِٱلۡقِسۡطِۚ وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِهِۦ عَلِيمٗا ١٢٧﴾ ئەی پێغەمبەری خودا داوای فەتوات لێدەکەن دەربارەی ئافرەتان ، بڵێ : خودا فەتواتان بۆ دەدات بە ئایەتەکانی قورئان کە دەخوێندرێتەوە بە سەرتاندا ، دەربارەی ئەو کچە هەتیوانەی کە ناتانەوێت مارەیان بکەن ، ئەوەی خودا پێویستی کردووە بۆیان پێیان بدەن ، وهەروەها منداڵانی لاواز وبێ دەسەڵات ، پێویستە دادگەرانە لەگەڵ هەموو هەتیوەکاندا هەڵسوکەوت بکەن ، وهەموو چاکەیەك کە ئەنجامی دەدەن بێگومان خودا زانایە پێی وپاداشتان دەداتەوە لەسەری .

﴿وَتَرۡغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ﴾ ، دوو لێکدانەوەی بۆ کراوە ، یەکەمیان : حەزدەکەن مارەیان بکەن ، لەبەر جوانی وسامانەکەیان ، دووەم : حەزناکەن مارەیان بکەن لەبەر ئەوەی جوان نین بەلاتانەوە ، ورێگریش دەکەن کەسانی تر مارەیان بکەن لەبەر سامانەکەیان ، فەتوا بریتییە لە ڕوون کردنەوەی حوکمێکی شەرعی ، وئەوکەسەی فەتوای بۆ دەدرێت ناچار ناکرێت بە وەرگرتنی ، بەڵام قەزاوەت کردن وحوکمدان بریتییە لە ڕوون کردنەوەی حوکمێکی شەرعی وناچارکردنی ئەو کەسەی حوکمەکەی لەسەر دەدرێت بە وەرگرتنی ، ئەوەش جیاوازی فەتوا وحوکمە ، ئیبن کثیر دەڵێت : مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە ئەگەر پیاوێك سەرپەرشتیاری کچێکی هەتیو بوو دروستە مارەی بکات ، ئەگەر حەزی کرد مارەی بکات ئەوا خودا ﷻ فەرمانی پێکردووە کە مارەیی بداتێ وەك هاوشێوەی ئافرەتەکانی تر ، وئەگەر ئامادە نەبوو مارەیی بداتێ با ئافرەتانی تر مارە

بکات ، خودا ئەوەی بۆ حەڵاڵ کردووە ، ئەمە مانای ئایەتەکەی سەرەتای سورەتەکەیە ، بەڵام ئەگەر حەزی نەکرد مارەی بکات لەبەر ئەوەی جوان نەبوو بەلایەوە ، خودا یاساغی کردووە کەنار گیری بکات ونەیدات بە شوو لە ترسی ئەوەی میراتگری بۆ دروست بێت لەو سامانەی کە لە نێوان خۆی وئەو کچە هەتیوەدا هەیە ، عەلی کوڕی طلحە لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە دەربارەی ئەو ئایەتە : ﴿وَيَسۡتَفۡتُونَكَ فِي ٱلنِّسَآءِۖ﴾ ، و﴿ٱلَّٰتِي لَا تُؤۡتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرۡغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ﴾ دەڵێت : لەسەردەمی نەفامیدا ئەگەر پیاوێك سەرپەرشتیاری کچێکی هەتیو بووایە ، پۆشاکێکی دەدا بەسەریدا ، ئیتر کەس هەرگیز بۆی نەبوو مارەی بکات ، ئەگەر جوان بووایە مارەی دەکرد ومالَ وسامانەکەی دەخوارد ، وئەگەر جوان نەبووایە ڕێگری لیّ دەکرد شوو بکات هەتاکو مردن ، دوای مردنی میراتەکەی دەخوارد ، خودا نەهی کرد لەو کردارە ؛ بوخاری ومسلم لە عوروەی کوڕی زوبێرەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پرسیارم لە عائیشەی دایکی باوەڕداران کرد رضي الله عنها دەربارەی ئەو ئایەتەی کە خودا دەفەرموێت : ﴿وَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تُقۡسِطُواْ فِي ٱلۡيَتَٰمَىٰ ٣﴾(النِّسَاء) ، گوتی : خوشکەزام ئەم ئایەتە دەربارەی کچێکی هەتیوە لای کەسێکە سەرپەرشتیاریەتی ولە سامانەکەیدا هاوبەشن ، وحەز لە سامان وجوانییەکەشی دەکات ، ودەیەوێت مارەی بکات بەبیّ ئەوەی دادگەربێت لە پێدانی مارەییەکەی ، یاساغی ئەوەیان لێکرا ئەو کچانە مارە بکەن هەتاکو دادگەرانە مارەییان دەدەنیّ ، ئەگەرنا دەتوانن لە ئافرەتانی تر کە خودا حەڵاڵی کردووە بۆیان مارە بکەن ، عوروە دەڵێت : عائیشە رضي الله عنها گوتی : خەڵك دوای ئەم ئایەتە پرسیاریان لە پێغەمبەری خودا ﷺ کرد ، خودا ﷻ ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَيَسۡتَفۡتُونَكَ فِي ٱلنِّسَآءِۖ﴾ ، عائیشە


الجزء الخامس　　سورة النساء

وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا أَوۡ إِعۡرَاضٗا فَلَا جُنَاحَ
عَلَيۡهِمَآ أَن يُصۡلِحَا بَيۡنَهُمَا صُلۡحٗاۚ وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٞۗ
وَأُحۡضِرَتِ ٱلۡأَنفُسُ ٱلشُّحَّۚ وَإِن تُحۡسِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ
كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ١٢٨ وَلَن تَسۡتَطِيعُوٓاْ أَن تَعۡدِلُواْ
بَيۡنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوۡ حَرَصۡتُمۡۖ فَلَا تَمِيلُواْ كُلَّ ٱلۡمَيۡلِ فَتَذَرُوهَا
كَٱلۡمُعَلَّقَةِۚ وَإِن تُصۡلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ
غَفُورٗا رَّحِيمٗا ١٢٩ وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغۡنِ ٱللَّهُ كُلّٗا مِّن سَعَتِهِۦۚ
وَكَانَ ٱللَّهُ وَٰسِعًا حَكِيمٗا ١٣٠ وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَلَقَدۡ وَصَّيۡنَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن
قَبۡلِكُمۡ وَإِيَّاكُمۡ أَنِ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ وَإِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ لِلَّهِ
مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَنِيًّا حَمِيدٗا
١٣١ وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا
١٣٢ إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ أَيُّهَا ٱلنَّاسُ وَيَأۡتِ بِـَٔاخَرِينَۚ وَكَانَ
ٱللَّهُ عَلَىٰ ذَٰلِكَ قَدِيرٗا ١٣٣ مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ ٱلدُّنۡيَا فَعِندَ ٱللَّهِ
ثَوَابُ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ١٣٤

٩٩

رضي الله عنها دەڵێت : ئەوەی خودای پەروەردگار لەو ئایەتەدا دەفەرموێت : ﴿وَتَرۡغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ﴾ ، یاساغی ئەوەیان لێکرا ئەو کچانەی سامانیان هەیە وجوانن مارەیان بکەن هەتاکو دادگەرانە مارەییان نەدەنێ ؛ وبوخاری ومسلم دیسان لە عوروەی کوڕی زوبێرەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : عائیشە رضي الله عنها دەربارەی ئەم ئایەتە : ﴿وَيَسۡتَفۡتُونَكَ فِي ٱلنِّسَآءِۖ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ فِيهِنَّ وَمَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ فِي يَتَٰمَى ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِي لَا تُؤۡتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرۡغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ﴾ دەڵێت : ئەم ئایەتە باسی پیاوێك دەکات کە سەرپەرشتیار ومیراتگری کچە هەتیوێکە ، هاوبەشیەتی هەتاکو لە دار خورماش ، حەزی لێناکات بۆ ئەوەی مارەی بکات ، وپێیشی ناخۆشە کەسێکی تر مارەی بکات ، بۆ ئەوەی نەبێتە هاوبەشی لە سامانەکەی ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند .

﴿وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا أَوۡ إِعۡرَاضٗا فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ أَن يُصۡلِحَا بَيۡنَهُمَا صُلۡحٗاۚ وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٞۗ وَأُحۡضِرَتِ ٱلۡأَنفُسُ ٱلشُّحَّۚ وَإِن تُحۡسِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ١٢٨﴾ ئەگەر ئافرەتێك ترسا لەوەی مێردەکەی لووتبەرزی بکات لە ئاستی وبە چاوێکی کەمەوە سەیری بکات یان پشتی تێبکات وگرنگی پێنەدات ،

تاوانیان ناگات ئەگەر هەوڵی ئاشتی بدەن وڕێك بکەون لەسەر ئەوەی ئافرەتەکە دەست لە هەندێك لە مافەکانی خۆی هەڵبگرێت ، وئاشتەوایی وڕێککەوتن باشترە ، ورژدی وخۆشویستنی سامان لە دەروونی هەموو کەسێکدا هەیە ، بەڵام ئەگەر چاکەکار وپارێزکاربن ولە خودا بترسن ، بێگومان خودا بەوەی ئەنجامی دەدەن شارەزایە .

ئەم ئایەتە ڕێ نیشاندەری موسڵمانان دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی کۆمەڵاتی ، ئەگەر ژنێك زانی پیاوەکەی خۆی هەڵدەنێت بەسەریدا ولای لێناکاتەوە وحەزی لێی نەماوە ، بۆ ئەوەی کێشەکەیان بە تەڵاق وجیابوونەوە کۆتایی نەیەت دەتوانن ڕێك بکەون لەسەر ئەوەی ئافرەتەکە دەست لە هەندێك لە مافەکانی خۆی هەڵبگرێت وەك : شەو لەگەڵ نوستنی نەوێت یان بژیوی کەم داوا بکات ، یان ئەگەر خۆی سامانی هەبوو دەست هەڵبگرێت لە داوا کردنی بژێوی لە مێردەکەی ، وئەگەرچی مرۆڤەکان لە ناخیاندا ڕژدی هەیە وسامان وماڵی دونیایان خۆش دەوێت بەڵام لەبەر تێکنەچوونی شیرازەی خێزان وهەڵنەوەشاندنەوەی کۆمەڵگا مرۆڤ دەست لە هەندێك لە مافە ماددی ومەعنەویەکانی خۆی هەڵبگرێت کارێکی باشە ونیاز پاك بێت خودا پاداشتی دەداتەوە لەسەری ، ﴿وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٞۗ﴾ ئەم ڕستەیە بە شێوەیەکی گشتی هاتووە بۆ ئەوەی مافەکانی ژن ومێرد وهەموو هەڵسوکەوت وبوارەکانی تری ژیان بگرێتەوە ، ولە کاتی ئاشتەوای وپێکهاتندا هەموو لایەك لەوانەیە خۆی بە ماف خوراو بزانێت ، لەبەر ئەوە خودا ﷻ ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر چی هەموو کەسێك ڕژدی وخۆشویستنی دونیا وسەرخستنی نەفسی لە ناخیدا هەیە ، بەڵام دەست هەڵگرتن لە هەندێك ماف لەبەر ڕێککەوتن وئاشتەوایی باشترە ، بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ڕضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت :

ئەم ئایەتە ﴿وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا أَوۡ إِعۡرَاضًا﴾ دەربارەی ئافرەتێکە کە مێردەکەی زۆر گرنگی پێنادات ، ودەیەوێت تەڵاقی بدات وئافرەتێکی تر مارە بکات ، ئافرەتەکە دەڵێت : تەڵاقم مەدە وباپێکەوە بمێنینەوە ، تۆش ئازاد بە لە شەو مانەوە ودابین کردنی بژێوی ، خودای پەروەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرموێت : ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ أَن يُصۡلِحَا بَيۡنَهُمَا صُلۡحًاۚ﴾ ؛ وئیبن ماجە لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ئەم ئایەتە : ﴿وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا أَوۡ إِعۡرَاضًا﴾ دەربارەی پیاوێك دابەزیوە کە ئافرەتێك هاوسەریەتی وماوەیەکی زۆرە پێکەوەن ومنداڵی لێی هەیە ، ودەیەوێت ئافرەتێکی تر مارە بکات وئەم تەڵاق بدات ، بەڵام پیاوەکەی ڕازی دەکات بەوەی تەڵاقی نەدات ولای بمێنێتەوە ولەگەڵ مانەوەی بۆ دیاری نەکات ؛ وئەحمەد وئەبوداود لە عروەی کوڕی زوبێرەوە ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : عائیشە ﵂ پێی گوتم : خوشکەزا پێغەمبەری خودا ﷺ فەزڵی هەندێك لە خێزانەکانی نەدەدا بەسەر ئەوانی تردا لە مانەوە لە گەڵیاندا ، کەم ڕۆژێك هەبوو بەسەر هەمووماندا نەگەڕێت ، لە هەموو خێزانەکانی نزیك دەبوویەوە بێ ئەوەی لەگەڵیاندا جووت ببێت ، هەتاکو دەگەیشتە ئەو خێزانەی نۆرەی بوو شەو لای دەمایەوە ، سەودەی کچی زەمعە ﵂ کاتێك بەساڵداچوو وترسا پێغەمبەری خودا ﷺ لێی جیاببێتەوە ، گوتی : شەوەکەی من بۆ عائیشە ﵂ ، پێغەمبەری خودا ﷺ بەوە ڕازی بوو ، عائیشە ﵂ دەڵێت : خودا ئەم ئایەتەی دەربارەی ئەو پرسە وهاوشێوەکانی دابەزاند : ﴿وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا أَوۡ إِعۡرَاضًا﴾ ؛ والترمذی لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە

صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ﴿وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا أَوۡ إِعۡرَاضًا﴾ ، لەسەر هەرشتێك ڕێك بکەون دروستە ؛ والترمذی وئیبن ماجە والحاكم لە عەمری كوڕی عەوفی موزەنییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئاشتەوای وڕێککەوتن دروستە لە نێوان موسڵمانان ، ئاشتەوای وڕێککەوتنێك نەبێت حەلاڵێك حەرام بکات ، یان حەرامێك حەلاڵ بکات ، وموسڵمانان پێویستە پابەندی مەرج وبەڵێنەکانیانبن ، مەرج وبەڵێنێك نەبێت حەلاڵێك حەرام بکات ، یان حەرامێك حەلاڵ بکات .

﴿وَلَن تَسۡتَطِيعُوٓاْ أَن تَعۡدِلُواْ بَيۡنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوۡ حَرَصۡتُمۡۖ فَلَا تَمِيلُواْ كُلَّ ٱلۡمَيۡلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلۡمُعَلَّقَةِۚ وَإِن تُصۡلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ١٢٩﴾ ناتوانن لەگەڵ خێزانەکانتاندا دادگەری تەواو بەرپا بکەن ئەگەرچی هەوڵیشی بۆ بدەن وسووربن لەسەری ، بۆیە هەموو مەیل وسۆزتان مەدەن بە یەکێکیان وئەوی تریان پشت گوێ بخەن ، وەك هەڵپەسێردراو بیهێڵنەوە "نەئەوەی تەلاق درابێت وئازادبێت مێرد بکات ، ونە مێردی هەبێت" ، وئەگەر هەوڵی ئاشتەوایی وچاکەتاندا وخۆتان پاراست لە ستەم کردن ، بێگومان خودا لێخۆشبوو وپۆشەری تاوانە وبەبەزەییە .

لەم ئایەتەدا خودا باسی سروشتی مرۆڤ دەکات کە چەندە هەوڵ بدات وسوور بێت لەسەر ئەوەی دادگەری تەواو لە دڵەوە لە نێوان خێزانەکانیدا بەرپا بکات ناتوانێت ، بەڵام پێویستە لەسەری لە هەموو بوارە ماددییەکاندا دادگەری تەواو ڕەچاو بکات ، وەك : شەو مانەوە ودابین کردنی بژێوی وستەم نەکردن وپشت گوێ نەخستن ومەیل وڕووخۆشی پێدان ، هەموو ئەمانە لە توانای مرۆڤدایە ، بەڵام خۆشەویستی لە ناخەوە

مرۆڤ ناتوانێت یەکسان ودادگەربێت ، خاوەن سونەنەکان لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك دوو خێزانی هەبێت ، مەیل بدات بە یەکێکیان وئەوی تریان پشتگوێ بخات ، لە ڕۆژی قیامەتدا دێت لایەکی لار ولاسەنگە ؛ ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئیبن حەجەر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ﴿كَٱلۡمُعَلَّقَةِۚ﴾ ، نەبێوە ژنە ، ونە مێردی هەیە .

﴿وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغۡنِ ٱللَّهُ كُلّٗا مِّن سَعَتِهِۦۚ وَكَانَ ٱللَّهُ وَٰسِعًا حَكِيمٗا ١٣٠﴾ وئەگەر ژن ومێرد لەیەك جیابوونەوە ، خودا هەریەکەیان بێنیاز ودەوڵەمەندیان دەکات لە فراوانی فەزڵی خۆی ، وخودا فەزڵی زۆر وفراوانە وداناى کار لەجێیە .

ئەگەر نەگونجان پێکەوە ئەوکات قۆناغی لەیەك ترازان دێتە پێشەوە ، بەڵام بۆ ئەوەی ڕەشبینی ونائومێدی باڵ نەکێشێت بەسەریاندا ، خودا ﷻ بەڵێنی دەوڵەمەندی وبێنیاز وپەك نەکەوتنی بە هەمووان داوە ، بۆ ژنەکە یان ئەوەیە مێردێکی نوێ وباشتر لەوەی پێشووی بۆ ئاسان دەکات ، یان ڕۆزی فراوانی دەدات وئاتاجی ناکات ، وبۆ پیاوەکەش ئافرەتێکی نوێ وباشتر لەوەی پێشووی بۆ ئاسان دەکات ، ورۆزی فراوانی دەدات وئاتاجی ناکات ، ئەمە بەڵێنە لە خوداوە ﷻ وهەموو کات بەڵێنەکانی بەسەر دەبات ، وتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا ، بەڵام هەندێك جار گومانی مرۆڤ ونەبوونی باوەڕ ومتمانەی تەواو دەبێتە لەمپەڕ وئاستەنگ وئەو بەڵێنەی درەنگ بۆ دێتە دی بەجۆرێك وا هەست دەکات کە بۆی نەهاتووەتە دی وبۆی مەیسەر نەبووە .

﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَلَقَدۡ وَصَّيۡنَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَإِيَّاكُمۡ أَنِ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ وَإِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَنِيًّا حَمِيدٗا ﴿١٣١﴾﴾ موڵكی خودایە هەموو ئەوەی لـە ئاسمانەكان وزەویدا هەیە ، بە ڕاستی ئامۆژگاری خاوەن كتێبەكانی پێش ئێوەمان كردووە وئێوەش ئامۆژگاری دەكەین كە پارێزكاربن ولـە خوا بترسن ، وئەگەر بێباوەڕبن وملكەچ نەبن ، ئەوا بێگومان هەموو ئەوەی لـە ئاسمانەكان وزەویدا هەیە موڵكی خودایە ، وخودا دەوڵەمەند وسوپاس وستایش كراوە .


﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿١٣٢﴾﴾ وموڵكی خودایە هەموو ئەوەی لـە ئاسمانەكان وزەویدا هەیە ، وتەنها خودا بەسە هەموو كاروباری پێ بسپێردرێت .

﴿إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ أَيُّهَا ٱلنَّاسُ وَيَأۡتِ بِـَٔاخَرِينَۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ ذَٰلِكَ قَدِيرٗا ﴿١٣٣﴾﴾ ئەگەر خودا بیەوێت ئەی خەڵكینە دەتانفەوتێنێت ولـە ناوتان دەبات ، وكەسانی تر لـە شوێنی ئێوە دەهێنێتە بوون ، وخودا توانا ودەسەڵاتی هەیە دەتوانێ ئەوە بكات .

﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ ٱلدُّنۡيَا فَعِندَ ٱللَّهِ ثَوَابُ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ﴿١٣٤﴾﴾ هەركەسێك پاداشتی دونیای دەوێت ، ئەوا پاداشتی دونیا ودواڕۆژیش لای خودایە ، وخودا بیسەر وبینایە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە كە هەموو پلەوپایە وسامان ودەسەڵاتی دونیا وپاداشتی دواڕۆژ بە دەستی خودایە ، بۆیە دەبێت بۆ بە دەست هێنانی مەبەستە دونیایەكانیش پشت بە خودا ببەسترێت ، ودڵنیابن كەس بەبێ مۆڵەتی خودا ناتوانێت هیچ سود وزیانێك بە

مرۆڤ بگەیەنێت ، ئەحمەد والترمذی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووم : بزانە ئەگەر هەموو خەڵك کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی سودێکت پێ بگەیەنن ، ناتوانن سودت پێ بگەیەنن ئەوە نەبێت کە خودا بۆی نوسیویت ، وئەگەر هەموویان کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن ، ناتوانن زیانت پێ بگەیەنن ئەوە نەبێت کە خودا بۆی نوسیویت.


الجزء الخامس — سورة النساء

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَن تَعْدِلُوا وَإِن تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٣٥﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنزَلَ مِن قَبْلُ وَمَن يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ اللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًا ﴿١٣٧﴾ بَشِّرِ الْمُنَافِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣٨﴾ الَّذِينَ يَتَّخِذُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ الْعِزَّةَ فَإِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴿١٣٩﴾ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾

١٠٠

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَن تَعْدِلُوا وَإِن تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٣٥﴾﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەموو کات هەستن بە ڕەچاوکردنی دادگەری وگەواهی لەبەر خودا بدەن بە ڕاستی ، ئەگەر لەسەر خۆتان یان دایك وباوکتان ویان خزمانیشتان بێت ، ئەو کەسەی گەواهی لەسەر دەدرێت دەوڵەمەند بێت یان هەژار خودا لە پێشترە بۆیان ، شوێن ئارەزوو مەکەون ولە ڕاستی لامەدەن ، ئەگەر زمانتان بابدەن وقسەتان بگۆڕن یان پشت هەڵبکەن وئامادە نەبن گەواهی بدەن ، دڵنیابن خودا بە هەموو ئەوەی کە ئەنجامی دەدەن شارەزایە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی لەسەر کۆمەڵێك پرسی گرنگ تێدایە : پێویستە باوەڕدار هەردەم دادگەر بێت وگەواهی لەبەر خودا بدات ئەگەرچی ئەو گەواهیدانە لە دژی بەرژەوەندی خۆی ودایك وباوك وخزمانیشی بێت ، ونابێت خاترگیری دەوڵەمەند بکرێت لەبەر دەوڵەمەندییەکەی ، وسۆزی وبەزەیی ڕێگر بێت لە گەواهیدان لە دژی هەژار ، چونکە کەس لە خودا بە بەزەیی تر نییە بۆ بەندەکانی ، وگەواهیدان پێویستە لەسەر موسڵمانان ، ودانپێدانان گەواهیدانە ، وسودی ئەوەی تێدایە کە ئیسلام دژی شۆسیالیستیە ، چونکە مافی دەوڵەمەند لەبەر خاتری هەژار پێشێل ناکرێت ، وبە پێچەوانەشەوە ڕێگا نادرێت هەژار بەدەستی دەوڵەمەند وسەرمایەدار بچەوسێندرێتەوە ، القرطبی دەڵێت : زانایان ناکۆك نین دەربارەی حوکمەکانی ئەم ئایەتە ، بێگومان گەواهی منداڵ لەسەر دایك وباوکی وەردەگیرێت ، وچاکەکاری لەگەڵیان نابێتە ڕێگر لەو گەواهیدانە ، بەڵکو لە چاکەکارییە لەگەڵیان کە گەواهییان لەسەر بدات ولە نارەوایەتیەك ئەگەر تێکەوتبوون ڕزگاریان بکات ، ئەوەش مانای ئەو فەرموودەی خودایە : ﴿قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا ۝٦﴾(التَّحۡرِيم) ، بەڵام ئەگەر گەواهیدان لە بەرژەوەندیان بوو ، یان گەواهیدان لە بەرژەوەندی منداڵەکەیان بوو ، زانایان ناکۆکن لەو بارەیەوە ، زوهری دەڵێت : سەلەف گەواهی دایك وباوك وبرایان بە دروست زانیوە لەبەر ئەوەی خودا دەفەرموێت : ﴿كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلۡقِسۡطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ﴾ ، پاشان خەڵك کرداری گۆڕا وای لە کاربەدەستان کرد تۆمەتباریان بکەن ، ئیدی گەواهی ئەوانەی تۆمەتبار بوون وەرنەگیرا ، وگەواهی منداڵ وبرا ومێرد وهاوسەریش بۆ یەکتر وەرنەگیرا ، ئەوەش بۆچوونی زۆربەی زانایانە ، وهەندێکیان دەڵێن : گەواهیدانیان بۆ یەکتر وەردەگیرێت ئەگەر دادگەر بوون .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَـٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَـٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبۡلُ ۚ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱللَّهِ وَمَلَـٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأَخِرِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَـٰلَۢا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ، باوەڕ بهێنن بە خودا وپێغەمبەرەکەی وئەو کتێبەی کە دایبەزاندووەتە سەر پێغەمبەرەکەی ، وهەموو ئەو کتێبانەش کە پێشتر دایبەزاندووە ، وهەرکەسێك باوەڕ نەهێنێت بە خودا وفریشتەکانی وکتێبەکانی وپێغەمبەرەکانی ورۆژی دوایی ، ئەوە بێگومان گومڕایە ودوورکەوتووەتەوە لە ڕێگای ڕاست گومڕایی ودوور کەوتنەوەیەکی زۆر .

لەم ئایەتەدا خودا ﷻ بانگ لە باوەڕداران دەکات وکەچی دووبارە دەفەرموێت : باوەڕ بهێنن ، مانای ئەوەیە هەوڵی کاملْ کردنی باوەڕەکەتان بدەن ودامەزراو وجێگیربن لەسەری ، چونکە باوەڕدار زۆرە کە کەموکورتی لە باوەڕەکەیدا هەیە وجێگیر ودامەزراو نییە ، ودەبینین بۆ قورئان فەرموویەتی : ﴿نَزَّلَ﴾ ، بەڵام بۆ کتێبەکانی تر فەرموویەتی : ﴿أَنزَلَ﴾ ، زانایان دەڵێن : مەبەست لە جیاوازی ئەو دوو دەربڕینە ئەوەیە کە قورئان بەش بەش وبە گوێرەی ڕووداوەکان وڕوون کردنەوەی حوکمەکان لە ماوەی بیست وسێ ساڵی پێغەمبەرایەتیدا دابەزیوە ، بەڵام کتێبەکانی تر بە یەکجار دابەزیوون ، هەروەها باسی پێنج لە پایەکانی باوەڕ دەکات ، مسلم لە عومەرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە لەو فەرموودەی کە جبریل ﵇ پرسیاری لە پێغەمبەری خودا ﷺ کردووە ، دەڵێت : جبریل ﵇ فەرمووی : باسی باوەڕم بۆ بکە ؟ پێغەمبەری خودا ﷺ لە وەڵامیدا فەرمووی : باوەڕ بریتییە لە باوەڕهێنان بە خودا وفریشتەکانی وکتێبەکانی وپێغەمبەرەکانی ورۆژی دوایی وقەزا وقەدەری باش وخراپ ؛ ئیبن تیمییە دەڵێت : لە باوەڕ بە ڕۆژی دواییە باوەڕ

بوون بە هەموو ئەوەی پێغەمبەری خودا ﷺ هەواڵی لە بارەیەوە داوە دوای مردن ، وبەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە گومڕاییەکان لە یەك ئاستدانین ، بەڵکو هەیانە گومڕاییەکەی نزیکە وهەیانە زۆر دوورە لە حەق وڕاستییەوە .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ٱزۡدَادُواْ كُفۡرٗا لَّمۡ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغۡفِرَ لَهُمۡ وَلَا لِيَهۡدِيَهُمۡ سَبِيلَۢا ١٣٧﴾ بەدڵنیاییەوە ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێنا ، پاشان هەڵگەڕانەوە وبێباوەڕ بوونەوە ، وپاشان باوەڕیان هێنا ، پاشان هەڵگەڕانەوە وبێباوەڕ بوونەوە ، وپاشان بێباوەڕیان زیاتر بوو ، خودا لێیان خۆش نابێت وهیدایەتیان نادات بۆ ڕێگای ڕاستی ئیسلام .

ئەم ئایەتە باسی ئەو کەسانە دەکات کە لە ئیسلام پاشگەز دەبنەوە وپاشان بە بێباوەڕی دەمرن ، ئایا ئەو کەسەی کە باوەڕ دەهێنێت وپاشان هەڵدەگەڕێتەوە لە باوەڕەکەی وپاشگەز دەبێتەوە دەتوانێت تەوبە بکات ؟ ، بەڵێ ، بەو مەرجەی تەوبە بکات وپاشان چاکە کار بێت ، النسائی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێك لە پشتیوانان موسڵمان بوو ، پاشان هەڵگەڕایەوە وچوو بۆ لای هاوبەش بڕیاردەران ، پاشان پەشیمان بوویەوە ، پەیامی نارد بۆ کەسوکاری پرسیارم بۆ بکەن لە پێغەمبەری خودا ﷺ ئایا تەوبەم بۆ هەیە ؟ کەس وکارەکەی هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ گوتیان : فلاّن کەس پەشیمان بووەتەوە وپەیامی بۆ ناردووین کە پرسیارت لێبکەین ، ئایا تەوبەی بۆ هەیە ؟ ئەم ئایەتانە دابەزی : ﴿كَيۡفَ يَهۡدِي ٱللَّهُ قَوۡمٗا كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ وَشَهِدُوٓاْ أَنَّ ٱلرَّسُولَ حَقّٞ وَجَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي

ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُمۡ أَنَّ عَلَيۡهِمۡ لَعۡنَةَ ٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ﴿٨٧﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ يُنظَرُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿٨٩﴾﴾(آلِ عِمۡرَان) ، ولـه لێكدانەوەی ئەو ئایەتەی سورەتی (آل عمران) به درێژی باسكراوه .

﴿بَشِّرِ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣٨﴾﴾ مژده بده به دووڕووەكان كه بێگومان سزایەكی به ئێش وئازاریان بۆ هەیه .

مژده ومزگێنی بۆ شتانێكه كه مایەی دڵخۆشی وخۆشحاڵی بێت ، بەڵام لێره بۆ دۆزەخ وسزای سەخت بەكارهێنراوه بۆ سوكایەتی وگاڵته پێكردنیانه ، ئەوەش پاداشتێكی دادگەرانەیه بۆ ئەو دووڕووانەی كه هەر ڕۆژه لـه ئاوازێك دەخوێنن ، ڕۆژێك بانگەشەی باوەڕ دەكەن پاشان پاشگەز دەبنەوه وەك ئەوەی سوكایەتی وگاڵته به ئیسلام وموسڵمانان بكەن.

﴿ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ أَيَبۡتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلۡعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴿١٣٩﴾﴾ ئەو كەسانەی بێباوەڕان به دۆست وهاوەڵی خۆیان هەڵدەبژێرن جگه لـه باوەڕداران ، ئایا بەتەمان لای بێباوەڕان باڵادەستی وعیزەتیان دەست بكەوێت ، به ڕاستی هەموو باڵادەستی وعیزەت وتوانا ودەسەڵات بۆ خودایه .

﴿وَقَدۡ نَزَّلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أَنۡ إِذَا سَمِعۡتُمۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكۡفَرُ بِهَا وَيُسۡتَهۡزَأُ بِهَا فَلَا تَقۡعُدُواْ مَعَهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦٓ إِنَّكُمۡ إِذٗا مِّثۡلُهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡكَٰفِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾﴾ به ڕاستی لـه قورئاندا ئایەتمان دابەزاندووه

بەسەرتاندا ، کە کاتێك بیستتان ئایەتەکانی خودا کوفریان پێدەکرێت وگاڵتەیان پێدەکرێت ، لەگەڵیان دامەنیشن هەتاکو لە باسێکی تردا ڕۆدەچن ، ئەگەرنا ئێوەش وەك ئەوانن ، بێگومان خودا هەموو دووڕووەکان وبێباوەڕەکان لە دۆزەخدا کۆ دەکاتەوە .

لەم ئایەتەدا باسی کەسێکی نەکردووە ئەگەر لە بیری چوو وبەردەوام بوو لە دانیشتن لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە ، بەڵام لە سورەتی ئەنعامدا باسی حوکمی ئەو کەسانە دەکات ودەفەرموێت : ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِۦۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝٦٨﴾(الأَنعَام) ، واتە : ئەگەر شەیتان لە بیری بردیتەوە لەگەڵیان دانیشتیت ، دوای بیرکەوتنەوەت لەگەڵ ئەو ستەم کارانەدا دامەنیشە ، القرطبی دەڵێت : ﴿إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْۗ﴾ ئەمە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە واجبە موسڵمان لە خاوەن تاوان تاوان دوور بکەوێتەوە ، ئەگەر تاوانی لێدەرکەوت ، چونکە ئەگەر هەرکەسێك لێیان دوور نەکەوێتەوە بەکردارەکانیان ڕازییە ، ورازی بوون بە کوفریش کوفرە ، هەرکەسێك لە کۆڕێکدا دابنیشێت وتاوانی تێدا ئەنجام بدرێت ونکولییان لێنەکات ، لەگەڵیان لەو تاوانە یەکسانە ، بۆیە پێویستە نکولییان لێ بکات ئەگەر تاوانیان ئەنجامدا ، ئەگەر نەیتوانی نکولییان لێ بکات پێویستە ئەو کۆڕ ودانیشتنە بەجێ بهێڵێت بۆ ئەوەی لەو کەسانە نەبێت کە ئەم ئایەتە باسیان دەکات ، پاشان دەڵێت : ئەگەر ئەوە سەلما کە واجبە موسڵمان لە خاوەن تاوانەکان دوور بکەوێتەوە ، ئەوا دوورکەوتنەوە لە خاوەن بیدعە وحەز وئارەزووەکان لە پێش ترە ؛ ئەحمەد والترمذی والنسائی لە جابری کوڕی عبداللەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەر

کەسێك باوەڕی بە خودا ورۆژی دوایی هەیە با لەسەر خوانێك دانەنیشێت کە مەی لەسەر دەخورێتەوە ؛ وشەوکانی دەڵێت : ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە پێویستە موسڵمان دوور بکەوێتەوە لە هەموو دانیشتنێك کە تیایدا خاوەنەکانی ڕۆدەچن لە سوکایەتی وگاڵتەکردن بە بەڵگە شەرعییەکان ، وەك چۆن ئەو کەسانەی دیلی لاسایی کردنەوەن وبۆچوونی کەسەکانیان گۆڕیوەتەوە بە بەڵگەکانی قورئان وسوننەت ، وهیچیان بە دەستەوە نەماوە جگە لەوەی فلاّن ئیمام وا دەڵێت ، یان فلاّنە شوێنکەوتە وادەڵێت ، وئەگەر ببیستن کە کەسێك ئایەتێکی قورئان یان فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودا ﷺ دەکاتە بەڵگە لەسەر ئەو پرسە ، گاڵتەی پێدەکەن وئەوەی دەیلێت لای لێناکەنەوە وهیچ گرنگی پێنادەن ، وای وێنا دەکەن کە کردەوەیەکی نەشیاو وزۆر خراپ وگەورەی ئەنجامداوە ، چونکە پێچەوانەی ئیمامی مەزهەبەکەیانی کردووە ، کە بردوویانەتە پلەوپایەی پێغەمبەران کە شەریعەت فێری خەڵك دەکەن ، بەڵکو ڕۆچوون تیایدا وئەوەی کە گوتویەتی ئەگەرچی لە ڕاستیش لایدا بێت ، پێش خودا وکتێبەکەی وپێغەمبەرەکەی ﷺ دەخەن ، ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ﴾ ، ئەم مەزهەبانە چی کردووە بە شوێنکەوتەکانی ؟! وئەو پێشەوایانەی ئەو کەسە لاسایکەرەوانە خۆیان دەدەنە پاڵیان بەرین لەو کردارانەیان ، چونکە ئەوان بە ڕاشکاوی لە نوسراوەکانیاندا یاساغی لاساییکردنەوەیان کردووە .

﴿ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإِن كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِّنَ ٱللَّهِ قَالُوٓاْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ وَإِن كَانَ لِلْكَٰفِرِينَ نَصِيبٌ قَالُوٓاْ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ وَلَن يَجْعَلَ ٱللَّهُ لِلْكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا ﴿١٤١﴾﴾ ئەو

ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإِن كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِّنَ ٱللَّهِ قَالُوٓا۟
أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ وَإِن كَانَ لِلْكَٰفِرِينَ نَصِيبٌ قَالُوٓا۟
أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ
بَيْنَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ وَلَن يَجْعَلَ ٱللَّهُ لِلْكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ
سَبِيلًا ﴿١٤١﴾ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ وَإِذَا
قَامُوٓا۟ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُوا۟ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ
ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٤٢﴾ مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَٰلِكَ لَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ وَلَآ إِلَىٰ
هَٰٓؤُلَآءِ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلًا ﴿١٤٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ
أَتُرِيدُونَ أَن تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا مُّبِينًا ﴿١٤٤﴾ إِنَّ
ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا
﴿١٤٥﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ وَأَصْلَحُوا۟ وَٱعْتَصَمُوا۟ بِٱللَّهِ وَأَخْلَصُوا۟
دِينَهُمْ لِلَّهِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَعَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَسَوْفَ يُؤْتِ ٱللَّهُ
ٱلْمُؤْمِنِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١٤٦﴾ مَّا يَفْعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمْ
إِن شَكَرْتُمْ وَءَامَنتُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا ﴿١٤٧﴾

دووڕووانەی کە لە مەلاسدان وبۆ دەرفەتێك دەگەڕێن ، ئەگەر سەرکەوتنێکتان لە لایەن خوداوە بەنسیب بێت ، دەڵێن : مەگەر ئێمە لەگەڵتان نەبووین ؟ وئەگەر بێباوەڕانیش شتێك بە دەستکەوت لە ئێوە بگرن ، دەڵێن : ئایا ئێمە بالادەست وزاڵ نەبووین بەسەرتاندا ونەبووینە قەڵغان وئێوەمان نەپاراست لە باوەڕداران ؟ خودا دادوەری دەکات لە نێوانتاندا لە ڕۆژی قیامەتدا ، خودا ڕێگا نادات بێباوەڕان زاڵبن بەسەر باوەڕداراندا وزەبوون وسەرکزیان بکەن وبەیەکجاری ڕیشە کێشیان بکەن .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە دووڕووەکان هەموو خەمیان بۆ بە دەست هێنانی دونیایە وباوەڕ هیچ گرنگییەکی نییە بەلایانەوە ، بۆیە دەبینی سەرکەوتن ودەستکەوتی دونیا لای کێ بێت ئەوان لەوێن ، ﴿وَلَن يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لِلۡكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ سَبِيلًا﴾ زانایان چەند لێکدانەوەیەکیان بۆ کردووە ، هەندێکیان دەڵێن : مەبەست ئەوەیە لە دونیادا خودا بێباوەڕان زاڵ ناکات بەسەر موسڵماناندا کە بە یەکجاری لە ناویان بەن وتەفروتونایان بکەن ، وبەڵگەش بەو فەرموودەیە دەهێننەوە کە مسلم لە ثەوبانەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : داوام لە خودا کرد وبۆ

ئوممەتەکەم پاڕامەوە بە قاتوقڕییەکی گشتی لە ناویان نەبات ، ودوژمنێکیان جگە لە خۆیان بەسەردا زاڵ نەکات ، کە تەفروتونایان بکات ولە ناویان ببات ، وپەروەردگارم لە وەڵامدا فەرمووی : ئەی محمد ﷺ من بڕیارم داوە وهیچ شتێك ناتوانێت ڕێگری لێ بکات ، ومن پێم بەخشیت بۆ ئوممەتەکەت : کە بە قاتوقڕییەکی گشتی لە ناویان نەبەم ، ودوژمنێکی جگە لە خۆیان بەسەریاندا زاڵ نەکەم کە تەفروتونایان بکات ولە ناویان ببات ، ئەگەر هەموو ئەوەی لەسەر زەویشە لە دژیان کۆ ببێتەوە ؛ وهەندێکیان دەڵێن : مەبەست لە قیامەتە ، الطبری والحاکم لە یوسەیعی کندییەوە ڕیوایەتیان کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێك هات بۆ لای عەلی کوڕی ئەبوتالب رضي الله عنه ، گوتی : مانای ئەم ئایەتە چییە : ﴿وَلَن يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لِلۡكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ سَبِيلًا﴾ ؟ عەلی رضي الله عنه گوتی : نزیك بەرەوە ، نزیك بەرەوە ، لە ڕۆژی قیامەتدا ، خودا ڕێگا نادات بە بێباوەڕان کە زاڵبن بەسەر باوەڕداراندا ؛ وهەندێك دەڵێن : بەڵگە وقسەی بێباوەڕان زاڵ نابێت بەسەر موسڵماناندا .

﴿إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمۡ وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٤٢﴾﴾ بێگومان ئەو دووڕووانە دەیانەوێت فێڵ لە خودا بکەن ، بەڵام خودا فێڵی لەوان کردووە ، وئەگەر هەستن بۆ ئەنجامدانی نوێژ تەمبەڵ وتەوەزلن ، بۆ مەرایی وبەرچاوی خەڵك ئەنجامی دەدەن ، ویادی خودا ناکەن بە کەمی نەبێت .

ئەم ئایەتە دەرخەری حاڵی دووڕووەکانە کە دەیانەوێت فێڵ لە خودا جل جلاله بکەن وباوەڕداران فریو بدەن بەوەی کە لەگەڵیاندا نوێژ دەکەن وخۆیان واپیشان دەدەن کە

موسڵمانن ، بەڵام لە ڕاستیدا خودا فێڵی لەوان کردووە ، بەوەی کە مۆڵەتیان دەدات لەسەر ئەو گومڕاییە بەردەوامبن ، تا سەرئەنجام خۆیان لە دۆزەخدا دەبیننەوە ، وپێویستە کردەوەکان بەنیاز پاکییەوە تەنها لەبەر خودا ئەنجام بدرێت ومەبەست ڕووپامایی وبەرچاوی خەڵك نەبێت ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا ﷻ دەفەرموێت : من دەوڵەمەندم وپێویستم بە هاوبەش نییە ، هەرکەسێك کردەوەیەك ئەنجام بدات وکەسێك بکاتە هاوبەشم ، خۆی وئەوەی کردوویەتی بە هاوبەشم واز لێدەهێنم وکردەوەکەی لێ وەرناگرم ؛ وپێویستە موسڵمان کەمتەرخەم وتەمبەڵ نەبێت لە ئەنجامدانی کردەوەکانی کە پێویستن لەسەری بە تایبەت نوێژەکان ، بۆ ئەوەی هاوشێوەی دووڕووەکان نەبێت لەو سیفاتەدا ، مسلم لە ئەنەسەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەو نوێژە نوێژی دووڕووەکانە کە خاوەنەکەی دادەنیشێت چاودێری خۆر دەکات ، هەتاکو دەچێتە نێوان دوو شاخی شەیتانەوە ولە ئاوابون نزیك دەبێتەوە ، هەڵدەستێت بە پەلە چوار ڕکات وەك دەنووك لە زەویدان ئەنجام دەدات ، ویادی خودای تیادا ناکات بەکەمی نەبێت ؛ ئیبن عثیمین دەڵێت : ﴿وَهُوَ خَٰدِعُهُمۡ﴾ ، واتە : خودا لە بەرامبەر فێڵەکەیان بە فێڵێك لای خۆیەوە فێڵیان لێ دەکات ، ئەو فێڵ لێکردنەیان چۆنە ؟ ئەوەیە مۆڵەتیان دەدات کە بەردەوامبن لەسەر بێباوەڕییان لەگەڵ شەیتانەکان ، هەتاکو سەرئەنجام بە خراپە سەردەنێنەوە .

﴿مُّذَبۡذَبِينَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ لَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ وَلَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِۚ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلٗا ١٤٣﴾ ڕاڕان ولەو نێوەندەدا تەراتێن دەکەن نە بەتەواوی لەگەڵ بێباوەڕانن ، ونە

لەگەڵ موسڵمانانن ، لە ناخدا بێباوەڕن ولە ڕەواڵەتدا موسڵمانن ، وهەرکەسێك خودا گومڕای بکات هیچ ڕێگا چارەیەك نادۆزیتەوە بۆ هیدات وڕێنمایی کردنی .

ئەم ئایەتە وانەی ئەوەی تێدایە کە موسڵمان نابێت ڕاڕا بێت ولەسەر ئەو ڕاستی وئاین ومەنهەجەی کە لە سەرییەتی خۆی ساغ نەکاتەوە ، بەڵکو دەبێت دڵنیا ودامەزراو بێت وهەوڵی فێربوونی زیاتری زانستی شەرعی بدات ، چونکە بێ گومان ئەو کەسانەی کە دوورن لە ڕاڕای ودانەمەزران وپەتپەتێن ئەو کەسانەن کە زیاتر زانستی شەرعی دەزانن ، مسلم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نموونەی دووڕوو وەك مەڕێکی وێڵ وسەرگەردانە لە نێوان دووگەلە مەڕدا ، جارێك تێکەڵی گەلێکیان دەبێت ، وجارێك دەچێت بۆ لای گەلەکەی تر ، نازانێت شوێن کامیان بکەوێت .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْكَـٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ أَتُرِيدُونَ أَن تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَـٰنًا مُّبِينًا ﴿١٤٤﴾﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە بێباوەڕان بە دۆست وپشتیوان هەڵمەبژێرن جگە لە باوەڕداران ، ئایا دەتانەوێن بەڵگەیەکی ئاشکرا لەسەر خۆتان ساغ بکەنەوە بۆ ئەوەی خودا بە هۆیەوە سزاتان بدات ؟ .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە حەرامە کەسێك دۆستایەتی ویار ویاوەری بێباوەڕان بکات ، وبەپێچەوانەوە بێت لەگەڵ باوەڕداران ، هەرکەسێك لەبەر هەر هۆکارێك بەو کارە هەستێت ، ئەوا بەڵگەی لەسەر خۆی ساغ کردووەتەوە وهیچ بیانوویەکی لای خودا نییە کە سزای نەدات لەسەر ئەو کردارەی ، چونکە خودا سبحانه وتعالى ئەوەی یاساغ کردووە وئاگاداری کردوونەتەوە ، وبەڵگەیە لەسەر کاملی دادگەری خودای پەروەردگار کە کەس سزا نادات

پێش ئەوەی بەڵگەی بەسەردا ساغ بکاتەوە ، وهەرکەس تاوانکار بێت وسنورەکانی خودا ﷻ ببەزێنێت بیانووی بۆ خۆی نەهێشتووەتەوە لای خودا بۆ ئەوەی سزای نەدات .

﴿إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ فِي ٱلدَّرۡكِ ٱلۡأَسۡفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمۡ نَصِيرًا ١٤٥﴾ بێگومان دووڕووەکان لە چینی خوارەوەی ئاگری دۆزەخدان ، وهیچ فریادڕەس وپشتیوانێك نادۆزیتەوە لەو حاڵە ڕزگاریان بکات .

ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە دووڕووەکان سزایەکی زۆر سەخت دەدرێن ، ئەگەرچی ئاگر هەمووی سوتێنەرە بەڵام بێگومان قوڵاییەکەی گڕوتینی زیاترە وگەرمییەکەی تاقەت پڕوکێنە ، وسزای دۆزەخ هەمووی یەك چەشن وئاست نییە ، ئایا بۆچی دووڕووەکان سزایان لە بێباوەڕان سەخترە ؟ چونکە لەگەڵ ئەوەی کە هاوتای بێباوەڕانن لە کوفردا ، کوفرێکی زیاتریان لە بێباوەڕان تێدایە ئەویش سووکایەتی وگاڵتەکردنە بە موسڵمانان بەوەی خۆیان بە موسڵمان پیشان دەدەن ولە ناخەوە بێباوەڕن ،الآلوسی دەڵێت : ﴿ٱلدَّرۡكِ﴾ وەك پەیژەیە بەڵام بۆ خوارەوە ، (الدرج) پلەیە بۆ سەرەوە.

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَٱعۡتَصَمُواْ بِٱللَّهِ وَأَخۡلَصُواْ دِينَهُمۡ لِلَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَسَوۡفَ يُؤۡتِ ٱللَّهُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَجۡرًا عَظِيمٗا ١٤٦﴾ جگە لەوانەی تەوبەیان کرد وکاری باشیان ئەنجامدا وپشتیان بە خودا بەست وبە نیازپاکییەوە ئاینداریان کرد بۆ خودا ، ئەوانە لەگەڵ باوەڕدارانن ، ولە ئایندەدا خودا پاداشتێکی زۆر گەورە بە باوەڕداران دەبەخشێت لە بەهەشتدا .

ئیبن عثیمین دەڵێت : کەسی دووڕوو ناگاتە پلەی باوەڕدار بەم چوار مەرجە نەبێت ، یەکەم : تەوبەکردن لە دووڕوویی ، دووەم : چاکەکاری وچاك کردنی ئەوەی تێکیداوە ، سێیەم : پشت بەستن بە خودا ، چوارەم : نیازپاکی ، وبەڵگەی ئەوەشی تێدایە ، ئەوکەسەی کارێکی خراپی کردووە دەبێت بەرامبەر ئەوە کردەوەی باش بکات ، وتەنها تەوبەکردن بەس نییە ، بەڵکو دەبێت ئەوەی بە هۆی کردەوەکانییەوە خراپ بووە چاکی بکاتەوە ، لەبەر ئەوە هەندێك لە زانایان دەڵێن : بیدعەکار تەوبەی بۆ نییە ، بۆچی ؟ چونکە خەڵکانێکی زۆری گومڕا کردووە کە شوێن بیدعەکەی کەوتوون ، بەڵام ئەوەی کە پەسەندە دەتوانێت تەوبە بکات ، وچاك کردنی ئەوەی خراپی کردووە بەوە دەبێت بە ئاشکرا ئەو خراپەی کە لەسەری بووە وپەشیمان بووەتەوە ڕایبگەیەنێت ، وبانگەوازی خەڵك بکات بۆ چاکە ، لەبەر ئەوە دەڵێن : ئەبوحەسەنی ئەشعەری کاتێك تەوبەی کرد لە مەزهەبی موعتەزیلەکان وپەشیمان بوویەوە ڕۆژی هەینی هەستا وعەمامەکەی لەسەری داکەند گوتی : هەرکەس نامناسێت من فلان کەسم ، پاشان ڕاشکاوانە گوتی : من پەشیمان بوومەتەوە لە ئیعتزال ، وڕەتی دەدانەوە ، هاوشێوەی ئەم کەسە کە موعتەزیلە بووە تەوبەکەی وەردەگیرێت چونکە ئەوەی کە تێکی دابوو چاکی کردەوە .

﴿مَّا يَفۡعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمۡ إِن شَكَرۡتُمۡ وَءَامَنتُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمٗا ١٤٧﴾ خودا چ کاری بە سزادانی ئێوە هەیە ؟ ئەگەر سوپاسگوزار بن وباوەڕ بهێنن ، وخودا سوپاسگوزارە وزانایە بەکردەوەی بەندەکانی .

خودا سزای کەسێك نادات کە شایستەی سزادان نەبێت ، وخودا کاری بە سزادانی بەندەکانی نییە ئەگەر سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی بکەن وباوەڕی پێبهێنن ، ولە پاداشتی ئەو سوپاس گوزاری وباوەڕەیان خوداش سوپاسیان دەکات وبە باشترین شێوە پاداشتیان دەداتەوە ، وئەم ئایەتە بەڵگەیە کە ئەم دووناوە : ﴿شَاكِرًا عَلِيمٗا﴾ لە ناوە پیرۆزەکانی خودان ﷻ .